

ئاسیاسێڵ
کۆماندەکاتەوە
www.asiacell.com
خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١

## رژێمی بووکەشووشە
ل٥

# ڕۆژنامە
www.rozhname.com
رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 534 دووشەممە 17/ 8/ 2009 — نرخ 500 دینار — No.534 Mon 17/ 8/ 2009

# بەغدا لێکۆڵینەوە لە راپرسییەکی کوردستانیبوونی کەرکوک دەکات


فۆتۆ: کۆچەر کەرکوکی

**ئارام جەمال**

حکومەتی بەغدا لێکۆڵینەوە لەو فەرمانبەرانە دەکات کە فۆرمی راپرسییان بۆ کوردستانیبوونی کەرکوک لەناو فەرمانگە حکومییەکاندا دابەشکردووە، لەو میانەیەشدا چەند فەرمانبەرێکی پلەداری سەر بە فەرمانگەکانی وەزارەتی شارەوانی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرا.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ئیدارەی کەرکوک بە رۆژنامەی راگەیاند: «وەزارەتە جیاوازەکانی سەر بە حکومەتی ناوەندی بەغدا بەنیازن لێکۆڵینەوە لەگەڵ سەرجەم ئەو فەرمانبەرو بەڕێوەبەرە گشتییانەدا ئەنجامبدەن کە تۆمەتبارن بە پڕکردنەوەی فۆرمی راپرسیی لەسەر کوردستانییەتی کەرکوک لەناو فەرمانگە حکومییەکانی شاری کەرکوکدا». وتیشی: «بۆ ئەو مەبەستە رۆژی پێنجشەممەی رابردوو لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە وەزارەتی شارەوانی عێراقەوە هاتووەو لێکۆڵینەوەی لەگەڵ (١٠) فەرمانبەری پلەداردا کردووەو چاوەڕوانیشدەکرێت لێکۆڵینەوەکان لەگەڵ فەرمانبەرو بەڕێوەبەری گشتیی هەموو ئەو فەرمانگانەدا بکرێت، کە سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە بەوەی بەو کارە هەڵساون».

هاوکات یەکێک لەو فەرمانبەرانەی سەر بە بەڕێوەبەرێتی شارەوانیی کەرکوک کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کراوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «لیژنەکە پێیانراگەیاندین کە سکاڵامان لەسەر تۆمارکراوە، بەوەی هەڵساوین بە پڕکردنەوەی فۆرمی راپرسیی کوردستانییەتی کەرکوک لەناو فەرمانگەی شارەوانیدا، بۆ ئەو مەبەستە ئیفادەمان لێ وەرگیراوەو چاوەڕوانی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەکەین».

وتیشی: «لیژنەکە پێیانراگەیاندووین ئەگەر بەو کارەش هەڵسابن نابێت بۆ جارێکی دیکە دووبارەی بکەنەوە، چونکە هەرکارێکی سیاسییو حیزبی لەناو فەرمانگەی حکومەتدا نایاساییەو سەرپێچیکار سزا دەدرێت».

ئەوەشی روونکردەوە، کە ئەو فەرمانبەرانەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوە چواریان عەرەبو تورکمان بوون.

لە مانگی ئازاری ئەمساڵدا ژمارەیەک رێکخراوی سەر بە رێکخراوە دیموکراتیو جەماوەرییەکانی پارتە کوردییەکان، فۆرمێکی راپرسییان لەبارەی کوردستانیبوون یان نەبوونی شاری کەرکوک بڵاوکردەوە، لەوکاتەشدا ئەو هەوڵە بووە مایەی نیگەرانیی عەرەبو تورکمانەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکو پەرلەمانی عێراق، بەوهۆیەوە چەندین سکاڵاو نارەزایی لەلایەن ئەو دوو نەتەوەیەوە بەرزکرانەوە بۆ حکومەتو وەزارەتە جیاوازەکان، تاکو ئەو هەوڵە رابگیرێت.

## کوردە فەیلییەکان (کۆتا)یان دەوێت

**رۆژنامە**

کوردەفەیلییەکان دەیانەوێت لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا پشکیان هەبێتو داوادەکەن (کۆتا)یان هەبێت، ئەوەش دوای ئەوەی رۆژی هەینی رابردوو کۆنگرەیەکیان لە شاری بەغدا ئەنجامدا.

لە کۆنگرەکەدا عەممار حەکیم ئەندامی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی داوای لە کوردە فەیلییەکان کردووە بچنەپاڵ ئەو ئیئتیلافە نوێیەی کە بڕیارە لە (٢٤)ی ئەم مانگەدا رابگەیەنرێت لەبەرامبەریشدا، وەزیری کۆچو کۆچبەرانی عێراقیش داوایکرد؛ گرنگی زیاتر بە رۆڵی کوردە فەیلییەکان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقو دروستکردنی بڕیاردا بدرێتو ژمارەیەکی زیاتریش کورسییان لە پەرلەماندا بۆ دابین بکرێت بەپێی سیستمی کۆتا.

کوردۆ قاسم، بەپرسی پێشووی پەیوەندییە نیشتمانییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە گرنگی ئەو کۆنگرەیەو پێکهێنانی هەر ئیئتیلافێکی بۆ کوردە فەیلییەکان، کە مکردەوەو بە رۆژنامەی وت: «کۆنگرەکە لە کۆمەڵێک کەسانی سەر بە دەسەڵات پێکهاتووەو هێندە قورسایی کەسایەتیان نییەو ژمارەی فەیلییەکان لە بەغدا کەمەو لە دەرەوەی ئەورووپاو ئێران زۆرن، بۆیە کاریگەرییان نابێت».

**وردەکاریی لە ل٣دایە**

## ئەمڕۆ کۆمسیۆن ئەنجامی تانەکان رادەگەیەنێت

**هەستیار قادر**

بڕیارە ئەمڕۆ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەرئەنجامی تانەکان رابگەیەنێتو ئەندامێکی لیژنەی یاسایی خولی دووەمی پەرلەمانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە وادەی دانیشتنی پەرلەمانی نوێو سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم لە دوای راستاندنی دەرئەنجامەکانەوە دەستپێدەکات.

سەردار عەبدولکەریم ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بە رۆژنامەی راگەیاند «ئەگەر زۆرە ئەمڕۆ لە رێگەی بەیاننامەیەکی رەسمیەوە کۆمسیۆن دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەی دادگای پێداچوونەوەی هەرێم رابگەیەنێت لەسەر ئەو تانانەی سەبارەت بە دەرئەنجامی راگەیەندراوی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێم لە کۆمسیۆن دراون».

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی کۆمسیۆن ئاماژەی بەوەشدا «ئەگەر لێکۆڵینەوەکان کاریگەرییان لەسەر دەرئەنجامەکان نەبووبێت، راستەوخۆ راستاندن بۆ دەرئەنجامەکان دەکرێت، ئەگەرنا رایدەگەیەنن کە کێشەی تیایە».

هەرچەندە لە هەردوو یاسای سەرۆکایەتی هەرێمو هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیشدا ئاماژە بەوە کراوە، کە سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم دوای (٧) رۆژ لە هەڵبژاردنیەوەو دانیشتنی پەرلەمانیش لە ماوەی (١٠) رۆژ لەدوای راگەیاندنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەوە دەبێت، بەڵام بە رای تاریق جامباز، ئەندامی لیژنەی یاسایی خولی دووەمی پەرلەمان، ئەو دوو وادەیە لە دوای راستاندنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەوە لەلایەن دادگای پێداچوونەوەوە دەستپێدەکات.

## تەنیا لە ١٨ مانگدا بە بەهای ٤٦ ملیار دینار بەشەخۆراک نەگەیشتووەتە کوردستان

ل٨-٩

# زیندانییەک لە گرتنو گواستنەوەی سلێمانی لێیدەدرێتو دەبەسترێتەوە

**رۆژنامە**

لە بنکەی پۆلیسی گرتنو گواستنەوەی سلێمانی، گەنجێک لەلایەن پۆلیسەکانەوە لێیدەدرێتو بە شیشەکانی بەندیخانەدا دەبەسترێتەوە، لێپرسراوی چاودێریی بەندیخانەکانیش زانیارییەکانی رۆژنامە پشتڕاستدەکاتەوە.

(س،س،م) کە لە بنکەی پۆلیسی گرتنو گواستنەوەی سلێمانی بەندکراوە، لە بەیاننامەیەکدا ئاماژە بۆئەوەدەکات کە لە رۆژی (٢٠٠٩/٨/١٤)دا دوای ئەوەی کە «بەهۆی نەخۆشییەوە نەیتوانیوە پاشەڕۆی هۆڵەکانی بنکەکە فڕێبدات، کە لەلایەن بەڵێندەرەوە داوای لێکراوە، لەلایەن چوار پۆلیسی بنکەکەوە بەخراپی لێیدەدرێت تا بەهۆی شکانی جەستەو سەروو چاوو لوتو دەمو ددانییەوە تووشی خوێنبەربوون دەبێت، دواتریش هەڵیانواسیوە بە شیشەکانی بەندیخانەدا»، بەوهۆیەشەوە کەسوکاری بەندییەکە داوادەکەن کە لێکۆڵینەوە لەوبارەیەوە بکرێتو ئەو چوار کارمەندەی بنکەکە بدرێنە دادگاو کۆتایی بە راژەکەیان بهێنرێت.

سەبارەت بەکێشەی (س)، عەمید عەبدولرەزاق فەتاح، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی گرتنو گواستنەوەی سلێمانی بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو بەندییە ویستوویەتی لە بنکەکە هەڵبێت، بۆ ئەو مەبەستەش خۆی نەخۆش خستووە، دواتر ئامادەنەبووە کە محاجەرەکانی نزیک پزیشکەکە کە چارەسەری بۆ کردووە چۆڵبکات بەو هیوایەی رابکات، بەڵام لەلایەن پۆلیسەکانمانەوە رێگەی لێگیراوەو داوای لێکراوە کە ئەو شوێنە چۆڵبکات، بەڵام ئەو دەستی کردووەتەوەو لە دووان لە پۆلیسەکانی داوە، رەنگە پۆلیسەکانیش دەستیان لێکردبێتەوە، بەڵام من ئاگادار نیم، چونکە ئەوە لەدوای دەوامی فەرمیی بووەو من لە بنکە نەبووم.

بەڕێوەبەری بنکەکە ئاماژەی بەوەشکرد، کە راستە ئەوان جلی پۆلیسییان لەبەردایە، بەڵام خۆ ئەوانیش مرۆڤنو مافیان هەیە، وتیشی: «بەداخەوە مەکتەبەکانی مافی مرۆڤ ئەوەندە پشتی بەندییەکانیان گرتووە، وامان لێهاتووە کە ئەگەر بەندییەکان بە بەرچاویشمانەوە رابکەن نەتوانین قسە بکەین، خۆ ئێمەش مرۆڤینو مافمان هەیە، پێویستە مافی مرۆڤ پشتی ئێمەش بگرێت».

هاوکات میدیا عەبدوڵڵا، لێپرسراوی چاودێریی بەندیخانەکان لە بەڕێوەبەرێتی چاودێریی مافی مرۆڤ لە سلێمانی، زانیارییەکانی رۆژنامەی پشتڕاستکردەوەو وتی: «ئاگاداری کێشەکەی (س)نو لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکەینو دواتر ئەنجامەکەی ئاشکرا دەکەین».

# ئۆپۆزسیۆن زۆر لەسەرووی حساباتی دەسەڵاتەوە بوو

شارا عەبدولڕەحمان

ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێی هەرێمی کوردستان، دەریخست کە لایەنە دەسەڵاتبەدەستەکان بەهەڵەداچوون لە هەڵسەنگاندنی ئاستی خراپی ئەدای دەسەڵاتەکەیان‌و نارەزایی خەڵکی هەرێم لەوان. هەروەک حساباتەکانیشیان بۆ پاراستنی ئاستی جەماوەرییان‌و لەدەستنەدانی کورسیەکانیان ناواقیعیانە بووە.

پێش پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، میدیاکانی سەر بە دەسەڵات چەندین لێدوانی بەرپرسان‌و وتارو بابەتی رۆژنامەوانییان بڵاودەکردەوەو ئاماژەیان بەوە دەکرد، کە لیستی گۆڕان‌و سەرکردەکانی ئەو لیستە شکست دەهێنن‌و جەماوەریان نییە، بەڵام راگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ئەو وتانەی ئاوەژوو کردەوەو دەرکەوت ئەوان ئاستی جەماوەرییان بەشێوەیەکی بەرچاو کزبووەو لەبەرامبەریشدا ئۆپۆزسیۆن بە پێگەیەکی بەهێزو سەرەتایەکی چاوەڕواننەکراو لای دەسەڵات هاتە پێشەوە، بەوپێیەی ژمارەی کورسییەکانی لیستی دەسەڵات لە (٧٨) کورسییەوە بووە (٥٩) کورسی.

لە میانەی کەمکردنەوەی سەنگی لیستی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنەکان‌و بە مەبەستی پەشیمانکردنەوەی خەڵک لە دەنگپێدانی بەو لیستە، شێخ جەعفەر شێخ مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رایگەیاندبوو؛ هەڵبژاردن لەپێشەو دەبیبینین کە ئەوانە (لیستی گۆڕان) چۆن شکست دەهێنن‌و بەشی هەرە زۆریشیان بە پەشیمانی دەگەڕێنەوە ناو یەکێتی.

هەر لەو نێوەندەدا ئاسۆی شێخ نوری ئەندامی پێشووی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لێدوانیکیدا ئاماژەی بەوە کردبوو، «لیستی گۆڕان هەر لە ئێستاوە دۆڕاندنیان مسۆگەرە».

دەسەڵاتی کوردی بە دوودڵییەکی زۆرەوە باسیان لە سەرکەوتنی خۆیان دەکردو هەر لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە باسیان لە بردنەوەیان لە سلێمانی دەکردو لە کۆتایشدا وا دەرنەچوو.

سەرچاوەیەکی تایبەت لە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سایتی چاودێری راگەیاندبوو؛ لیستی کوردستانی بایی کلۆجێک ترسی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگای سلێمانی نییەو سەرکەوتنێکی بەرچاو لەو پارێزگایە بەدەست دێنن.

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی کە نەیویستووە ناوی لە سایتی چاودێرەوە بڵاوبکرێتەوە، ئاماژەی بەوە کردووە، کە لە سلێمانی لیستی کوردستانی بەدڵنیاییەوە لە سەرووی هەموو لیستەکانەوە دەبێت‌و خودی جەلال تاڵەبانی‌و چەندین سەرکردەی دیکەی لیستی کوردستانی لە سلێمانی بوونەتە هێز بۆ لیستەکە، کە وادەکات پلەی یەکەم بەدەستبهێنێت.

پێشتریش جەعفەر ئیبراهیم بەرپرسی ناوەندی هەڵبژاردنی پارتی رایگەیاندبوو، کە سەرکەوتنیان لە سلێمانی مسۆگەرەو وتبووشی؛ کە لیستی کوردستانی ئەگەر لە (٦٥) کورسی کەمتر بهێنێت، ئەوا ئەنجامی خراپی بەدەستهێناوە.

کەمکردنەوەی سەنگی لیستی گۆڕان لەلایەن هەوادارانی لیستەکەی یەکێتی‌و پارتی تەنیا هەر لیستەکەی نەگرتەوە، بەڵکو سەرۆکی لیستەکەشی گرتەوەو لێدوان سەبارەت بە کۆتایی ژیانی سیاسیی ئەویش دەدرا.

داود باغستانی کە بە سیفەتی «چاودێری سیاسیی» لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی کوردستان راپۆرت کە لە مانگی ئابی ئەمساڵدا بڵاوکرایەوە ئاماژەی بەوە کردبوو، کە ئەم هەڵبژاردنە کۆتایی بە ژیانی سیاسیی نەوشیروان مستەفا دێت، چونکە پێشتر ئەو دەیتوانی نیوەی ئەندامەکانی پەرلەمان بجوڵێنێت‌و خۆی خاوەنی بڕیار بوو، بەڵام ئیتر دەرفەتی ئەوەی نابێت.

دوا بەدوای کۆتاییهاتنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، دەرکەوت کە لیستی گۆڕان بە تەنیا بەقەدەر هەر یەک لە یەکێتی‌و پارتی کورسییەکانی پەرلەمانی بەدەستهێناوە، سەرجەم ئەو لێدوانانەی پێشوو چەندانی دیکەیش کە دەست رۆژنامە نەکەوتنەوە، پوچەڵ بووەوە، لەبەر ئەوە پێویستە سەرکردایەتی سیاسیی لەو خەوە قوڵە بەخەبەر بێتەوەو بزانێت، کە سەرکەوتنی لیستی گۆڕان بووەتە ئەمری واقیع‌و ئەوەی کە ئەو لیستە لە ماوەی تەنیا (٩٠) رۆژدا بەدەستی هێناوە، هێندەی مێژووی هەریەک لەو دوو زلهێزەی کوردستانە.

> **جەعفەر ئیبراهیم بەرپرسی ناوەندی هەڵبژاردنی پارتی:**
> **ئەگەر لیستی کوردستانی لە (٦٥) کورسی کەمتر بهێنێت،**
> **ئەوا ئەنجامی خراپی بەدەستهێناوە**

# نائارامیی بازاڕی کەرکوک ستدەکات



کەی بەربەستەکان دەشکێنرێن؟ فۆتۆ: ئارام جەمال

ئارام جەمال

لەگەڵ پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکادا لە ناوەندی شارەکانی عێراق لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا، رەوشی ئەمنیی شارەکانی عێراق بەرەو خراپی رۆیشتوون‌و شاری کەرکوکیش کە لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا تاڕادەیەک رەوشی ئەمنیی جێگیربووبوو، لەماوەی ئەم دوومانگەی کۆتاییدا رەوشەکەی بەشێوەیەکی مەترسیدار پاشەکشەی کردووە، بە جۆرێک کە تەنیا لە ماوەی دوومانگی رابردوودا بەهۆی کردەوە توندوتیژییەکانەوە زیاتر لە (٥٠٠) هاوڵاتی کوژراون‌و برینداربوون، لە بەرامبەر ئەم پاشەکشە ئەمنیەدا جارێکی دیکە هێزە ئەمنییەکانی کەرکوک پەنایان بردەوە بەر کۆنکرێت‌و بەربەستەکان‌و جارێکی دیکە زۆربەی بازاڕو شەقام‌و شوێنە گشتییەکان بەو ئامرازانە تەنران، لەگەڵ ئەوەی ئێستا هاوڵاتییانی شاری کەرکوک لە دۆخێکی دڵەڕاوکێ‌و نالەباردا دەژین، ئاماژەش بۆ ئەوەدەکەن کە داخستنی شەقام‌و بازاڕەکان کاریگەریی خراپی لەسەر بژێویی ژیانیان دروستکردووەو بێ پلانی ئیدارەو دەزگا ئەمنییەکانیش نیگەرانیکردوون.

سەڵاح حسێن عەلی، تەمەن (٤٥) ساڵ کە شۆفێری تەکسیە بە رۆژنامەی وت: «داخستنی بازاڕەکان کاریگەریی خراپی لەسەر تێکڕای خەڵکی شارەکە دروستکردووە، سەرجەم بازاڕەکانی شارەکە داخراون‌و رێگە بە هاتوچۆی ئۆتۆمبێل نادرێت، ئەمەش بە پلەی یەک کاریگەریی لەسەر شۆفێری تەکسیەکان دروستکردووە، چونکە ئەو بازاڕانە شوێنی پەیداکردنی داهاتی ئێمەن». سەڵاح وتیشی: «زۆرجار لەگەڵ ئەو نەفەرانەی لەگەڵمان سەردەکەون تووشی کێشە دەبین، ئەوان دەیانەوێت لە شوێنی کارەکانیان نزیکیان بکەینەوە، بەڵام رێگەکان داخراون‌و ئێمە ناتوانین بیانگەیەنین».

محەمەد عومەر، تەمەن (٢٢) ساڵ، فرۆشیاری جلوبەرگ لە شەقامی کۆماریی، بە رۆژنامەی وت: «هەرچەندە داخستنی بازاڕەکان لە هاتوچۆی ئۆتۆمبێل زیانی بە کارەکانمان گەیاندووە، بەڵام تاڕادەیەکی باشیش کردەوە تیرۆریستییەکان کەمدەکاتەوە، بەڵام بەگشتیی فرۆشمان زۆر دابەزیووەو خەڵکیش وەک جاران روو لە بازار ناکەن بەهۆی مەترسییان لە کردەوە تیرۆریستییەکان».

ئازاد محێدین، تەمەن (٤١) ساڵ کە خاوەنی دووکانێکی فرۆشتنی جۆرەکانی پێڵاوە لە بازاڕی کۆماریی، پێیوایە کردەوە تیرۆریستییەکان تەنیا بە داخستنی بازاڕەکان کۆتاییان نایەت، بە رۆژنامەی وت: «ئەگەر تیرۆریستان بیانەوێت تەقینەوە ئەنجامبدەن لەوە ناگەڕێنەوە کە بازاڕەکان هاتوچۆی ئۆتۆمبێلیان ئێستا قەدەغەکراوە، بەپێچەوانەوە ئەمە ئەنجامی بێ پلانی حکومەت‌و دەزگا ئەمنیەکانە کە هیچ پیلانێکیان بۆ بازاڕەکان نییەو هاوکاری دوکاندارو فرۆشیارەکان ناکەن، کە بۆ نموونە لەبەردەم هەر دووکانێکدا چەندین دەستگێڕو عەرەبانە دەوەستن‌و شتی جۆراوجۆر دەفرۆشن، ئەمەش وایکردووە دووکاندارەکان ئاگایان لەبەر دووکانەکانیان نەبێت کە کێ دەوەستێت».

ئازاد هۆکارێکی دیکەی کردەوە تیرۆریستییەکان بۆ بێ ئینتیمایی دەگەڕێنێتەوەو دەڵێت: «هەموومان داچۆڕاوین لە ئینتیماو خۆشەویستیمان بۆ شارو وڵاتەکەمان، هەرکەس دەتوانێت چاودێریی دەورووبەری خۆی بکات، بەڵام ئەو هۆشیاریی‌و ئینتیمایە ئێستا لەلامان بوونی نییە».

ئەحمەد مامەند، تەمەن (٤٩) ساڵ، شۆفێری تەکسیە، ئەو لەبارەی داخستنی بازاڕەکانەوە دەڵێت: «خراپبوونی رەوشی ئەمنیی‌و داخستنی بازاڕەکان شۆفێرانی تەکسی‌و کاسبکارانیشی دووچاری کاریگەریی خراپ‌و زیانپێگەیاندن کردووە، ناتوانی لە هیچ شوێنێک بووەستیت نەفەر هەڵبگریت، یان زۆرجار نەخۆش دەهێنیت ناتوانیت بیگەیەنیتە شوێنی خۆی، راستە ئەم رێوشوێنانە بۆ پاراستنی ژیانی خەڵکە، بەڵام ژیانی تێکداوەو خەڵک ناتوانێت بژێویی ژیانی وەک جاران پەیدابکات». زیاتر وتی: «لە بەرامبەر داخستنی بازاڕەکاندا پێویستە حکومەت بەدیلی هەبێت‌و پلانی ئەمنیی تۆکمە دابڕێژێت، خۆناکرێت هەتا هەتایە ژیان بەمجۆرە بڕوات».

# کوردە فەیلییەکانیش (کۆتا)یان دەوێت

ستارە عارف

رۆژی هەینی رابردوو، کوردە فەیلییەکان کۆنگرەیەکیان بە مەبەستی راگەیاندنی هاوپەیمانێتییەک بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا بەست‌و سەرجەم قەوارەو ئەو رێکخراوانەی کە نوێنەرایەتی کوردە فەیلییەکان دەکەن کوتلەیەکی نوێیان پێکهێناوە، بە سەرۆکایەتی شێخ محەمەد سەعید نەعمانی، وەک ئامادەکارییەک بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی عێراق.

لە کۆنگرەکەدا عەممار حەکیم ئەندامی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی داوای لە کوردە فەیلییەکان کردووە بچنەپاڵ ئەو ئیئتیلافە نوێیەی کە بڕیارە لە (٢٤)ی ئەم مانگەدا رابگەیەنرێت‌و لە بەرامبەردا، وەزیری کۆچ‌و کۆچبەرانی عێراقیش داوایکرد؛ گرنگی زیاتر بە رۆڵی کوردە فەیلییەکان لە پرۆسەی سیاسیی عێراق‌و دروستکردنی بڕیاردا بدرێت‌و ژمارەیەکی زیاتریش کورسییان لە پەرلەماندا بۆ دابین بکرێت بەپێی سیستمی کۆتا.

کوردۆ قاسم، بەپرسی پێشووی پەیوەندییە نیشتمانییەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، لە گرنگی ئەو کۆنگرەیەو پێکهێنانی هەر ئیئتیلافێکی بۆ کوردە فەیلییەکان، کەمکردەوەو بە رۆژنامەی وت: «کۆنگرەکە لە کۆمەڵێک کەسانی سەر بە دەسەڵات پێکهاتووەو هێندە قورسایی کەسایەتیان نییەو ژمارەی فەیلییەکان لە بەغدا کەمن‌و لە دەرەوەی ئەورووپاو ئێران زۆرن، بۆیە کاریگەرییان نابێت، لە عێراق شیعەکان دەیانەوێت فەیلییەکان بە کوردی شیعە لە قەڵەمبدەن بۆئەوەی لە کاتی هەڵبژاردندا دەنگیان پێ بهێنن‌و لەلایەکی دیکەوە لە هەرێمیش بەهەمانشێوەو لەپێناو دەنگی خۆیاندا کاریان لەسەر دەکەن».

لە کۆنگرەکەدا جگە لە هەڵبژاردنی سەرۆکێک بۆ هاوپەیمانێتی (کۆنگرەی نیشتمانیی گشتیی بۆ کوردە فەیلییەکان) گفتوگۆ کرا لەسەر وەرگرتنەوەی رەگەزنامەی عێراقی، کە لە سەردەمی رژێمی پێشووەوە لێیان وەرگیراوەتەوەو ئاوارەی ئێران کراون.

سەڵاح شەمشیر رێکخەری هەرێم لە وەزارەتی گواستنەوە، کە کەسایەتییەکی کوردی فەیلییە بە رۆژنامەی راگەیاند: تەوەرێکی دیکەی کۆنگرەکە قسەکردن بوو لەسەر مافی رەگەزنامەو نیشتەجێبوون، کە تا ئێستا لە عێراق‌و هەرێمیشدا زۆربەی کوردە فەیلییەکان رەگەزنامەیان نییە، بێجگە لەوانەی کە لە سەردەمی سەدامدا راگوێزراون‌و ژمارەیەکی زۆریان روویانکردووەتە ئێران‌و ئەورووپا ئێستاش کە دەگەڕێنەوە رەگەزنامەیان پێنادرێت.

وتیشی: «ئێمە پابەندی مەزهەب‌و ئایین نین، هەرچەندە لە عێراقدا وەک مەزهەب مامەڵەمان لەگەڵدا دەکەن، بەڵکو بۆ ئێمە کوردبوونمان وەک کوردی فەیلی لە پێشترە، ئێمە بڕوامان بەوە هەیە، کە سەر بە هەر دین‌و مەزهەبێک بین لە ئەنجامدا کوردین».

شەمشیر، پێی باش نەبوو وەک توێژێک مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، چونکە فەیلی بە تەنیا مانای نییەو خۆیان بە بەشێک لە هەرێمی کوردستان‌و بە نەتەوەی کورد دەزانن، ئەو مامەڵەیەی کە ئەوان وەک توێژێکی مەزهەبی دەبینێت پەسەندی ناکەن، وتیشی: «ئێمە خۆمان بە مادەی (١٤٠)ەوە نابەستینەوە کە بە ناوچەی دەرەوەی هەرێم ناومان دەبەن، بەڵکو بەشێکین لە هەموو کورد». ئەوەشی نەشاردەوە کە شیعەکان وەک مەزهەب لێیان نزیکدەبنەوە، بەم هۆیەوە دەیانەوێت لەگەڵ ئەواندا ئیئتیلاف بکەن، بەڵام هێشتا ئەوان دەیانەوێت لە هەڵبژاردندا سەربەخۆبن.

داواشی لە حکومەتی هەرێم کرد، کوردە فەیلییەکان بەلای خۆیاندا رابکێشن بۆ ئەوەی لایەنە عەرەبییەکان بەلای خۆیاندا رایاننەکێشن.

لە ئێستادا نزیکەی (١) ملیۆن کوردی فەیلی لە بەغدا نیشتەجێن‌و لە ساڵی (١٩٨٠)دا رژێم نزیکەی (١٠٦)هەزار کوردی فەیلی بۆ ئێران راگواست‌و ژمارەیەکیشیان لە خانەقین‌و شارەکانی دیکەوە بۆ بەغدا راگواست‌و ناوی عەشیرەتە کوردییەکانیان کرد بە عەرەبی‌و لە سەردەمی رژێمدا نزیکەی (١٦)هەزار کوردی فەیلی بێسەروشوێن کراون‌و تائێستا چارەنووسیان دیارنییەو ئەوانەشی کە لە ئێرانەوە گەڕاونەتەوە بێ رەگەزنامەن، دوای گەڕانەوەشیان بۆ عێراق، (١٨٠٠) کەسیان رەگەزنامەیان لە هەرێم وەرگرتووە.

# هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان ژمارەیان زیاد دەکات

ئیبراهیم عەلی

دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەمموز لە هەرێمی کوردستان گۆڕان لە هاوکێشەی سیاسیی هەرێم دێنێتە ئاراو ژمارەی هێزی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی نوێدا زیاد دەکات.

## گۆڕان دەرگای ئۆپۆزسیۆنبوونی راستەقینە دەکاتەوە

پێکهێنانی لیستی گۆڕان‌و بەدەستهێنانی (٢٥) کورسی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی (٢٥)ی مانگی رابردوودا، هاوکێشە سیاسییەکانی لە هەرێمی کوردستاندا گۆڕی، بەشێوەیەک ئەم سەرکەوتنەی گۆڕان بوو بە سەرەتای شکستی دەسەڵاتی رەهای یەکێتی‌و پارتی لە ماوەی رابردوودا، بەتایبەت کە ئەم لیستە پەرلەمانییە بڕیاریداوە ببێت بە هێزێکی ئۆپۆزسیۆن لەنێو پەرلەماندا، بەمەش پەرلەمانی ئەمجارە بەشێوەیەکی بەرچاو جیاواز دەبێت لە پەرلەمانی رابردوو.

کاردۆ محەمەد، لەبارەی رۆڵی لیستی گۆڕان لە دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنی راستەقینە بۆ رۆژنامە وتی: «دوای ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە (٢٥)ی تەمموزدا روویدا، دەبێتە مایەی ئەوەی کە پەرلەمان بە رۆڵی راستەقینەی خۆی هەستێت‌و لیستی گۆڕانیش دەبێتە ئۆپۆزسیۆنی راستەقینە لە پەرلەمانی کوردستان لەبەرامبەر دەسەڵات، ئەمەش رۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە تەندروستبوونی سیستمی حوکمڕانی لە کوردستان».

کاردۆ لەبارەی بەشداریی لیستەکەیان لە حکومەتدا وتی: «لە ئێستادا لیستی گۆڕان دەیەوێت ئۆپۆزسیۆن بێت لە پەرلەمان، بەڵام لە هەمانکاتدا دەستی هاوکاری بۆ هەموو کەسێک درێژ دەکات‌و تێڕوانینی دەسەڵاتیش بۆ ئۆپۆزسیۆن کاریگەریی دەبێت لەسەر مامەڵەی ئێمە لە پەرلەماندا».

## چوار حیزبەکە ترسیان دەشکێت

ئەگەرچی لە پەرلەمانی رابردوودا چوار حیزبەکە (یەکگرتوو، کۆمەڵ، زەحمەتکێشان، سۆسیالیست) ژمارەیەکی بەرچاو کورسییان هەبوو، بەڵام نەیانتوانی وەکو پێویست رۆڵی ئۆپۆزسیۆن ببینن، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو ئەو چوار حیزبە پێیەکیان لەناو حکومەت بوو لەلایەکو لەلایەکی دیکەش دەیانویست ببن بە ئۆپۆزسیۆن، بەڵام ئەمجارە بەهۆی هاتنە مەیدانی لیستی گۆڕان ئەم چوار حیزبەش ترسی ئەوەیان شکاوەو دەیانەوێت لە رێگەی ئۆپۆزسیۆنبوونیانەوە رۆڵ بگێڕن لە پەرلەمانداو لە داهاتوودا بتوانن کورسی پێویست بهێننەوەو بڕیاری ئەوەیان داوە کە بەشداریی لە حکومەت نەکەن.

کاندیدێکی لیستی خزمەتگوزاری‌و چاکسازیی، کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە لەبارەی بەشدارییان لە حکومەت وتی: «چوار حیزبەکە بڕیاری ئەوەیان داوە کە بەشداریی لە حکومەتدا نەکەن، چونکە بە بڕوای ئەوان بەشداریکردنیان لە حکومەت لە ساڵانی رابردوو زیانی زۆری پێگەیاندوون».

لەلایەکی دیکە بەپێی لێدوانە رۆژنامەوانییەکانی سەرکردەکانی لیستی خزمەتگوزاری‌و چاکسازیی، بڕیاری ئەوەیان داوە کە ئەمجارە بەشداریی لە حکومەت نەکەن، ئەمەش وەک هەڵوێستێک بەرامبەر بە پارتی‌و یەکێتی کە لەماوەی رابردوودا بەشداریی راستەقینەی حکومەتیان پێنەکراوە، چەند وەزارەتێکیان پێدراوە.

## بزووتنەوە دەیەوێت پشکێکی بەهێزی هەبێت

یەکێک لە لیستەکانی دیکەی بەشدار لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بزووتنەوەی ئیسلامییە کە توانیویانە دوو کورسی بەدەستبهێنن.

ئەوەی ئێستا ماوەتەوە ئەوەیە ئایا بزووتنەوەی ئیسلامیی بەشداریی لە حکومەت دەکات یان وەک هێزێکی ئۆپۆزسیۆن دەمێنێتەوە، شورای ناوەندی بزووتنەوەی ئیسلامیی بڕیاریداوە بۆ بەشداریکردن‌و نەکردنی حیزبەکەیان لە حکومەتی ئایندەی هەرێم، بۆچوونی کادیرانیان وەرگرێت‌و بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەکیان پێکهێناوە بۆئەوەی لە ماوەیەکی کەمدا راپرسیی لەناو کادیرانیاندا بکەن، بزووتنەوەی ئیسلامیی لە زاری وتەبێژەکەیەوە رایگەیاندووە، ئەگەر بەشداریش بکەن لە حکومەت مەرجی خۆیان دەبێت‌و بەشێوەیەکی سادە بەشداریی لە حکومەت ناکەن.

ئەحمەد وەرتی، کاندیدی لیستی بزووتنەوەی ئیسلامیی بۆ پەرلەمانی کوردستان‌و ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبە، لەم بارەیەوە لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە وتی: «ئێمە لە ئێستادا لە قۆناغی راپرسیداین لەنێو ئەندامانی خۆمان، کە ئایا بەشداریی بکەین لە حکومەت یان نا؟ هەرکاتێک ئەو راپرسییە کۆتاییهات ئەوا ئەو کات مەکتەبی شوورا کۆدەبینەوەو بڕیاری کۆتایی خۆمان لەو بارەیەوە دەدەین‌و تائێستاش هیچ بڕیارێکی پێشوەختمان نەداوە».

## شیوعی دوودڵە

لیستی ئازادی‌و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، کە پێکهاتووە لە هێزە چەپەکانی هەرێمی کوردستان، لەم هەڵبژاردنەدا نەیانتوانی رێژەیەکی بەرچاو دەنگ بهێنن، تەنیا یەک کورسی پەرلەمانیان بردەوە، بەڵام لە ئێستادا حیزبی شیوعی کە تاکە کورسییەکەی لیستەکەیانی بەرکەوتووە، لە دڵەڕاوکێدایە کە ئایا بەشداریی بکات لە حکومەت یان نا.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەیەکی تایبەتەوە، دەست رۆژنامە کەوتوون، پارتی‌و یەکێتی بەهۆی ئەوەی باڵی مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشان کورسی پەرلەمانیان نەهێناوەو لەگەڵ حیزبی شیوعی یەک لیست بوون، دەیانەوێت لە رێگەی بەشداریکردنیان لە حکومەت قەرەبووی نەهێنانی کورسی بۆ باڵی مەکتەبی سیاسیی بکەنەوەو پۆستە حکومییەکە بدرێت بە زەحمەتکێشان، لەبەرامبەر ئەمەشدا حیزبی شیوعی دەیەوێت ئەو پۆستە حکومیەی کە وەریدەگرن کادیرێکی خۆیان وەریبگرێت، نەک زەحمەتکێشان.

## کۆتا بەشداریی لە حکومەت دەکات

ئەو هێزانەی کە کورسی کۆتایان بردووەتەوە لە هەڵبژاردنەکان، ئەو هێزانەن کە بە نزیک لە دەسەڵات دادەنرێن‌و بە فەرمانی ئەوان جووڵە دەکەن، بۆیە چاوەڕێ دەکرێت کە ئەم هێزانە بەشداریی لە حکومەت بکەن.

کەرخی ئالتی بەرماخ، کە حیزبەکەی سێ کورسی کۆتای تورکمانی بردووەتەوە، لەبارەی بەشدارییان لە حکومەتدا بە رۆژنامەی راگەیاند: «تائێستا هیچ لایەنێک داوای بەشداریی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی لێنەکردووین، بەڵام بەشداریکردن لە کابینەی داهاتوو بەکارێکی باش دەزانین‌و پێشتریش لە حکومەتدا بەشداربووین، بەڵام دەبێت بەشداریی ئەمجارەمان کاراتربێت بۆئەوەی بتوانین خزمەتی گەلی خۆمان‌و تەواوی گەلی کوردستان بکەین».

کەرخی ئالتی بەرماخ سەبارەت بە مەرجەکانی بەشداریکردنیان لە حکومەت بۆ رۆژنامە وتی: «مەرجێکی دیاریکراومان نییە، بەڵام دەمانەوێت ئەو مەرجەی کە بە ئێمە دەدرێت وەزارەتێکی کارا بێت».

> **«لە ئێستادا لیستی گۆڕان دەیەوێت ئۆپۆزسیۆن بێت لە پەرلەمان، بەڵام لە هەمانکاتدا دەستی هاوکاری بۆ هەموو کەسێک درێژ دەکات‌و تێڕوانینی دەسەڵاتیش بۆ ئۆپۆزسیۆن کاریگەریی دەبێت لەسەر مامەڵەی ئێمە لە پەرلەماندا»**

### روونکردنەوە

لەراپۆرتە هەواڵێکی ژمارە(٥٣٣)ی رۆژنامەدا بە هەڵە نوسراوە «لە بەیاننامەیەکی رێکخراوی یونسکۆدا» ئەم رستەیە هەڵەیەو بەیاننامەکە هی یونسکۆ نییەو بەیاننامەی کەمپەینێکی ژمارەیەک رۆشنبیرو شوێنەوارناسە، بەڵام بەهەڵە لەکاتی چاککردنی سەر ماکێتی رۆژنامەکەدا ئەو دوو وشەیە کەوتووەتە نێوان لە بەیاننامەیەک..... کە کۆپییەکی دەست رۆژنامە کەوتووە، بە گەڕانەوە بۆ هەواڵەکەی لاپەڕە یەکی هەمان ژمارەش کە راستەکەی تێدا نوسراوە زیاتر روونەبێتەوە.

**رۆژنامە**

# ناوی رۆژنامەنووسانی پێشێلکار بڵاونەکرایەوە

شارا عەبدولڕەحمان

هەرچەندە بڕیاربوو سەندیکای رۆژنامەنووسان ناوی ئەو رۆژنامەنووسانە بڵاوبکاتەوە کە لەماوەی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا پێشێلکارییان لە یاسای رۆژنامەگەریی کردووە، بەڵام دواتر سەندیکا تەنیا بە راگەیەندراوێک تێبینییەکانی خۆی لەسەر هەڵمەتەکە ئاشکراکرد.

ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە رۆژی (٢٠٠٩/٤/٣٠)دا راگەیەندراوێکی ئاراستەی رۆژنامەنووسان‌و رای گشتیی کرد دەربارەی راگەیاندن لە پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، کە تێیدا ئاماژەی بەوەکردبوو کە دوابەدوای هەڵبژاردنەکان، سەندیکا ناوی ئەو رۆژنامەنووسانە بڵاودەکاتەوە کە پێشێلکاریی لە یاسای کاری رۆژنامەنووسی دەکەن‌و لە ئەخلاقیاتی رۆژنامەنووسی لادەدەن، بەڵام دوای ئەوەی رۆژی (٢٠٠٩/٨/١٠) ئەنجومەنی سەندیکا کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا، بڕیاریدا تەنیا راگەیەندراوێک دەربکات‌و تێیدا هەڵوێستی خۆی روونبکاتەوە، بەوهۆیەشەوە رۆژی (٨/١٣) راگەیەندراوێکی دەرکرد، کە تێیدا سێ خاڵ خرابووەڕوو، کە ئەمانەن:

یەکەم: ئەنجومەنی سەندیکا رایدەگەیەنێت کە رۆڵی میدیا لە پرۆسەکەدا بەشی زۆری بابەتیانەو گونجاوبوو، تا رادەیەکی زۆریش کۆمەڵانی خەڵکی لە هەواڵ‌و رووداوەکان ئاگادارکردووەتەوەو هانی جەماوەری داوە بەشداریی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بکەن.




دووەم: سەندیکا بە نیگەرانییەوە دەڕوانێتە رۆڵی هەندێک لە رۆژنامەنووسان‌و دەزگاکانی راگەیاندن، کە بەپێچەوانەی یاسای رۆژنامەگەریی‌و پەیمانی شەرەفی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتییەوە مامەڵەیان لە پرۆسەکەدا کردووە، کە تارادەیەک کاریگەریی خراپی لەسەر پرۆسەکە هەبووە.

سێیەم: سەندیکا لەکاتی روودانی هەندێک پێشێلکاریی کە بەرامبەر دەزگاکانی راگەیاندن روویداو بە رەسمیی لێی ئاگاداربوو، هەڵوێستی ئاشکراو پێوستی خۆی راگەیاند، لە هەمانکاتیشدا سەندیکا بەهیچ شێوەیەک خۆی بە بەرپرسیار نازانێت لە وەرگرتنی هەڵوێست لە بەرامبەر ئەو رووداوانەی بە نووسراو لێی ئاگادار نەکراوەتەوە.

زیرەک کەمال، ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە روانگەی هەستکردن بە بەرپرساریێتی مێژوویی‌و ئەو ئەرکەی کە لەسەر شانمانە، بڕیاری ئەوەماندا کە چاودێریی وردی کەناڵەکانی راگەیاندن بکەین‌و هەڵوێستی خۆشمان لە راگەیەندراوێکدا بڵاوکردەوە».

بەهۆی ئەوەی کەسەندیکا باسی لە بڵاوکردنەوەی ناوی رۆژنامەنووسانی پێشێلکار کردبوو، دواتر ناوەکانی بڵاونەکردەوە، دەنگۆی ئەوە لەناو رۆژنامەنووساندا بڵاوبووەوە کە لەبەرئەوەی زۆرترین پێشێلکاریی لەلایەن رۆژنامەنووسان‌و کەناڵەکانی راگەیاندنی سەر بەدەسەڵاتەوە کراوە، بەهۆیەوە سەندیکا لە بڵاوکردنەوەی ناوەکاندا خۆی بەدوورگرتووە،

بەڵام زیرەک کەمال ئەوەی رەتکردەوەو بۆ رۆژنامە وتی: «دوای تەواوبوونی پرۆسەی هەڵبژاردن‌و دوای ئەوەی کە خوێندنەوەیەکی بابەتیانەمان بۆ دۆخی راگەیاندن‌و بزووتنەوەی رۆژنامەنووسی کرد، سەندیکا بەپێویستی زانی تەنیا بەو راگەیەنراوە کۆتایی پێبێنێت کە بڵاومانکردووەتەوە.

هاوکات ئاماژەی بەوەشکرد، کە لە راپۆرتی شەش مانگانەی سەندیکای رۆژنامەنووساندا، هەر جۆرە پێشێلکارییەک لە یاسای رۆژنامەگەریی چ لەلایەن رۆژنامەنووسان چ لەلایەن دەسەڵاتەوە کرابێت، بڵاویدەکەنەوە.

# سەردانەکەی مەککەین‌و کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان

شاڵاو فەتاح

هەرچەندە تائێستاش ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکانی وەفدی ئەمریکی کە لە چوار سیناتۆر پێکهاتبوون لەگەڵ بەرپرسانی عێراقدا، نادیارە، بەڵام ئەوەی لە بەیانی ڕەسمیی‌و سەرچاوەی نارەسمییەوە دەربارەی ئەو کۆبوونەوانە دەرکەوتوون ئەوەیە، کە مەککەین لە کۆبوونەوەکاندا بەپلەی یەکەم دوو کێشەی باسکردووە، یەکێکیان کێشەی ناوچەجێناکۆکەکانە لەنێوان هەرێم‌و ناوەنددا، دووەمیان کێشەی هەموارکردنی دەستووری عێراق‌و کارەکانی لیژنەی ڕاسپێردراوە لەوبارەیەوە.

**ڕۆژنامەی سەباح** لە ڕاپۆرتێکدا دەنووسێت، تاڵەبانی‌و مالیکی پێشوازییان لە وەفدی ئەمریکی بە سەرۆکایەتی جۆن مەککەین کردو لە کۆبوونەوەیەکدا دەربارەی کێشە پەیوەندیدارەکان گفتوگۆ کرا. لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ دەربارەی کێشەی ناوچەجێناکۆکەکان‌و بارودۆخی ئاسایش‌و کارەکانی لیژنەی ڕاسپێردراو بە هەموارکردنی دەستووری عێراق کراوەو دواتر باس لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان‌و هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق کراوە. دواتریش نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە کۆبوونەوەکەدا تەئکیدی لەسەر هەماهەنگی‌و هاوکاری نێوان عێراق‌و ئەمریکا کردووەتەوەو هەر دوای کۆبوونەوەکەو لە بەیانێکدا نوری مالیکی دەڵێت، هێزە چەکدارو ئەمنییەکانمان ئەوەیان سەلماند کە توانای پاراستنی ئاسایشی عێراق‌و هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییەیان هەیە، کە لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە شارو شارۆچکەکاندا پێیانسپێردراوە. هەر لەو بەیاننامەیەدا مالیکی ئامانجی حکومەتی عێراقی لە دابینکردنی خۆشگوزەرانی‌و پێشکەوتنی ئابووریی لەدوای جێگیرکردنی بارودۆخی ئەمنیی عێراق بە ئامانج دەزانێت. دواتر سیناتۆر جۆن مەککەین کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکای بە جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامە ئەمنییەکەی نێوان عێراق‌و ئەمریکاو ڕاستگۆیی ئەمریکا لەوبارەیەوە خستەڕوو، ئاماژەی بەوەشدا کە ئامادەی گشت هاوکارییەکی تەکنەلۆژی‌و پێشکەوتنی ئابووریی عێراقن.

لەبارەی کۆبوونەوەکەی مەسعود بارزانی‌و جۆن مەککەینەوە، فەیسەڵ دەباغ سکرتێری ڕۆژنامەوانی سەرۆکی هەرێم بە سەباحی ڕاگەیاند، لە کۆبوونەوەکەدا باس لە کێشەی موسڵ‌و کەرکوک‌و ناوچەجێناکۆکەکانی دیکە کراوەو باسیش لە گرنگیی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی داهاتووی عێراق کراوە. دواتر سەباح دەڵێت، لەدوای کۆبوونەوەکە کە عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمان‌و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمیش ئامادەی بوون، جۆن مەککەین سەردانی قەڵای هەولێری مێژوویی کردووە.

**ئاژانسی هەواڵی فرانس پرێس**

لە ڕاپۆرتێکدا باس لە سەردانەکەی ئەم دواییەی جۆن مەککەین بۆ هەر یەک لە عێراق‌و هەرێمی کوردستان دەکات، ئەی.ئێف.پی دەنووسێت، جۆن مەککەین کە سیناتۆرێکی ئەریزۆنای کۆمارییەکانی ئەمریکایە، لە سەردانێکدا گەیشتە عێراق‌و دواتر سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد. بەرپرسێکی حکومەتی هەرێم کە نەیویستووە ناوی خۆی ئاشکرابکات بە ئاژانسی هەواڵی فرانس پرێسی ڕاگەیاندووە، سەردانەکەی مەککەین بۆ گفتوگۆکردن بووە دەربارەی هەڵبژاردنەکانی کانووی دووەمی ساڵی داهاتوو. دواتر ڕاپۆرتەکەی ئەی.ئێف.پی باس لە هەڵکشانی ئاستی کێشەکانی نێوان حکومەتی ناوەندو هەرێم دەکات‌و ئاماژە بە هەوڵەکانی ئەمریکا دەکات لەپێناو کەمکردنەوەی ئەو ململانێیانەدا، ئەی.ئێف.پی لەبارەی هەوڵەکانی ئەمریکاوە باس لە داواکاریی‌و فشاری ئۆباما دەکات لەسەر مالیکی، بۆ ئەوەی سەردانی هەرێم بکات‌و گفتوگۆ دەربارەی کێشە درێژخایەنەکانی نێوان هەرێم‌و ناوەند بکەن.

**سایتی ئیلاف** لە ڕاپۆرتێکدا دەربارەی سەردانەکەی مەککەین دەنووسێت، لە سەردانەکەدا جۆن مەککەین لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم‌و عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمان‌و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتدا کۆبووەوەو باس لە دوایین هەڵبژاردنە پەرلەمانی‌و سەرۆکایەتییەکەی کوردستان‌و کێشەی نێوان بەغداو هەرێم لەسەر ناوچەجێناکۆکەکان کرا.

جۆن مەککەین پێش ڕۆیشتنەوەی بە ڕۆژنامەوانانی ڕاگەیاند، «هاتین بۆ کوردستان بۆ ئەوەی دۆستایەتیمان بۆ گەلی کورد دووبارە بکەینەوە». دواتر ئیلاف باس لە کۆبوونەوەکانی دواتری مەککەین دەکات‌و دەنووسێت، پێش ڕۆیشتنەوەی مەککەین سەردانی سلێمانی کردو لەگەڵ بەرهەم ئەحمەد ساڵحی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق کۆبووەوەو باسی لەدوایین گۆڕانکارییە سیاسییەکانی عێراق کرد.

ئیلاف باس لە کۆبوونەوەی وەفدەکە لەگەڵ جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق دەکات‌و دەڵێت، تاڵەبانی‌و وەفدی ئەمریکا لە کۆبوونەوەیەکدا باسی بارودۆخی سیاسیی عێراق، بەتایبەت کێشەی ناوچەجێناکۆکەکان‌و هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی کوردستان‌و هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراقیان کردووە، ئیلاف بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە پشت بە بەیانێکی ڕەسمیی کۆماریی دەبەستێت لەبارەی کۆبوونەوەکەی تاڵەبانی‌و وەفدەکەوە.

**سایتی (دەبلیو ئێم تیڤی)**

دەربارەی سەردانەکەی نوێنەرانی ئەمریکا بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست‌و باکووری ئەفریقا دەنووسێت، سەردانەکەیان بە لیبیا دەستیپێکردو کوەیتی بەدوادا هات، دواتر سایتەکە لەبارەی پێکهاتەی نوێنەرانی ئەمریکاوە کە بۆ ئەم سەردانە دیاریکراون دەنووسێت، نوێنەرانی ئەمریکا پێکهاتوون لە جۆن مەککەین، سیناتۆر سوزان کۆلینس، لیندیز گراهام‌و جۆزێف لیبەرمان. سیناتۆر کۆلینس کە سێیەمجارییەتی سەردانی عێراق بکات‌و سەردانی پێشتری لە ساڵی (٢٠٠٦)دا بووە.

وەفدە ئەمریکییەکە دواتر باس لە کۆبوونەوەی ئەم گروپە لەنوێنەرانی ئەمریکاو سەرکردەکانی عێراق دەکات‌و ئاماژە بەوەشدەکات کە گروپەکەیان لەگەڵ ئەفسەرانی هێزی دەریایی وڵاتەکەیان کۆدەبنەوە. ئەم تیمەی ئەمریکا پێشتر سەردانی لیبیایان کرد بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ موعەمەر قەزافی‌و هەروەها سەردانی کوەیتیشیان کرد.

# ـــان دابەشبوونی موسڵ؟

نەینەوا، بە ڕۆژنامەکەی ڕاگەیاندووە، هەموو هەوڵەکان بەگەڕخراون لەسەر ئاستی عێراقی ناوخۆیی‌و ئەمریکی بۆ چارەسەکردنی کێشەی موسڵ، کە بە بۆچوونی ئەو «ئێستا دۆخەکە زۆر لە کەرکوک ئاڵۆزتربووە»، ئاماژەی بـەوەشـکـردووە، ئـەوان کێشەی تایبەتیان لەگەڵ لیستی حەدبا نییە، بەڵکو گرفتەکانیان لەسەر کێشەی ناوچە جێناکۆکەکانە کە یەکێکە لە ئاڵۆزترین کێشەکانی نێوان هەرێم‌و ناوەند.

خەسرەو گۆڕان ئەگەر ڕوودانی شەڕی تایەفی لە موسڵ بە دوور زانی: «لەبەرئەوەی ناکۆکییەکان لەنێوان کوردو عەرەب یان شیعەو سوننە نییە، بەڵکو لایەنی دیکە هەیە دەیەوێت بـارودۆخـی ئەمنیی‌و سیاسیی‌و ئابووریی ناوچەکە ئیستغلال بکات‌و تۆوی فیتنەو ئاژاوەی مەزهەبیی‌و نەتەوەیی بچێنێت لە بەرژەوەندیی خۆی»، بە وتەی گۆڕان، ئەگەر لیستی حەدبا لەسەر ئەو بەرنامەیەی خۆی بـەردەوام بێت، بە دووری نازانێت موسڵ دابەشببێت بۆ دوو پارێزگا.

### ئەمریکاش نزیکبوونەوەی دەوێت

لـە بـەردەوامـی هەوڵەکانی ئەمریکاو دوای سـەردانـەکـەی ڕۆبـەرت گیتس وەزیـری بەرگری ئەمریکا، ڕۆژی شەممە جۆن مەککەین سیناتۆری کۆماریخوارەکان سەردانی هەولێری کـردو لەگەڵ بەرپرسانی هەرێم کۆبووەوە، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدا، بەتایبەتی کێشەی ناوچەجێناکۆکەکان‌و مەککەین ئەوەی ڕاگەیاند: «ئەوان دەیانەوێت ڕۆڵببینن هاوکاری هەموو لایەنەکان بکەن‌و لێکیان نزیکبەنەوە».

د.فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بە ڕۆژنـامـەی شەرقولئەوسەتی وتـــووە، کە وەفـدەکـەی ئەمریکا لەگەڵ سەرۆکی هەرێم بۆچوونیان گـۆڕیـــووەتـــەوە ســەبـــارەت بە کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدا، بەتایبەتی کێشەکانی کەرکوک‌و مـوسـڵ‌و یـاسـای نـەوت‌و غـازو دابەشکردنی سامانە سروشتییەکانی وڵات، سەبارەت بە کێشەکان نێوان هەرێم‌و بەغداش د.فوئاد ئاماژەی بـەوەکـردووە، کە مەککەین هیچ پێشنیاز یان پرۆژەیەکی پێنەبووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم‌و ناوەند، بەڵکو ویستوویەتی لە سروستی کێشەکان بگات‌و گوێ لە لایەنە پەیوەندیدارەکان بگرێت، تا بتوانێت جۆرو وێنەی کێشەکان بـگـوازێـتـەوە بـۆ ئـیـدارەی نوێی ئەمریکاو کۆنگرێسی ئەمریکی‌و کار لەسەر ئەو وێنانەبکرێت بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان.



موسڵ شاری نەتەوەکان

# ڕژێمی بووکەشووشە

هیوا جەمال



ئێستا ئەمریکا وەک «ڕژێـمـی بووکەشووشە» مامەڵە لەگەڵ حکومەتی عـێـراقـیـدا دەکـــات، بـۆیـە بـــەردەوام ئـــاگـــاداری کـــارەکـــانـــی «دەمـــوچـــاوە هەڵبژێردراوەکە»یەتی.

ڕژێمی بووکەشووشە وەک ئەوەی لیام ئەندرسن‌و گاریس ستانسفێڵد لە کتێبی ئایندەی عێراقدا باسیانکردووەو وەک یەکێک لەڕێگەچارەکانی دەرچوونی ئەمریکا لە عێراق دایانناوە، ئەگەرچی بە ڕێگە چارەیەکی پڕ کەموکوڕییان وەسفکردووە، بەڵام ئێستا پیادە دەکرێت.

دوای ئەوەی بەپێی ڕێکەوتننامەی سۆفا، هێزەکانی ئەمریکا لە سەنتەری شارەکانی عێراق کشانەوە بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە داگیرکاریی، بەڵام لە چەندین ڕێگەی دیکەوە هاتوونەتەوە ناو پرۆسەی دەسەڵاتی سیاسیی.

هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ کاڵکردنەوەی باڵادەستییەتی لە عێراقدا (بە رووکەش) بۆ ئەوەی خەڵکەکەی وا هەست نەکات لەژێر داگیرکاریی ئەمریکادایە، تا تێبگەن کە ئەمریکا دۆستی عێراقە.

دەتوانرێت گرنگترین‌و نزیکترین ئاماژە بۆ باڵادەستی ئەمریکاو کۆنترۆڵکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە ببینین کە ناردنی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە ئەمریکاوە بۆ هاوینە هەواری دوکان‌و ڕەتکردنەوە یان ڕاگرتنی دەستووری هەرێمی کوردستانە دوای گوشاری ناوخۆیی هەرێم. بەتایبەت کە ئەو فەرمانە لە ڕاپۆرتەکانی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و پەیمانگای واشنتۆن ڕەنگیداوەتەوە.

ڕژێمی بووکەشووشە زۆر بە خەستی پشت بە ئەمریکا دەبەستێت، هەروەها ئەمریکا لەسەر ئاراستەی کارنامەکان خاوەن قسەی دوایی دەبێت.

ئەوەی لەو ماوە کورتەی ڕابـردوودا بینییمان هاتنی چەندین سیناتۆرو بەرپرسی ئەمریکا بۆ عێراق‌و هەرێمی کوردستان، ئەو چاودێریکردنەیە کە ئەو وڵاتە بەردەوام بۆ عێراق پیادەی دەکات، بەتایبەتیش پێش هەر ڕووداوێکی گرنگ لە عێراقدا، کۆبوونەکان لەگەڵ بەرپرسانی کوردو عەرەبی سوننەو شیعە چڕدەبنەوە کە دواترینیان هاتنی جۆن مەککەینە.

### بەڕەی کورد نەرمە

هەروەک زۆرێک لە سیاسییەکان‌و بە ئەزموونەکانی کوردو چاودێرانی ئەزموونی کوردیش ئاماژەیان پێداوە، کورد هەردەم میوانخۆازێکی باشبووە تەنانەت بۆ دوژمنەکانیشی، بۆیە لە هیچ جێگەیەکدا نابینرێت کورد بە شێوازێکی پسپۆڕیانە یان ئەتەکێتە جیهانییەکانی گفتوگۆ، بۆ دانوستاندن مامەڵە لەگەڵ لایەنە ناکۆکەکانی بەرامبەریدا بکات.

تەنانەت جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق وەک کوردێک لە سەردانە ڕەسمییەکانیدا نەیتوانیوە ئەتەکێتی دبلۆماسی سەرۆکایەتی کۆمار بپارێزێت، ئەگەرچی لە چاوپێکەوتنەکەی شەرقولئەوسەتدا بیانووی بەوە هێناوەتەوە کە «هەستی بە گۆڕان لەخۆیدا نەکردووە کە بووە بە سەرۆک کۆمارو وەک مرۆڤێکی ئاسایی دەیەوێت مامەڵە بکات»، بەڵام گرفتەکە لەوێدایە کە کورد لە مامەڵە دبلۆماسییەکاندا نەیتوانیوە شارەزایانە گفتوگۆبکات، (هەرچەندە پێدەچێت ئەمە پەیوەندیی بە چەند سەرکردەیەکەوە هەبێت کە پێشتر لەسەری دواوین).

ئێستا کە کاتی گفتوگۆکردنە لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان، بەشێکی بەرچاو لە سەرکردەکانی کورد بەرەکانیان بووەتە نەرمترین جێگەو ڕێگەی ئەوانەی دوێنێ نەیاربوون‌و تەنانەت ئەمڕۆش بەدەست بێ بەڵێنییانەوە دەناڵێنن.

ئەوە مانای ئەوە نییە کە ناکرێت گفتوگۆ بکەین‌و پێویستە دەرگاکان کڵۆمبدەین، چونکە ئەمڕۆ تەنیا زمان کە دەتوانێت شەڕی دیموکراسی پێبکەین، زمانی گفتوگۆو دانوستاندنە.

ئەوەی کێشەی وەفدەکانی گفتوگۆکردنی کوردە، نەیانتوانیوە لە مانای دانوستاندن بە باشی تێبگەن، ئەگەر وەک زاراوە تێی گەیشتبن، ئەوا لەسەر مێزی گفتوگۆکان نەیانتوانیوە مامەڵەی پێبکەن.

لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردووەوە کورد دەیان وەفدی لە سەرکردایەتییەکانی پێکهێناوەو لەگەڵ ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقدا گفتوگۆیان کردووەو کاتێکیش هەرێمێکمان پێکهێنا لەگەڵ دراوسێکان‌و لە ناوخۆشدا خۆبەخۆ چەندین شەڕیان بووەو دواتر گفتوگۆیان کردووە.

### سەنتەری ستراتیژیی

ئێستا لە هەمووکات کورد بەگشتیی‌و سەرکردە کوردەکان بەتایبەت پێویستیان بە بوونی سەنتەرێکی ستراتیژیی هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی هەنوکەو داهاتووی هەرێمی کوردستان‌و عێراق، چۆنێتی گفتوگۆکردن لەگەڵ بەرامبەردا.

سەنتەرێکی ستراتیژیی دەبێت ماوەی چوار ساڵی ڕابردوومان بۆ هەڵسەنگێنێت تا بزانین لەو هاوپەیمانێتییە سێ قۆڵی‌و چوار قۆڵیانەی کورد لەگەڵ شیعەو سوننەدا کردوونی چ زیان‌و سوودێکی هەبووە، ئێستا لەگەڵ کام لایەندا بیکات، یان هەر بە تەنیا بچێتە پەرلەمانەوەو دواتر هاوپەیمانی بکات، یان کورد چۆن بەشداریی پەرلەمان بکات؟ نەک سەرکردەکان دوو بە دوو چەند کەسێک پێکەوە لە ژوورە داخراوەکاندا بڕیار لەسەر چارەنووسی چوار ساڵی دیکەی ئەم گەلە بدەن.

### لێپرسینەوە

ئەوەی لە هەموو شت گرنگترە، لەو بڕوایەدام ئەوەیە کە دەبێت لە نوێنەرانی کورد بپرسرێتەوە کە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا چیانکردووە کە سوودی بە کورد گەیاندبێت، ئەوەش گرنگ نییە کە چەندیان کردووە، چونکە ڕوونە، بەڵام ئەی ئەوەی کە دەبوو بیکەن‌و نەیانکردووە، ئەو هەڵانەی هاتوونە پێش‌و لەدەستیانداوە، ئەو ئەرکانەی لەئەستۆیان بووەو ڕایان نەپەڕاندووە؟ پێویستە پەرلەمانی ئەمجارەی کوردستان لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکات.

# هەولێرو بەغدا لەژێر فشاردان

**هاوڕێ عەبدوڵڵا**

بەرپرسانی ئەمریکا کەوتوونەتە گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسانی عێراقو هەرێم، بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەکانی نێوان هەردوولاو هاوکات بە بۆچوونی چاودێرانی سیاسیی، سەردانی بەرپرسانی ئەمریکا لە ئێستادا بۆ ناچارکردنی هەولێرو بەغدایە تا کێشەکانی نێوانیان یەکلاییبکەنەوە.

لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسو نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقو پێکهێنانی حکومەتی نوێ، سەرکردە عێراقییەکان کەوتنە گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی چەندین مەسەلەی گرنگ، لەوانە (کەرکوکو ناوچەجێناکۆکەکان، نەوت، بودجە، حوکمڕانیو سیاسەتی دەرەوە، پێشمەرگە) کە بە سەرەکیترین کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدا دادەنرێتو چارەسەرنەکردنیان بووەتە ڕێگر لە بەردەم بەرەوپێشچوونی عێراقو ئیدارەی نوێی ئەمریکاش دەیەوێت بەر لە کشانەوەی دوا سەربازی خۆی، عێراقێکی ئارامی بێ کێشە جێبهێڵێت کە لە ئێستادا ترسی گەورەی کێشەکانی نێوان حکومەتی ناوەندو هەرێمە.

بە گوێرەی ڕێکەوتنێکی ساڵی (٢٠٠٨) هەردوو حکومەتی ئەمریکاو عێراق لە ساڵی (٢٠١١)دا ئەمریکا هێزەکانی لە خاکی عێراق دەکشێنێتەوەو ئەوەش مەترسی سەرهەڵدانی شەڕی تایەفیو مەزهەبیی لە عێراقدا زیاترکردووە، حکومەتی ئەمریکاش دەیەوێت پێش کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق هاوکارو یارمەتیدەری عێراقییەکان بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

دوای سەرکەوتنی دیموکراتەکان لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکاو پۆستی سەرۆک کۆماری لەلایەن ئۆباماوە، ئیدارەی نوێ سیاسەتێکی جیاوازی بەرامبەر بە عێراق پیشاندا. لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا گەورە بەرپرسانی حکومەتی ئەمریکا بە مەبەستی لێکنزیکبوونەوەی سەرکردە عێراقییەکان لەیەکترو چارەسەرکردنی پرسە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێمو بەغدا، چەند جارێک هاتوونەتە عێراقو هەرێمی کوردستانو هاوکاری حکومەتەکەیان بۆ ئەو مەبەستە بە سەرکردە عێراقییەکان ڕاگەیاندووە.

ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/٢) جۆبایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکا، سەردانی عێراقی کردو بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا لەگەڵ بەرپرسانی عێراقو هەرێم کۆبووەوە، ئۆباما پرسی کێشەکانی نێوان هەردوولای بە جێگرەکەی سپاردووە.

ڕۆژی (٧/٢٨) ڕۆبەرت گیتس، وەزیری بەرگری ئەمریکا سەردانی بەغدای کردو لەگەڵ سەرۆک وەزیرانو بەرپرسانی عێراق کۆبووەوەو ڕۆژی دواتر سەردانی هەرێمی کوردستانی کردو لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبووەوو لەو سەردانەیدا ئەوەی ڕاگەیاند: ئێستا ئەمریکا پەیوەندیی دۆستایەتی لەگەڵ هەرێمی کوردستانو عێراقی فیدراڵ بەرز دەنرخێنێتو ئامادەیە یارمەتی هەردوولا بدات بۆ چارەسەرکردنی پرسە هەڵپەسێردراوەکانی نێوانیان، پێویستە بۆ چارەسەری پرسەکان پشت بە دەستوور ببەسترێتو ئەمریکاش لەگەڵ هەموو لایەنەکان بەردەوامدەبێت.

هاوکات ڕۆژی (٨/٩) ژەنەراڵ ڕایمۆند ئۆدێرنۆ، فەرماندەی هێزە فرەڕەگەزەکان لە عێراق لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ مەسعود بارزانی، گفتوگۆیان لەسەر پەیوەندییەکانی هەرێمو بەغداو مەسەلەی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی عێراق کرد.

لەدوا سەردانیشدا ڕۆژی (٨/١٥) وەفدێکی ئەمریکی بە سەرۆکایەتی سیناتۆر جۆن مەککەین، ئەندامی کۆنگرێسی ئەمریکای سەربە کۆماریخوازەکان، سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردو لەگەڵ بەرپرسانی هەرێم کۆبووەوە.

بەپێی وتەی چاودێران، حکومەتی ئەمریکا دەیەوێت پێش کشانەوەی هێزەکانی لە خاکی عێراق، کێشە ناوخۆییەکانی عێراق چارەسەربکرێن، بۆ ئەو مەبەستەش لە ئێستاشدا فشاری خستووەتە سەر بەرپرسانی عێراقو کورد.

ئازاد چالاک، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لیستی هاوپەیمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە ئێستادا فشارێکی گەورە لەلایەن ئەمریکاوە لەسەر هەردوولا هەیەو چ لە سەردانەکەی مالیکی بۆ ئەمریکاو چ لە سەردانەکەی وەزیری بەرگری ئەمریکا بۆ هەولێر، حکومەتی ئەمریکا داوای لە هەردوولا کردووە کە بەزوویی کێشەکان چارەسەربکەن، بۆیە ئەم فشارەی ئێستا ڕۆڵێکی گەورەی هەیە».

هەر لەوبارەیەوە فەلاح مستەفا، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وتی: «هەوڵەکانی ئێستای ئەمریکا فشار نییە، بەڵکو ئەمریکا وەکو هێزێک کە ئەم عێراقەی دروستکردووە، مەبەستێتی عێراقییەکان لێکنزیکبکاتەوەو چارەسەری کێشەکانیان بکەن، نەک فشارکردن».

بەڕای شارەزایانی بواری سیاسەتیش، لە ئێستادا کورد لە هەمووکات زیاتر پێویستی بە ئەمریکا هەیەو دەبێت سەرکردایەتی کورد پەیوەندی بەهێز لەگەڵ ئەمریکادا دروستبکات.

د.کامەران بەرواری، مامۆستای زانستی سیاسیی لە زانکۆی دهۆک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا کورد سازشێکی زۆریان بۆ دەسەڵاتدارانی عێراق کردووە، دەبێت کورد هەڵوێستێکی نەگۆڕی هەبێتو سازش لە مافە نەتەوەییەکان نەکات، هەروەها پێویستە پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ ئەمریکا دروستبکات، چونکە کورد بەرژەوەندیی لەگەڵ ئەمریکادا هەیەو بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقو کوردستان بۆ ئەم قۆناغەی کورد گرنگە، بە کشانەوەی ئەمریکا لە عێراقدا بەرژەوەندییەکانی کورد دەکەوێتە مەترسییەوە».

وتیشی: «ئەمریکا دەیەوێت کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا چارەسەربکرێنو لە ئێستادا فشاری خستووەتە سەر بەرپرسانی کوردو عێراق، بەڵام بە بڕوای من پێش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا چارەسەرناکرێن».

بەرپرسانی حکومەتی هەرێم سەردانەکانی بەرپرسانی ئەمریکا بۆ کوردستان بە خاڵێکی گرنگ وەسفدەکەن، بەو پێیەی کە ئەمریکا دەیەوێت عێراقێکی سەقامگیر بێتەکایەوە.

فەلاح مستەفا، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەمریکا کارێکی زۆری لە عێراق کردووەو گۆڕانێکی گەورەی لە عێراقدا دروستکردووەو ئەو وڵاتەی ئازادکردووە، بۆیە ئەو وڵاتە بەلای ئەمریکاوە گرنگە، ببێتە عێراقێکی سەقامگیرو خەڵکەکەی بە ئاسوودەییو ئارامیی بژینو کەشو هەوایەکی وا دروستبکەن کە لایەنەکان بتوانن پێکەوە کاربکەن، بەو شێوەیەی ئێستا بەجێبهێڵێت، بۆیە پەیامی ئەمریکا یارمەتیدانی عێراقییەکانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، سەردانی شاندی ئەمریکی بۆ هەرێمی کوردستان بۆ ئاگاداربوونە لە بارودۆخی عێراقو قسەکردن بوو لەسەر پرسەکانی نێوان هەرێمو بەغدا، لەوانە دوو پرسی گرنگی (کەرکوک، نەینەوا) بەگشتیی باسکرانو دیدی ئەوان ئەوەبوو کە عێراقییەکان پێکەوە دابنیشینو کۆتایی بەو کێشەیە بهێنن، وەفدەکەی ئەمریکا ئاماژەیان بەوەکرد، دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا پابەند دەبێت بە عێراقەوەو کارەکانی کۆتایی پێناهێنێتو جەختیان لەسەر پەیوەندییو دۆستایەتی کوردو ئەمریکا کردەوە.

سەبارەت بە هەڵوێستی حکومەتی هەرێم لەسەر کێشەکانی هەرێمو بەغدا، فەلاح مستەفا دەڵێت: «هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرایەو ئێمە پابەندین بە دەستووری عێراقەوەو لەگەڵ عێراقێکی فیدراڵداینو چارەسەرکردنی کێشەکان نابێت لەسەر بنەمای سازشکردنی ئێمە بێت لەسەر مافەکانمان».



کورد چی لەسەر مێزی گفتوگۆکان دەباتەوە؟ فۆتۆ: KRG

# شەڕی تایەفیو نەتەوەیی، ی

**بەهادین یوسف**

وەفدێکی باڵای حکومەتی عێراق سەردانی هەولێرو موسڵ دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موسڵ، وتەبێژی لیستی برایەتی نەینەواش ئاشکرایکرد، وەفدەکە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەتو لیستی حەدبا کۆبووەتەوە، بەڕای چاودێرانی سیاسیش ئەگەری شەڕی ناوخۆیی لە موسڵ دوورە، بەڵام چاوەڕێدەکرێت دابەشببێت بۆ دوو پارێزگاو حکومەتی هەرێمیش هەڕەشە لە لیستی حەدبا دەکات.

## حکومەتی ناوەند دێتەکایەکەوە

د.ڕافیع عیساوی، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقو وەفدێکی وەزاری سەردانی موسڵو هەولێریان کرد بۆ ئاشکراکردنی بۆچوونو پێشنیازی جیاواز بۆ یەکخستنی ڕیزی موسڵییەکانو نەهێشتنی ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو لیستی برایەتیو حەدبا، تا دواتر ڕاپۆرتێک ئاراستەی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیو ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بکەن، هەروەک داواشیان لە سەرجەم پێکهاتەکان کرد، کە هەموو تواناکانیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی لەو قەیرانە سیاسییە ڕزگاریان بێتو پارێزگاکە بەرەو ئاوەدانیو بنیادنانەوە بەرن.

عیساوی کە هەریەکە لە وەزیری بەرگرییو وەزیری ئاسایشی نیشتمانیو وەزیری گەیاندنو ژمارەیەک ڕاوێژکاری سیاسییو ئەمنیی یاوەرێتیان دەکرد، لەگەڵ هەریەکە لە سەرۆکی هەرێمی کوردستانو سەرۆکی حکومەتو پارێزگاری موسڵو سەرانی لیستی حەدبا کۆبووەوە، لەگەڵ گەیشتنیشی بە موسڵ لە فڕۆکەخانەی نەینەوا لەگەڵ فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکای کۆبووەوە بۆ وەرگرتنی باری سەرنجی ئەوان لەسەر ڕەوشی سیاسییو ئەمنیو شارەکان دوای ڕادەستکردنەوەی دۆسیەی ئەمنیی لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ڕابردوودا بەهێزە عێراقییەکان.

بە گوێرەی ڕاگەیاندراوێکی نووسینگەی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق، حکومەتی ناوەندی لەڕێی پێکهێنانی ئەو لیژنە وەزارییەوە، دەیەوێت کاربکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی موسڵو کێشەکانی نێوان هەردوو لیستی برایەتیو لیستی حەدباو هەر لەو چوارچێوەیەشدا وەفدی حکومەتی ناوەند، لەگەڵ ژمارەیەک لە سەرۆک هۆزە کوردو عەرەبو شەبەکو ئێزدییەکانی سنوورەکە کۆبووەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکانی پارێزگاکە لە هەموو بوارەکانی ئەمنییو سیاسییو خزمەتگوزارییەکان.

شیروان وائیلی، وەزیری ئاسایشی نیشتمانیو ئەندامی وەفدەکەی حکومەتی عێراق، بە ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتی ڕاگەیاندووە: «حکومەتی هەرێم داوای لە حکومەتی ناوەندی کردووە بێتە ناو کێشەکەوەو هەوڵی چارەسەرکردنیان بدات، ئاماژەی بەوەشکردووە، وەفدە حکومییەکە چەند پێشنیازو ڕاسپاردەیەک ئاراستەی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکەنو دواتریش نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمیش، سەردانی بەغدا دەکات بۆ قسەکردن لەسەر ڕاسپاردەو پێشنیازەکانو گەیشتن بە ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەکان، کە هەموو لایەنەکان پێی ڕازیبن، بە وتەی وائیلی چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان لەنێوان لیستو پێکهاتە ناکۆکەکانی ئەو پارێزگایەدا کاریگەریی دەبێت لەسەر باشبوونی ڕەوشی ئەمنیی».

## عەبدولمەهدیش لەسەر هێڵە

هاوکات لەگەڵ ئەم هەوڵەدا عادل عەبدولمەهدی، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ئوسامە نوجێفی پەرلەمانتاری لیستی ئەلعێراقییەو سەرپەرشتیاری لیستی حەدباو برای ئەسیل نوجێفی پارێزگاری موسڵ، داوای ئاساییکردنەوەی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی کرد کە لەدوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانو پێکهێنانی ئیدارەی نوێی پارێزگای نەینەوا لەلایەن لیستی حەدباوە دروستبووە، کێشەکانی نێوان کوردو عەرەبی لە ناوچەکەدا زیاترکردووە، داواشیکرد پردی پەیوەندیی لەنێوان هەردوو لیستدا دروستبکرێتو لەڕێگەی گفتوگۆوە بارودۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە.

## دوو نوجێفییەکە بەرپرسیارن

پەیوەند بە کێشەکانی موسڵو ڕووداوی تەقینەوەکانی هەفتەی ڕابردوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا هەڕەشەی بەرپەرچدانەوەی هەموو هەوڵەکانی لیستی حەدبای کردو نیگەرانییان نیشاندا لەوەی سەرانی ئەو لیستە «دژی بنەماکانی دیموکراسییو پێکەوە ژیانن»و بەردەوام هەرێم تۆمەتباردەکەن بەوەی دەستیان لە تەقینەوەکانی ناوچەکەدایەو «ئاڵای دوژمنایەتی بێپەردەیان دژی کورد هەڵکردووە».

هەروەک لیستی حەدبا بەوە تۆمەتباردەکەن لەو کاتەی دەسەڵاتیان لە ناوچەکە گرتووەتەدەست، جگە لە تۆمەتبارکردنو ئاشووبنانەوەو دووبەرەکی چاندنی تۆی شۆڤێنیو گرتنەبەری سیاسەتی چۆڵکردنی ناوچەکە لە دانیشتووانەکەی، دەستنیاکردووە بە جێبەجێکردنی پلانگێڕییەکانیان دژی خەڵکی نەینەواو سیاسەتی پاکتاوکردنی نەتەوەییو ئایینیو مەزهەبیی دەگرنەبەر.

بەپێی بەیاننامەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بارودۆخی ئێستای نەینەوا ئەوە دەچەسپێنێت کە کردارەکانی ئەو دواییەی موسڵ ئەوە دەسەلمێنێت کە دژ بە هاوڵاتییانی کوردی ئێزدیو شەبەک ئاراستەکراون، هەروەک دژی تورکمانو مەسیحییەکانیشە، هەروەک ئاماژە بەوە دەکات ژمارەی ئەو کوردانەی کە لە ماوەی ڕابردوودا لە موسڵ کوژراون زیاتر لە (٢) هەزار کەسە، جگە لە ئاوارەبوونی سەدان خێزانی کوردو مەسیحی هەروەک «هەردوو برا نوجێفییەکە بە تۆمەتباری سەرەکیی ئەو تاوانانە دەزانن».

## هەرێم هەڕەشە دەکات

لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکەدا حکومەتی هەرێم بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنێت، کە لەمەودوا بە هیچ شێوەیەک دەستدرێژییەکانی لیستی حەدباو تۆمەتەکانیان قبوڵناکەنو بەردەوامیی بەشێک لە سەرکردەکانی ئەو لیستە (حەدبا) لەسەر ئەو ڕێڕەوە مەترسیدارە زامێکی نەسرەوتووە لە جەستەی عێراقی نوێداو هەروەک دەنگی حکومەت دەخەنە پاڵ دەنگی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانو ئەوانەی دیکە کە ئیدی تەحەمولی دیکتاتۆریەتو تاکڕەوییانە ناکەنو داوا لە حکومەتی فیدراڵو لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەن لیژنەی تایبەت پێکبهێنن بۆ هەڵسەنگاندنی قەبارەی ئەو مەترسییە، بەوە ناوی دەبەن کە «هەموو شتێک دەڕووخێنێت، کە عێراقییەکان بە خوێن بنیادیانناوە».

## موسڵ دوولەت دەکرێت

لەلایەی دیکەوە بەپێی ڕاپۆرتێک کە ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتی چاپی لەندەن بڵاویکردووەتەوەو لەسەر زاری بەرپرسێکی کوردەوە گواستویەتییەوە، کە ڕوودانی شەڕی تایەفی لە موسڵ بە دوور نازانێت، بەڵام بڕوایوایە ئەگەر دوولەتبوونی موسڵ دەکرێت.

خەسرەو گۆران، جێگری پارێزگاری پێشووی موسڵو سەرۆکی لیستی برایەتی

# ـــەنی تەنیا سێ مانگە، ڕێژەیەکی زۆر گەورەو نایابە

گەمژەییە ئەگەر پارتێک گۆڕانکاریی نەکات، کاتێک دەبینێت ئۆپۆزسیۆن سەرهەڵدەدات، پێموایە ئەمە ناچارییاندەکات بگۆڕێن، گۆڕانکارییەکی باش بکەن.

**ڕۆژنامە: پرسیارەکەم ئەوەبوو، مەبەستمە بڵێم لە وتارەکەی نیویۆرک تایمزدا باسی ئیستبدادییەتی ئەم سیستمەت کردووە، ئەم سیستمە چەندە ئیستبدادە بە لای تۆوە؟**

* لە ڕاستیدا مەنسوبیەت لێرەبوونی هەیە، دوو خێزان لێرە دەسەڵاتدارن. بەڕای من ئەمە بەرهەمی ئەو سیستمە خێڵەکیەیە کە ماوەیەک پێش ئێستا بوونی هەبووە، ئەمە زۆر بە خراپ دانانێم ، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە دەبینین ئەم سیستمە دەگۆڕێت. ناکرێت بۆ شکستەکانی ئەمڕۆ ڕابردوو لۆمەبکەین، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بزووتنەوەیەکی چالاک دروستبکەین بەرەو گۆڕان، بەتایبەتی دووبارە کاتێک چینی ڕۆشنبیر ئەوانەی کە پەروەردەیەکی باشیان لە زانکۆ باشەکان خوێندووە، ئەوانەی کە توانیویانە لە دەرەوە بخوێنن، کاتێک ئەم خەڵکە تەنیا لە گروپێک خێزانی بچووکەوە هاتوون، بێگومان ئەو خەڵکانە ئاستیان بەرزەو دەکرێت ببنە سیاسەتمەدار، بەتایبەتی لەکاتێکدا ئێستا پێویستیی سیستمێکی سیاسیی جیهانی بوونی هەیە، پێویستت بەو کەسانە هەیە بۆ ئەوەی ئەو کارە بکەن، بەڵام ئێستا شتەکان لە گۆڕاندان لە کوردستاندا، چینەکانی دیکەی خەڵکیش هەلی خوێندنو پەروەردەی باشی بۆ ڕەخساوە کە دەتوانن لە سیاسەتدا بەشداریی بکەن. بەڵێ ئەم ئیستبدادییەتە دەگۆڕێت، چونکە خەڵکانێک هەن تا فشار دروستبکەن بۆ ڕووداني ئەم کارە.

**ڕۆژنامە: دوای هەڵبژاردنەکان چەند کەسێک لە خۆرئاوا باسیان لە لەناوچوونی هەستی خێڵەکی کرد لە کوردستاندا، بەتایبەتی دوای ئەوەی لیستی گۆڕان ژمارەیەکی باش کورسی بردەوە، ئایا تۆش هاوبۆچوونیت لەمبارەیەوە؟**

*بەدڵنیاییەوە لەناو شارەکاندا ئەم هەستە لە لەناوچووندایە، بەڵام پێموایە هێشتا لە ناوچە گوندنیشینییەکان خەڵکی دەنگ بەو کەسانە دەدات کە دەیانناسێتو متمانەیان پێیان هەیە. ئەگەر ئەوە لە مێشکمان دابنێین بەدڵنیاییەوە ئەو خێزانانەی ئێمە کاتی خۆی پێشمەرگەی گەورەو خەباتگێڕبوونو بۆ ئازادیی ئەم وڵاتە خەباتو شەڕیانکردووە، دەزانم لەبەرئەمە خەڵک هەیە هێشتا شوێنیان دەکەوێت، بەڵام ئەو سەردەمە بەسەرچوو، ئێمە ئێستا لە بارودۆخێکدا نین کە پێویستمان بە شەڕکەر هەبێت تا شەڕ بۆ ئەم وڵاتە بکات. پێویستە ئێستا ڕێگەیان پێبدەین زیاتر دیموکراتییانە بیربکەنەوە، بەڵام تێدەگەم کە خەڵکیی پاڵپشتی سەرکردە گەورەکانی ڕابردوو دەکات، چونکە ئەوان ئەو کەسانەبوون کە بۆ ئازادیی ئەم وڵاتە خەباتیانکردووەو خوێنیان ڕشتووە، دڵنیام هەموو لایەک ڕێزی ئەوەدەگرن، بەڵام ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەو قۆناغە ببڕین.

**ڕۆژنامە: جۆرێک لە نیگەرانیش لەلایەن خەڵکی هەندێک لە پارێزگاکانەوە بڵاوبووەوە لەبارەی خروقاتو ساختەکارییەوە لە هەڵبژاردنەکاندا بەتایبەتی لە هەولێرو دهۆک، هیچ شتێکت لەوبارەیەوە بیستووە؟**

* ڕۆژی هەڵبژاردن لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی ناحکومیو باڵیۆزخانەیەک قسەمکرد، وتیان زۆر ساختەکارییان نەدیوە، بەڵام وا دیارە شتەکان دواتر ڕوویانداوە، ئاشکرایە سەعاتێک کات درێژکرایەوە کە تەنیا چەند پارتێک لەوبارەیەوە ئاگادارکرابوونەوەو هەموو پارتەکان ئاگاداری ئەوە نەبوون، دەزانم لەسەر جادە ئەو سەعاتەیان بە سەعاتی خروقاتو ساختەکاریی ناوبرد. بێگومان گرفتەکە لەوێدابوو، هەروەها نارەزایی خەڵکیشم لەبارەی دیکۆمێنتی (١١١) بیست، ئەو دیکۆمێنتەی کە ڕێگە بە خەڵکی دەدات بڕۆن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەو لە هەر شوێنێک ویستیان دەنگبدەن، ئاشکرایە ئەوەش گرفتێکی زۆری دروستکرد. ئەو خەڵکانەی کە دەیانتوانی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بڕۆن پێدەچێت کە زیاتر لە دووجار دەنگیان دابێت، من ڕاپۆرتی ڕەسمیم لەو بارەیەوە بەدەست نەگەیشتووە بۆیە ناتوانم بە دروستی سەرنج لەو بارەیەوە بدەم، بەڵام بە دڵنیاییەوە چەندین بانگەشە بڵاوبووەوە کە ئەمە ڕوویداوە. هەروەها ئەوەشم بیستووە کە هەندێک خەڵک دەنگیان نەداوە. ئەمە بڕیارێکی شەخسییە، بەڵام نازانم چی بەسەر ئەوانەدا هاتووە کە نەیانویستووە دەنگبدەن، بەڵام دەزانم مووچەبڕین هەبووە کە خەڵکی پشت بەو مووچەیەی دەوڵەت دەبەستێت.

**ڕۆژنامە: ئەی ڕات بەرامبەر بە سوێندانی خەڵک چییە بۆ ئەوەی دەنگ بە لیستێکی دیایکراو بدەن؟**

* ئەمە هەڵەیە، ئەم سیستمە باش نییەو دیموکراسی نییە.

**ڕۆژنامە: با پرسیارێکت لێبکەم لەسەر ڕۆڵی ئەم هەڵبژاردنەو ئەو ڕۆڵەی کە دەکرێت بیگێڕیت لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو بەغدا. پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دووانە لە ماوەی ڕابردوودا زۆر باش نەبوون؟ چ جۆرە ڕۆڵێک ئەم هەڵبژاردنانە دەکرێت بیگێڕیت؟**

*بێگومان نەک تەنیا بەغدا، بەڵکو وڵاتانی دراوسێش زۆر نیگەرانن لەمبارەیەوە کە دەترسن کوردستان سەربەخۆیی وەربگرێت، دەزانم من باسی مەسەلەیەکی کۆنی زۆر تیۆریی دەکەم، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونە دێتەپێشەوە کە باسی کۆنترۆڵکردنی داهاتێکی زۆی نەوت دەکرێت. حکومەتی ناوەندی دەیەوێت خۆی کۆنترۆڵی سامانی نەوت بکات، بەڵام کوردیش پێیوایە ئەو نەوتانە کە لە ناوچەکانیاندایە هی خۆیانە. جیاوازییەکان لەسەر دابەشکردنی ئەمانەیە، گرنگترینی ئەمانە شاری جێناکۆکی کەرکوکە، لەڕاستیدا ئەمە شارێکە گرژییەکی زۆری تێدایە، چونکە لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری پێشوودا دیمۆگرافیای شارەکە بە ژێر گۆڕانێکی زۆردا تێپەڕیوە، ئێستا ئەم شارە بە چەندین ئاراستەدا دەبڕێت.

> **لە ڕاستیدا کاتێک لەسەر شەقامەکان قسە لەگەڵ خەڵکی ئێرەدا دەکەم، دەیانەوێت هەوڵی زیاتر بۆ کەرکوک بدەن، پارتەکانی دەسەڵاتدار دەکرا زیاتریان بکردایە، بەڵام کەرکوک شارێکی زۆر موعەقەدە**

وەکو دەبینین ئەمجارە نەیانتوانی دەنگبدەن. تائێستا ڕێگەیان پێنەدراوە کە قسەبکەن چیاندەوێت، بەڵام دەمەوێت بڵێم خۆشحاڵم بەوەی کە وەزعەکە بەرەوپێشەوەدەچێت، من لە ڕاستیدا لێرە لەگەڵ چەند کەسێکی لیستی گۆڕان قسەمکردووەو دەڵێن کە دەیانەوێت گفتوگۆبکەنو لە ڕاستیدا ئەوان دەڵێن ئەو گرژییەی نێوان حکومەتی بەغداو ناوەند تەنیا لیستی کوردستانی دروستیکردووە، چونکە دەیانەوێت سەرنجی خەڵکی لەسەر خۆیان لابدەن، من بە تەواوی دڵنیانیم کە ئەمە دروستە یان نا، پێموایە چەندین مەسەلەی دیکە هەیە کە ئەم گرژییەی دروستکردووە، بەڵام پێموایە ئەمە شتێکە دەبێت بەرەوپێشەوەبچێت. ئەمە لە وڵاتێکدایە بەتایبەتی وڵاتێک کە وڵاتی دوای شەڕە، ئەمە پێویستی بە گۆڕان هەیە.

**ڕۆژنامە: لە ڕاستیدا خەڵکی هیچ لەبارەی ئەو مامەڵانەوە نازانێت کە لە پشتی پەردەوە دەکرێت، لەنێوان حکومەتی هەرێمو حکومەتی ناوەند بە هەبوونی ئەو ڕاستییەی کە ئێمە ئۆپۆزسیۆنمان دەبێت، ئایا ئەمە یارمەتی خەڵکی نادات کە نهێنی پشت ئەو گرێبەستانەیان بۆ ئاشکرابکات؟**

* دووبارە گرفتی سەرەکیی گرفتی دەستگرتنەبەسەرسەرچاوەسروشتییەکانو چۆنیەتی دابەشکردنیان لەنێوان حکومەتی هەرێمو بەغدادا. دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە تەنانەت لە خۆرئاواش هەست بەم جیاوازییە ناکەن. ئەگەر لە ئەمریکا یان ئەوروپا قسە لەگەڵ یەکێکدا بکەیت، ئەوان ئەوە نازانن کە خەڵکی هەرێمی کوردستان تەواو جیاوازە لە خەڵکی بەشەکەی دیکەی عێراق. لە ڕاستیدا زۆر جیاوازن لە ڕووی کلتووریو چەندین ڕووی دیکەوە.

**ڕۆژنامە: جێگری بەڕێوەبەری ڕێکخراوی قەیرانی نێودەوڵەتی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو باکووری ئەفریقا دەڵێت سەرکردە کوردەکانی ئێستا نەیانتوانی قەناعەت بە کەرکوکییەکان بێنن کە بۆچی گرنگە بۆ ئەوان بێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، لە ڕاستیدا ئەو دەڵێت سەرکردایەتی کوردی متمانەی خەڵکی کەرکوکی لەدەستداوە، بەهەمانشێوەش گۆڕان هەمان بۆچوونی هەیە، بۆچوونی تۆ چییە لەمبارەیەوە؟**

* لە ڕاستیدا کاتێک لەسەر شەقامەکان قسە لەگەڵ خەڵکی ئێرەدا دەکەم، دەیانەوێت هەوڵی زیاتر بۆ کەرکوک بدەن، پارتەکانی دەسەڵاتدار دەکرا زیاتریان بکردایە، بەڵام کەرکوک شارێکی زۆر موعەقەدە تۆ ئێستا تەنیا باسی شارێکی کوردی ناکەیت، تۆ ئێستا باس لە شارێک دەکەیت کە هی کوردو تورکمانو عەرەبە، چیتر ناتوانیت بە کەرکوک بڵێیت شارێکی کوردیو دەبێت حوکم بەپێی ئەو خەڵکە بدەیت کە لە شارەکەدایە. بێگومان لە ڕووی مێژووییەوە بەشێکە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئێستا ناتوانیت داوا لە خەڵکەکەی دیکە بکەیت شارەکە بەجێبهێڵن، دەبێت گوێیان بۆ بگریت، بەڕای من حەلی کەرکوک ئەوەیە کە ئەم سێ نەتەوەیە بەیەکەوە کۆبکەیتەوەو ڕێگەیان بدەیت بەیەکەوە بژین، ڕەنگە ئەمە مانای دابەشکردنی شتەکانی ناو کەرکوک بێت، حەلی ئەم گرفتە نازانمو دڵنیانیم، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر دژوارە، کردەی تیرۆرستی دەرەکیی لەم شارە ڕوودەدات، بەڵام دەبێت ئەوەمان لە بیربێت کە ئەم شارە تەنیا شارێکی کوردی نییە، عەرەبو تورکمانیشی تێدایە هەرچەندە لە ڕووی مێژووییەوە کوردییە.

**ڕۆژنامە: بچینەوەسەر هەڵبژاردنەکان، پارتە ئیسلامییەکان ئەمجارە بە بەراورد بە ڕابردوو دەنگی کەمتریان هێنا. هەندێک هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە پارتە ئیسلامییەکان پەیوەندییانکردوە بە پارتە سۆسیالستییەکانەوە کە زۆرێک مسوڵمانی توند ئەمەیان بە دڵ نەبووە. لەسەر ئەمە چی دەڵێیت؟**

* زۆر لەوبارەیەوە نازانم، بەڵام ئەوەی دەزانم ئەوەیە کاتێک لە ڕابردوو ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز بوونی نەبوو، هەر کەسێک کە بیویستایە دەنگ بە لایەنێکی دیکە بدات جگە لە لیستی کوردستانی، هەڵبژاردەی کەمتری لەبەردەمدا هەبوو، بۆیە لە ڕابردووو هەرکەسیان بدۆزیایەتەوە دەنگیان پێدەدا، ئیسلامی، سۆسیالستی.... بەڵام ئێستا ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە بوونی هەیە، کە خەڵکی دەتوانێت شوێنی بکەوێت. بۆیە ئەو دەنگانەی کە ڕابردوو بەوان درا، ئەمجارەیان نەماو بەرەو گۆڕان ڕۆیشت. پێموایە لە ڕابردوو بۆیە خەڵکی زۆر دەنگیان بە ئیسلامییەکان دەدا، چونکە ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە بوونی نەبوو.

**ڕۆژنامە: ئایا ئەمە ئەوەش ناگەیەنێت کە خەڵکی ئەم هەرێمە زۆر حەزیان بە پارتی ئیسلامیی نییە؟**

* بەڵێ لە ڕاستیدا لە کوردستاندا بەشێوەیەکی گشتیی کاتێک قسە لەگەڵ هەر کەسێکدا دەکەیت، یەکەم شت، خۆیان زۆر بە ئیسلامیی دانانێن وەکو خەڵکی وڵاتە ئیسلامییەکانی دیکە. بەڵێ پێموایە ئەم هەرێمە زۆر بە باشی بەرەو وڵاتێکی عەلمانی دەڕوات. بەدڵنیاییەوە خەڵکی لێرە دەوڵەتی ئیسلامیی ناوێت.

**ڕۆژنامە: چاوەڕێ دەکەی پەرلەمانی داهاتووی کوردستان چۆن بێت؟**

*لە ڕاستیدا دەبێت چاوەڕێبکەین تا ببینین چی ڕوودەدات. لە ڕاستیدا بیستوومە کە گرژیی لەنێوان پارتیو یەکێتیدا هەیە، چونکە پێیانوایە ئەو دەنگانەی کە هاوپەیمانێتییەکە دۆڕاندی، دەنگی یەکێتی بوون. بۆیە دابەشکردنی دەسەڵات پەنجا بە پەنجا پێناچێت دادپەروەرانە بێت بەرامبەر بە پارتی، ئەگەر ئەم دووانە جیاببنەوە دەبنەوە دوو لیستی بچووک، لێرەدا بردنەوەکەی گۆڕان گەورەتر دەبێت. ئەگەر بەیەکەوەش بمێننەوە، هێشتا دەبێت گوێ بۆ دەنگی ئۆپۆزسیۆن بگرن. (٢٥٪) هێشتا ڕێژەیەکی گەورەیە، ئەگەر ئەم ساڵو ساڵی داهاتوو نەبێت، ئەوا ئەوان چاوەڕوانی چوار ساڵی داهاتوون بۆ حکومەت، ئەمە ئەو کاتەیە کە دەکرێت گۆڕان بەتەواوەتی دەستپێبکات کە تەواوی سیستمەکە دەکرێت سەرەو قلپبکرێتەوەو گۆڕان بە ئاسانی دەکرێت زۆرینە بەدەستبهێنێت. چوار ساڵ زۆر زۆرە، بەڵام هەموو لایەک چاوەڕوانی هەڵبژاردنی داهاتوو دەکەن، تا ببینن چی ڕوودەدات.

**ڕۆژنامە: هەندێک خەڵک لە ڕاستیدا پێیانوایە زۆر باشە گۆڕان ئەم ڕێژەیەی ئێستای بەدەستهێناوەو هێندەی نەهێناوە کە حکومەت پێکبهێنێت، چونکە ئاسان نەبوو بۆ گۆڕان بتوانێت حکومەت چاکبکاتەوە کە لە هەموو ڕوویەکەوە لەلایەن دوو پارتەکەوە دارووخاوە. ناتوانێت بە ئاسانی بیگۆڕێت، دەبێت یەکەمجار ئۆپۆزسیۆن بێت، پاشان باشترە حکومەت بەرێتەوە. چی دەڵێیت لەو بارەیەوە؟**

* پێموانییە هیچ پارتێک پێتبڵێت کە پێیان باشە دەنگی کەمتریان هێناوە، بەڵام تێدەگەم دەڵێیت چی، هەموو پارتێک دەیەوێت زۆرترین دەنگ بهێنێت، بەڵام پرسیارەکە پەیوەندی بە متمانەوە هەیە، ئایا پارتێکت دەوێت حکومەت بگرێتە دەست کە تەنیا تەمەنی سێ مانگە یان پارتەکانی دیکە کە ئەزموونیان هەیە. ئاشکرایە کە ئەزموونێکی پڕ گرفتبووە، بەڵام بەڵێ پێموایە پێویستە بنکەیەکی بەهێزو دڵسۆزی بچەسپێنێتو نیشانی بدەیت کە گۆڕانکاریت پێدەکرێت.

**ڕۆژنامە: ئەگەر بەراوردی ئێرە بکەین بە وڵاتێکی خۆرئاوایی یان ئەوروپی، ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت چ ڕۆڵێک بگێڕێت؟**

* ڕۆڵێکی زۆر، بەتایبەت ئەگەر بێتو سەیری ئەمریکاو بەریتانیا بکەین. کۆمارییەکانو دیموکراتەکان بۆ چەند ڕێژەیەکی کەم کاردەکەن، بۆ یەک یان دوو لە سەد. ئەمە مانای ئەوەیە کە ڕێژەیەکی زۆر کەم دەکرێت دەسەڵات لە یەکێکی دیکە بسەنێتەوەو بیدات بەوی دیکە. دەبینم سیستمی سیاسیی کوردی بەو ئاراستەیەدا دەڕوات. پێموایە ئەگەر گۆڕان کارەکانی بە باشی بکات، پاڵپشتییەکانی زیاتر دەکات. پێموایە ئەمە هەنگاوی یەکەمە بە ئاراستەی دیموکراسییەکی خۆرئاواییداو هیچ گومانم نییە کە کوردستان فۆرمی دیموکراسی خۆی دروستدەکات.

**ڕۆژنامە: ئەگەر بەشێوەیەکی تایبەتی باسی خۆرئاوا بکەین، ئایا پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان توانای گۆڕینی بڕیاریان هەیە؟**

* ئەمە پشت بەوە دەبەستێت پارتە ئۆپۆزسیۆنەکە چەندە گەورەیە. ئەگەر سەیری پارتی لیبراڵ دیموکراتەکانی بەریتانیا بکەین وەکو سیستمێکی سێ پارتی کە پارتێکی بچووکە لەچاو دوو پارتە گەورەکەدا، ئایا دەتوانن کاریگەربن لەسەر سیاسەتەکان، لە ڕاستیدا نەخێر، بەڵام لە سیستمێکی وەکو ئێرەدا، بەدڵنیاییەوە بەڵێ. ئەمە پشت بە ڕێژەی لە سەدا دەبەستێت کە چەندە قەبارەت.

**ڕۆژنامە: وا بزانم دەبێت دوایین پرسیارم بکەم، چونکە کاتت زۆر نەماوە، بەڵام دەمەوێت بزانم پێشبینی چی دەکەیت ڕووبدات، وا بزانم لە بەرنامەتدایە جارێکی دیکە بێیتەوە بۆ کوردستان. حەزدەکەیت کە هاتیتەوە چی ببینیت؟**


* بەدڵنیاییەوە دێمەوە بۆ کوردستان. ئەم بەشەی جیهانم زۆر خۆشدەوێت. ئەم وڵاتەم خۆشدەوێت ئەو ڕووداوانەشم خۆشدەوێن کە ئێستا دەگوزەرێن، حەزدەکەم بنیادنانی دیموکراسی ئەم نەتەوەیە ببینم گەشەبکات. ئەوەی کە پێشبینی دەکەم ڕووبدات ئەوەیە لە ڕاستیدا ئەوەی ڕوودەدات دەبێت ڕووبدات، لیستی کوردستانی دەبێت زیاتر بەرپرسیار بێت بەرامبەر کردەوەکانی، دەبێت لە بارەی بودجەوە ڕوون بن. لە ڕاستیدا هەبوونی دوو بودجەو دوو وەزارەتی ناوخۆ نابێت، دەبێت ئەمە چارەسەر بکەن، دەبینم ئەم گۆڕانە ڕوودەداتو شەفافیەت دروستدەبێت. تەنیا کات دەتوانێت پێمان بڵێت چی ڕوودەدات. ئەوەی من هیواخوازم بۆ ئەم وڵاتە ئەوەیە سیستمی خۆی دروستبکات. پێموانییە دروستبێت کە سەیری وڵاتێک بکەیتو بڵێیت دەبێت ئەو سیستمەمان هەبێت، دەبێت ئەوە ببینیت کە لێیەوە دەستپێدەکەیتو ئەو سیستمە بۆ باشترین ئاست بەریت. پێموایە دیموکراسیی بە واتای دەسەڵاتی خەڵک دەبێت سیستمی حکومڕانیکردن بێت، بەڵام ڕەنگە لە وڵاتێکدا کە خێڵەکییە، دەبێت بزانیت خەڵک هەیە دڵسۆزیی بۆ کەسەکان هەیە، دەبێت قسەیان لە گەڵدا بکەیتو پێیان بڵێیت کە شتەکان چۆن دەبێت بگۆڕێن. شتەکان دەبێت بگۆڕێنو پێموایە دەگۆڕێن.

## نووسەرێکی نیویۆرک تایمز:

# بردنەوەی ٢٥ کورسی پەرلـەمان لە لایەن لیستێکەوە کە تەم

سازدانی: نامۆ عەبدوڵڵا

**بێنجامین هۆڵ، لە رۆژنامەی سەندەی تایمز کاریکردووەو لە رۆژنامە بەناوبانگە ئەمریکییەکانی وەکو رۆژنامەی نیویۆرک تایمزو هێراڵد تریبیون دەنووسێت، ئـەو رۆژنامەنووسێکی سەربەخۆو بەرهەمهێنەری فیلمە. چەند جارێک سەردانی کوردستانی کـردووە، لەسەر هەڵبژاردنەکانی کوردستان دوو وتاری لە رۆژنامەکانی نیویۆرک تایمزو هێراڵد تریبیونی ئەمریکیدا نووسی.**



**رۆژنامە: هەڵبژاردنەکان بەلای تۆوە چۆن بوون؟**

* لە راستیدا کاتێکی زۆر خۆشە کاتێک وڵاتێک هەڵبژاردنی تێدا روودەدات، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە لە رابردوودا گرفتیان لەگەڵ سیستمی سیاسییاندا هەبووە، من لە دوو رووەوە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە دەبینم، یەکەمیان ئـەوەی خۆم راستەوخۆ بینیومە، دووەمیان ئەوەیە کە لەسەر شەقامەکان خەڵکی پێیانوتووم. ئەوەندەی پێمکرا لە ماوەی هەڵبژاردنەکاندا سەردانی چەندین وێستگەی جیاوازمکرد تا رای جیاوازی نێو بنکەکان وەربگرم، سەرەتا دەتوانم بڵێم ئەوەی بینیم هەڵبژاردنەکان بەباشیو رێکوپێکی بەرێوەچوو. سەرەتا بەیانییەکەی کە خەڵک هاتن هەموو شتێک باشبوو، بەڵام بێگومان سەردانی هەندێک لە وێستگەکانی دەنگدانم کـرد وەکو رۆژنامەنووسێکی خۆرئاوایی بە چاوی خۆم بینیمو هەستم بە نارەزاییو گلەیی خەڵک دەکرد لەو شوێنانە. هەندێک لەو پۆلیسانە خۆشحاڵنەبوون کە منیان دەبینی بە کامێراوە دەچـوومو رێگەشم پێنەدرا بچمە ناو هەندێک وێستگەوە، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەوەی بینیم هەڵبژاردن بەشێوەیەکی گشتیی بـاش بـەرێـوەچـوو، لەلایەکی دیکەشەوە گوێبیستی چەندین رەخنەبووم خەڵکی دەیانگرت، خەڵکی باسیان لە گرفتەکانی سیستمەکەو سەرپێچیی دەکرد، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی دەتوانم بڵێم تارادەیەکی باش هەڵبژاردنەکان ئارامو بێ توندوتیژیی بوون.

**رۆژنامە: وتت چەند پۆلیسێک رێگەیان نەدایت بە کامێراوە بچیتە وێستگەکانی دەنگدانەوە، ئایا لە وڵاتی ئێوە یان وڵاتانی دیکەی خۆرئاوایی شتی وا روودەدات؟ مەبەستمە بڵێم تۆ وەکو کەسێک کە کارت چاودێریکردن بووە؟**

* دەمەوێت راستگۆبم لەگەڵتدا کە من تائێستا لە وڵاتی خۆم چاودێری پرۆسەی هەڵبژاردنم نـەکـردووە، هەرچەندە لە تەلەفزیۆنەکانەوە بینیومە کامێرا چووەتە ناو وێستگەکانی دەنگدانەوە، بەهەمانشێوە لێرەش کامێرام بینی لە وێستەگانی دەنگدان، لێرەش بۆ هەندێک لە وێستگەکانی دەنگدان کامێرام بردە ژوورەوە، بەڵام لە هەندێکیان رێگەم پێنەدرا.

**رۆژنامە: ئایا پێتوایە ئێمە دەبێت بەمە نیگەران بین؟**

* پێموانییە، ئەگەر مێژووی ئەم وڵاتە بێنینە پێشچاوی خۆمان، شتێکی ئاساییە بە گومان بیت لە میدیا. منیش وەکو کەسێکی خۆرئاوایی، پێموایە سروشتییە گومانم لێبکرێت. هەرچەندە دەتوانم بڵێم بەشێوەیەکی گشتیی هەڵبژاردنەکان باشبوون.

**رۆژنامە: زۆرێک لەخەڵکی بەشانو باڵی ئەم هەڵبژاردنەیان هەڵدەدا بەهۆی سەرهەڵدانی لیستێکی ئۆپۆزسیۆنی راستەقینەوە، تۆ سەرنجت چییە لەو بارەیەوە؟**

* پێموایە ئەمە گەورەترین لایەنی سەرکەوتووی هەڵبژاردنەکان بوو. ئەمە زۆر گرنگە بۆ وڵاتێک وەکو وڵاتێکی دیموکراسی دەیەوێت بەرەوپێشەوەبرواتو هەڵبژاردن ئەنجامدەدات کە تێیدا تەنیا دوو پارت دەسەڵاتیان هەیە. ئەمە ئاشکرایە یەکەمجارە لە کوردستاندا شتی وا روودەداتو لیستێکی ئۆپۆزسیۆن سەریهەڵداوەو خەڵکی بوێرانە دەنگی پێدەدات.

**رۆژنامە: لە وتارەکەتدا لە نیویۆرک تایمز نووسیوتە کە قسەت لەگەڵ لایەنگرانو سەرکردەکانی لیستی گۆڕاندا کردووە ئەمەش وای لێکردوویت دڵنیابیت لەوەی کە ئەم لیستە دەتوانێت گۆڕانکاریی بکاتو جیاوازییەک دروست بکات، چ جۆرە جیاوازییەک دەتوانن بکەن؟**

* بەڵێ بە دڵنیاییەوە، بەڵام پێویستە یەکەمجار لە مێژووی سیاسیی ئەم هەرێمە تێبگەین کە باسی ئەوە دەکرێت گەندەڵیو مەحسوبیەتو مەنسوبیەت بەشێوەیەکی بـەربـڵاو هەیە، ئـەم گرفتانەش رەنگە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەم وڵاتە دوو خێزان حوکمڕانی دەکەن لەم رووەوە دەکرێت بڵێین شتەکان گۆڕانیان بەسەرداهات. زۆر خۆشبوو بینیمان ئەم بەرەوپێشچوونە روویداو پێموایە هەموو کەسێک هەست بەمە دەکات.

**رۆژنامە: ئێمە لێرە لە کوردستاندا چ جـۆرە وێنەیەکمان هەیە لەلای ئێوەی خۆرئاوایی، کەسێکی وەکو تۆ لە لەندەن، کوردستان چۆن دەبینێت کاتێک گوێبیستی گەندەڵیو مەنسوبیەتو ئەو جۆرە گرفتانە دەبێت. ئایا خەڵکێکی زۆر لە دەرەوە ئاگادارن لەم گرفتانەی ئێرە؟**

* نا، خەڵکێکی زۆر ئاگاداری ئێرەنین. گرنگترین مەسەلە کە لە بەریتانیادا باسی کوردستان دەکرێت ئەو مەسەلانەیە کە لەسەر سنووری نێوان کوردستانو تورکیا هەیە. گرفتی پەکەکە، دژی دەوڵەتی تورکیا. ئەمە ئەوەیە کە ئێمە لە خۆرئاوا زۆر گوێبیستی دەبین لەبارەی ئێرەوە، ئەمە شتێکی زۆر بێ مانایە، چونکە بەڕای من ئەم وڵاتە وڵاتێکی زۆر جوانە کە پاشماوەیەکی کلتووری دەوڵەمەندی هەیە. وڵاتێکی زۆر دەوڵەمەندە کە دەکرێت لە ئاستی نێودەوڵەتیی رۆڵی خۆی بگێڕێت، بەڕاستی بێ مانابیە کە لەبارەی ئێرەوە نازانین. پێموانییە خەڵکێکی زۆر ئاگاداری سیستمی سیاسیی ئێرەبێت تا سەرنج لەسەر گەندەڵیو مەنسوبیەتی ئەم هەرێمە بدەن کە زۆرێک خەڵک پێیانوایە بوونی هەیە. پێموایە خەڵکی دەبێت زیاتر لەبارەی کوردستانەوە بزانن. پێموایە ئەمە لە گۆڕاندایە لەکاتێکدا خەڵکێکی زۆر لە کوردستانەوە بەرەو خۆرئاوا گەشتدەکات.

**رۆژنامە: ئەوەی من لە ماوەی رابردوودا لە میدیای خۆرئاوادا بینیم ئەوەبوو کە خەڵکێکی زۆری بیانی سەرسامبوونو سەرهەڵدانی لیستی گۆڕانیان زۆر بەلاوە شتێکی گرنگبوو. هۆکاری ئەمە بەلای تۆوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ بۆچی پێیان باشە ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان هەبێت؟**

* سـەرەتـا دەمـەوێـت بڵێم ئـەوان ئەمەیان پێخۆشە، چونکە لە سیستمی حوکمڕانی خۆیانەوە دەڕوانن. لە بەریتانیا بژیت، یان ئەمریکا، یان لە هەر وڵاتێکی خۆرئاوایی بژیت، ئێمە شانازی بە سیستمی حوکمڕانی خۆمانەوە دەکەین کە خەڵکی سەرکردەکانیان هەڵدەبژێرن. شانازیش دەکەین کاتێک وڵاتێکی دیکە شوێن سیستمی ئێمە دەکەوێت، چونکە پێمانوایە سیستمێکی باشەو لە راستیشدا سیستمێکی باشە. بۆیە ئێمە خۆشحاڵین کە دەبینین کوردستان شوێن سیستمی ئێمە دەکەوێتو رێگەدەدەن خەڵکی خۆی سەرکردەی خۆی هەڵبژێرێت.

**رۆژنامە: پرسیارەکەی من بەتایبەتی لەسەر رۆڵی ئۆپۆزسیۆن بوو. دەمەوێت بڵێم ئایا دەکرێت وڵاتێکی دیموکراسیت هەبێت بەبێ هەبوونی ئۆپۆزسیۆن؟**

* نەخێر بە هیچ شێوەیەک، ئەوەی پێویستە رووبدات ئەوەیە کە پێویستت بەوە هەیە سەرکردەکان ئەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستە هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن، دەبێت سیستمێک بوونی هەبێت هەر کە زانرا شتێکی کراوە دروست نییە، شتێکی هەڵەکراوە، دەبێت خەڵکی بتوانن رووبکەنە شوێنێکی دیکە. ئۆپۆزسیۆن رێگە بۆ ئەمە دەکاتەوە. ئۆپۆزسیۆن دەڵێت: ببینە ئەگەر سیستمی ئێستات بەدڵ نییە، وازی لێبێنە، کەسێکی دیکە هەیە وەرە بۆ لای کە رەنگە بتوانێت داهاتوویەکی باشترت بۆ دابینبکاتو بتخاتە سەر رێگەیەکی باشتر.

**رۆژنـامـە: لیستی گـۆڕان (٪٢٥) کورسییەکانی بەدەستهێنا، تۆ وتت ئەم رێژەیە بەسە بۆ ئەوەی بیانەوێت گۆڕان بکەن، ئایا بەڕاستی ئەو برە کورسییە بەسە؟**

* بەڵا، بە دڵنیاییەوە بەسە، پێموایە رەنگە هەر سەرەتایەک بێت بۆ بزووتنەوەیەک کە دەکرێت زیاتر گەشەبکات. ئاشکرایە دیموکراسی شتێک نییە کە لە شەوو رۆژێکدا ببیتە خاوەنی، بەڕاستی بردنەوەی (٪٢٥) کورسییەکان لەلایەن لیستێکەوە کە تەمەنی تەنیا سێ مانگ بوو، رێژەیەکی زۆر گەورەو نایابە. بەدڵنیاییەوە ئەمە شتێکمان لەبارەی ویستو حەزی خەڵکەوە پێ دەڵێت بۆ گـۆڕان، بەڵێ (٪٢٥) زۆر گەورەیەو بەتایبەتی کاتێک کە باس لە ئەگەری گرژییو دابەشبوونی هاوپەیمانێتی پارتیو یەکێتی دەکرێت. ئەگەر گۆڕان شان بداتە شانی لیستی خزمەتگوزارییو چاکسازیی کە (٪١٣)ی دەنگەکانی هەیە، بۆیە بەدڵنیاییەوە دەتوانن گۆڕان بکەنو ئەمەش وڵات بەرەو وڵاتێکی تارادەیەکی دوو پارتی یەکسان دەبات.

**رۆژنامە: بۆیە دەکرێت گۆڕان بکەن؟**

* بەڵێ، بەدڵنیاییەوە دەکرێت گۆڕانکاریی بکەن.

**رۆژنـامـە: وتـت دەکـرێـت گـۆڕان هـاوپـەیـمـانـێـتـی لـەگـەڵ لیستی خزمەتگوزارایو چاکسازیی ببەستێت. ئایا ئەمە بەڕای تۆ باشە، لەکاتێکدا ئەوان لە رابردوودا بەشێکبوون لەو سیستمەی کە بە گەندەڵیی تۆمەتباردەکرێت؟**

* من گومانم لە شێوەی کارکردنی هاوپەیمانێتییەکان هەیە لـەم وڵاتـەی ئێوە. تۆ دەبینیت سەرەڕای ئەوەی خاڵی هاوبەشیان زۆر کەمە کەچی دەبنە یەک لیست تەنیا بۆ ئـەوەی رێژەیەکی زیاتر کورسی بێنن لە پەرلەماندا. ئەگەر لیستی چاکسازیو خزمەتگوزاریی وەربگرین دەبینین ئەم لیستە پێکهاتووە لە بەرەیەکی سۆسیالستو بەرەیەکی ئیسلامیی کە لە رووی ئایدۆلۆژییەوە ئەم دووانـە بە بۆچوونی من زۆر لەیەکەوە دوورن. پارتێکی سۆسیالستی کە دەکەوێتە لای چەپەوەو پارتێکی ئیسلامییش کە دەکەوێتە سەر باڵی راست. بەشداریکردن لە هاوپەیمانێتییەکدا تەنیا لەبەر بەدەستهێنانی کورسی بۆ من بێ مانا دەردەکەوێت، بەڵام لێرە دەبینیت وەزعەکە بە باشی دەڕوات. ئەگەر وەزعەکە بەمشێوەیە بێت ئاساییە، بەڵام پێموایە یەکێک ئەو پارتانە دەبێت لەیەکتر جیاببنەوە.

**رۆژنامە: ئەمە رەنگە یەکێک بێت لەو شتە سەیرانەی تۆ لێرە بینیت، دەبینیت عەلمانییەکانو ئیسلامییەکان بەیەکەوە لەیەک بەردان؟**

* نەک عەلمانیو ئیسلامیی، من پێموایە دەکرێت پارتێکی دینییو پارتی عەلمانی هاوخواست بن، بەڵام پارتە ئیسلامییەکان دەیانەوێت لە باڵی راست بن، کۆمەڵگەیەکی موحافیزکاریان دەوێت، لەکاتێکدا پارتێکی سۆسیالستی کۆمەڵگەیەکی کراوەو لیبراڵی دەوێت. ئەمە دوو شێوازی جیاوازیی وەزعی سیاسییە.

**رۆژنامە: دوای ئەوەی هەڵبژاردنەکانمان بینی، بینیمان خەڵکی سلێمانی بە زۆری دەنگیان بە لیستی ئۆپۆزسیۆندا لەکاتێکدا خەڵکی بەشی باکوور دەنگیان بە پارتە دەسەڵاتدارەکاندا، بۆچوونت چییە لەسەر ئەمە؟**

* من ئەمە لەو رووەوە سەیردەکەم بەپێی ئەو فاکتەرەی کە گۆڕان زیاتر لە ئەندامە کۆنەکانی یەکێتی پێکهاتوونو سلێمانیش بنکەی دەسەڵاتی یەکێتییە، ئاسانتربوو بۆ لایەنگرانی یەکێتی واز لە پارتەکەیان بێننو دەنگ بە گۆڕان بدەن وەک لە لایەنگرانی پارتی کە دەسەڵاتیان بەسەر باکووردا هەیە. لەبەرئەمەش تێدەگەم بۆچی (٪٥١)ی خەڵکی سلێمانی دەنگیان بە گۆڕان داوە.

**رۆژنامە: لە وتارەکەتدا نووسیوتە کە گۆڕان دەکرێت سیستمی ئیستیبدادییەتو مەنسوبیەت لە هەرێمەکەدا کۆتایی پێبێنێت؟**

* نەم وتووە دەکرێت کۆتایی پێبهێنێت. پێموایە دەتوانێت یەکەم هەنگاو بە ئاراستەی گۆڕاندا بنێت، بەتایبەتی کە باس لە گەندەڵیی دەکرێت، پارتێک کە داوای شەفافییەت بکاتو خۆشی شەفاف بێت لەناوخۆیدا، پارتەکانی دیکە ناچاردەکات کە ئەوانیش لەلای خۆیانەوە شەفافبن، یان لانیکەم لە هەڵبژاردنی داهاتوودا کە چوار ساڵی دیکە دەکات، هەلی بردنەوەیان نابێت. پێموایە لیستی کوردستانی، ئەگەر تا چوار ساڵی داهاتوو بەیەکەوە بن، ئەوا رەنگە بەرەو شەفافییەت بـڕۆنو رووبـەڕووی ئەو تەحەدییانە ببنەوە کە گۆڕان رووبەڕوویان دەکـاتـەوە. پێموایە ئـەم کـارە دەکـەن،

# ... (٤٦) مليار ديناره

# ...وردستان فه‌وتاوه

### كێ كه‌مته‌رخه‌مه‌؟

زۆرێك له‌و لایه‌نانه‌ی په‌یوه‌ندییان به‌ به‌شه‌ خۆراكی هاوڵاتیانه‌وه‌ هه‌یه‌ یه‌كتری به‌ كه‌مته‌رخه‌م تۆمه‌تبار ده‌كه‌ن.

ئاسۆ حه‌مید، ئاماژه‌ به‌وه‌ ده‌كات كه‌ نووسراویان بۆ به‌غدا كردووه‌و داوای قه‌ره‌بووه‌كانیان لێكردوون‌و كه‌موكورییه‌كان له‌ نه‌گه‌یشتنی به‌شه‌خۆراك ده‌خاته‌ ئه‌ستۆی وه‌زاره‌تی بازرگانی عێراق‌و وتیشی: «كه‌موكورییه‌كان له‌ وه‌زاره‌تی بازرگانی به‌غداویه‌ نه‌ك ئێمه‌». لێپێچینه‌وه‌كانی ئه‌نجومه‌نی نوێنه‌رانی عێراقی له‌ وه‌زیرو كاربه‌ده‌ستانی وه‌زاره‌تی بازرگانی عێراقیشی بۆ پشتڕاستكردنه‌وه‌ی قسه‌كانی هێنایه‌وه‌.

هه‌رچه‌نده‌ ئه‌و پێیوایه‌ وه‌زاره‌ته‌كه‌ی كاری خۆی جێبه‌جێكردووه‌و ئه‌وه‌ش ده‌خاته‌ڕوو كه‌ وه‌زاره‌تی بازرگانی هه‌رێم سه‌رۆكایه‌تی ئه‌نجومه‌نی وه‌زیرانی ئاگاداركردووه‌ته‌وه‌ «كه‌ سه‌رووی خۆیه‌تی‌و سه‌رۆكایه‌تیش داوایانكردووه‌ نووسراو ئاراسته‌ی وه‌زاره‌تی بازرگانی به‌غدا بكرێت، له‌ ڕووی ئیدارییه‌وه‌ ده‌بێت ئه‌نجومه‌ن ئاگاداربكه‌ینه‌وه‌، په‌رله‌مانتاره‌ كورده‌كانی به‌غداش زۆرێكیان ئاگایان له‌ كێشه‌ی به‌شه‌خۆراك هه‌یه‌ له‌ هه‌موو شاره‌كانی عێراقدا نه‌ك ته‌نیا هه‌رێم».

به‌ڵام سامی ئه‌تروشی، ئه‌ندامی ئه‌نجومه‌نی نوێنه‌رانی عێراق، وتی: «كاتێك به‌رپرسانی وه‌زارتی بازرگانی عێراق بانگهێشتكرانه‌ په‌رله‌مان، زۆر باسی خۆراك كراوه‌، ئه‌وانیش به‌ به‌ڵگه‌نامه‌ی خۆیان باس له‌وه‌ ده‌كه‌ن كه‌ پارێزگاكان خۆیان به‌رپرسیارن له‌وه‌».

سامی ئه‌تروشی، له‌وبڕوایه‌دایه‌ «جۆره‌ كه‌موكورتییه‌ك له‌ حكومه‌تی كوردستان‌و وه‌زاره‌تی بازرگانی هه‌یه‌، كه‌ ده‌بوایه‌ ئه‌و بابه‌ته‌یان بگه‌یانایه‌ته‌ ده‌ستی په‌رله‌مانتاره‌كانی خۆیان‌و ئاگاداریان بكردنایه‌ كه‌ ئێمه‌ نوێنه‌ریانین له‌ به‌غدا، چونكه‌ ئه‌گه‌ر هه‌واڵی وامان هه‌بوایه‌ له‌باره‌ی نه‌هاتنی خۆراكی ئه‌و مانگانه‌، به‌ئاسانی لێپرسینه‌وه‌مان له‌گه‌ڵ وه‌زاره‌تی بازرگانی عێراق ده‌كرد».

هه‌روه‌ك جه‌خت له‌وه‌شده‌كاته‌وه‌ كه‌ تائێستا له‌ هه‌رێمه‌وه‌ ئاگاداری ئه‌و بارودۆخه‌ نین‌و وتیشی: «ته‌نانه‌ت ئه‌وه‌ یه‌كێك له‌ گله‌ییه‌كانمانه‌ له‌ حكومه‌تی هه‌رێم، كه‌ په‌رله‌مانتاری كورد له‌ به‌غدا ئاگاداری ئه‌و كێشانه‌ نین كه‌ له‌ كوردستان هه‌یه‌، له‌كاتێكدا ئه‌وه‌ كێشه‌یه‌كی سیاسی نییه‌ له‌ئاستێكدا چاره‌سه‌ر ده‌كرێت، چونكه‌ ئه‌گه‌ر گرفتێكی له‌وشێوه‌یه‌ به‌ ئێمه‌ بووترێت بانگهێشتی وه‌زاره‌ت‌و نوێنه‌ریان ده‌كه‌ین‌و لێپێچینه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ ده‌كه‌ین».

### خراپیی جۆری خۆراك

سه‌رباری نه‌گه‌یشتنی به‌شێكی زۆر له‌و خۆراكانه‌ی بڕیاربوو له‌ به‌شه‌خۆراكی هاوڵاتیاندا بدرێته‌ هاوڵاتیان، به‌شێكی دیكه‌ش له‌و خۆراكانه‌ی ده‌درێن له‌ ڕووی جۆرێتییه‌وه‌ په‌سه‌ند نین، ئه‌وه‌ش كاریگه‌ریی خراپی كردووه‌ته‌ سه‌ر هاوڵاتیان‌و به‌شێكیان ئاماده‌نین به‌وشێوه‌یه‌ ئه‌و به‌شه‌خۆراكانه‌ وه‌ربگرن، سه‌رباری ئه‌وه‌ی هه‌ندێك له‌و خواردنانه‌ ڕه‌نگه‌ به‌سه‌رچووبن یان پیس بووبن، ئه‌وه‌ش وایكردووه‌ هه‌ندێك له‌ هاوڵاتیان ده‌ستبه‌رداری خۆراكه‌كه‌یان بوون.

ئاسۆ حه‌مید، باس له‌وه‌ ده‌كات كه‌ كڕینی خۆراك له‌ ئه‌نجومه‌نی وه‌زیرانی حكومه‌تی هه‌رێم گفتوگۆی له‌سه‌ر كراوه‌و «وه‌زاره‌تی بازرگانی پێشنیازی خستووه‌ته‌ به‌رده‌م ئه‌نجومه‌ن»، ئه‌و پێیوایه‌ كڕینی به‌شه‌خۆراك له‌لایه‌ن هه‌رێمه‌وه‌ ئیجابیات‌و سلبیاتی هه‌یه‌، به‌شێوه‌یه‌ك كه‌ ده‌توانن خۆراكی باشتر بكڕن له‌ ڕووی كوالێتییه‌وه‌، به‌ڵام هه‌ندێكجار «پاره‌كه‌ كه‌مه‌ یان كۆمپانیایه‌كی گه‌وره‌ نییه‌ ئه‌و كاره‌بكات یان ده‌بێت له‌ بودجه‌ی هه‌رێم پاره‌ی بێته‌سه‌ر، یان ئه‌و پاره‌یه‌ وه‌ربگیرێت‌و بدرێته‌ هاوڵاتی، كه‌ ئه‌وه‌ش پێویستی به‌ سیستمێكی بانكیی پێشكه‌وتووه‌، كه‌ هه‌موو شارو شارۆچكه‌كان بگرێته‌وه‌و له‌ كوردستاندا نییه‌ یان به‌ سێیه‌م ڕێگه‌ كه‌ ئه‌نجومه‌نی وه‌زیرانی به‌غدا خۆی سه‌رپه‌رشتیار بێت له‌وه‌ی گرێبه‌سته‌كان بكات‌و به‌شه‌خۆراك بكڕێت‌و بینێرێت له‌كاتێكدا كه‌ پاره‌كه‌ مه‌ركه‌زییه‌و به‌غدا ته‌رخانی ده‌كات».

ئاسۆ وتیشی: «هه‌رێم ئه‌وه‌ی سێیه‌می هه‌ڵبژاردووه‌و به‌ سه‌ركه‌وتووی ده‌زانێت». بڕواشی وایه‌ كه‌ زۆریی پاره‌كان یه‌كێكه‌ له‌ گرفته‌كان كه‌ چه‌ند به‌رپرسێكی وه‌زاره‌ته‌كه‌ به‌ گه‌نده‌ڵییه‌وه‌ تێوه‌گلاون، كه‌ ئه‌و پاره‌ زۆره‌ بۆ ئه‌و خۆراكه‌ خراپه‌ی پێده‌كڕن.

هه‌روه‌ك پێشیوایه‌ ئه‌و به‌شه‌خۆراكه‌ی دێت هێنده‌ خراپ نییه‌و وتی: «ئێستا كه‌ به‌شه‌خۆراك دێت نووسراوی ته‌ندروستی‌و كۆنترۆڵی جۆریی به‌غدای له‌گه‌ڵدا دێت، كه‌ له‌ تاقیگه‌دا ده‌ركه‌وتووه‌ ئه‌و خۆراكانه‌ بۆ خواردنی مرۆڤ ده‌شێن».

له‌لای خۆشیه‌وه‌ سامی ئه‌تروشی خراپیی جۆری خۆراكه‌كان بۆ پرۆسه‌ی سیاسیی ده‌گه‌ڕێنێته‌وه‌ له‌ عێراقدا كه‌ به‌ بڕوای ئه‌و خه‌له‌لێكی ئاشكرا هه‌یه‌ له‌سه‌ر چاودێریكردنی كاره‌كانی حكومه‌ت له‌لایه‌ن په‌رله‌مانه‌وه‌و پێیوایه‌ كه‌موكورتییه‌ك هه‌یه‌ كه‌ بریكاری وه‌زاره‌تی بازرگانیش ڕایگه‌یاندووه‌ «له‌ماوه‌ی ڕابردوودا گه‌نده‌ڵییه‌كی زۆر هه‌بووه‌ له‌ وه‌زاره‌تی بازرگانی‌و واته‌ ئه‌و پاره‌یه‌ی ته‌رخانده‌كرێت بۆ كڕینی به‌شه‌خۆراك گه‌نده‌ڵی تێدا ده‌كرێت، له‌به‌رئه‌وه‌ش كه‌ جۆره‌كه‌ی له‌ ئاست پێویستی‌و ئه‌و پاره‌و بودجه‌یه‌دا نییه‌ كه‌ ده‌درێته‌ وه‌زاره‌تی بازرگانی»، هه‌روه‌ك بۆچوونیشی وایه‌ كه‌ گله‌ییه‌كی دیكه‌ ده‌كه‌وێته‌ سه‌ر په‌رله‌مان كه‌ لێپرسینه‌وه‌یه‌كی جدیی نییه‌ له‌ وه‌زاره‌ته‌كان.





# بێكاریی، ده‌رده‌ كوشنده‌كه‌

بارزان حه‌سه‌ن

دوای ڕاگه‌یاندنی ڕاپۆرتێكی ڕێكخراوی نه‌ته‌وه‌یه‌كگرتووه‌كان، كه‌ ساڵی پار بڵاوی كردوه‌وه‌ كه‌ ڕێژه‌ی بێكاریی له‌ عێراق ده‌گاته‌ له‌ (١٨٪)، له‌ به‌رامبه‌ردا وه‌زاره‌تی كاروباری كۆمه‌ڵایه‌تی كوردستان ڕایده‌گه‌یه‌نێت؛ تاكو ئێستا ئامارێكی ڕه‌سمییان له‌ به‌رده‌ستدا نییه‌، تاكو بزانن ڕێژه‌ی بێكاریی چه‌نده‌، به‌ڵام زانیارییان هه‌یه‌ كه‌ له‌ عێراق كه‌متره‌، هاوكات به‌پێی ئامارێكی وه‌زاره‌تی پلاندانانی كوردستان ڕێژه‌كه‌ ده‌گاته‌ (٤,٧٪).

چاودێرانی ئابووری پێیانوایه‌ هه‌رچه‌نده‌ ڕێژه‌ی بێكاریی له‌ كوردستان كه‌متره‌ له‌ به‌رامبه‌ر عێراق، به‌ڵام وا چاوه‌ڕوانده‌كرێت ئه‌م ڕێژه‌یه‌ش له‌ كوردستان به‌رزبوونه‌وه‌ به‌خۆوه‌ ببینێت‌و ئه‌وه‌ش بۆ نه‌بوونی پلانێكی تۆكمه‌ ده‌گێڕنه‌وه‌ بۆ ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی ئه‌م قه‌یرانه‌.

موزه‌فه‌ر هه‌مزه‌، ئابووریناس هۆكاری ئه‌م زیادبوونی بێكارییه‌ ده‌گه‌ڕێنێته‌وه‌ بۆ قۆرغكردنی كۆمپانیاكان له‌لایه‌ن هه‌ردوو حیزبی ده‌سه‌ڵاتداره‌وه‌، به‌ بڕوای ئه‌و وه‌زاره‌تی كاروباری كۆمه‌ڵایه‌تی كه‌ به‌رپرسه‌ له‌ چۆنیه‌تی به‌كارخستنی هێزی كار له‌ كوردستاندا، وه‌ك پێویست نه‌یتوانیوه‌ به‌ ئه‌ركی خۆی هه‌ستێت.

ئه‌و ئابووریناسه‌، ئاماژه‌ی به‌وه‌ش كرد، كه‌ ساڵانه‌ ژماره‌یه‌كی زۆر له‌ قوتابیانی زانكۆو په‌یمانگه‌كان ته‌خه‌روج ده‌كه‌ن، به‌ڵام به‌هۆی كه‌م شاره‌زاییان له‌و بواره‌ تایبه‌تییه‌ی خۆیان، وایكردووه‌ كه‌ نه‌توانن له‌ ده‌زگا حكومیی‌و تایبه‌ته‌كاندا كار بكه‌ن.

بێكاریی یه‌كێكه‌ له‌ كێشه‌ ئابوورییه‌كان، كه‌ زۆر جار وه‌ك قه‌یرانێكی مه‌ترسیدار له‌ هه‌ندێك جێگه‌دا ده‌رده‌كه‌وێت، ئه‌ویش به‌ تایبه‌ت كاتێك كه‌ ژماره‌و ڕێژه‌كه‌ی له‌ هه‌ڵكشاندا بێت.

له‌ هه‌رێمی كوردستانیشدا به‌هۆی پاشه‌كشه‌ی كه‌رتی گشتیی «حكومیی»و چالاكنه‌بوونی كه‌رتی تایبه‌ت، ژماره‌یه‌كی زۆر له‌ هاوڵاتیان بێكارن، ئه‌وه‌ش به‌ بڕوای شاره‌زایانی ئه‌و بواره‌ زیانێكی زۆر به‌ پێكهاته‌ی ئابووری‌و كۆمه‌ڵایه‌تی كوردستان ده‌گه‌یه‌نێت‌و پێیانوایه‌، ئه‌گه‌ر له‌ كاتێكی نزیكدا به‌ره‌نگاریی نه‌كرێت، ئه‌وا هه‌ڕه‌شه‌یه‌كی گه‌وره‌ له‌ ناوچه‌كه‌ ده‌كات.

محه‌مه‌د حسێن، ته‌مه‌ن (٥٠) ساڵ كه‌ پێشتر ئیشی ئاسنگه‌ریی ده‌كرد، ماوه‌یه‌كی زۆره‌ به‌ بێكاریی ماوه‌ته‌وه‌و ئیشی ده‌ست ناكه‌وێت، ئه‌و كه‌ له‌ چایخانه‌یه‌ك دانیشتبوو، باسی له‌وه‌ ده‌كرد، به‌ هۆی هێنانی ڕێژه‌یه‌كی زۆر له‌ كرێكارانی بیانییه‌وه‌ بۆ ناو هه‌رێمی كوردستان كارپێكردنیان به‌ نرخێكی گران‌و ئیشكردن به‌ كرێكاری خۆماڵی به‌ نرخێكی هه‌رزان، هۆكاری بڵاوبوونه‌وه‌ی بێكارییه‌.

محه‌مه‌د، باسیشی له‌وه‌ كرد كه‌ پێشتر له‌گه‌ڵ كۆمپانیاكاندا كاری كردووه‌، به‌ڵام له‌به‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ هه‌ندێك له‌ كۆمپانیاكان پرۆژه‌كانیان به‌ نیوه‌ ناچڵ به‌جێده‌هێڵن‌و ته‌واوی ناكه‌ن، پاره‌ی پرۆژه‌كه‌ بۆ خۆیان ده‌به‌ن‌و ئه‌وه‌ی ده‌مێنێته‌وه‌ بۆ ئێمه‌ی جێده‌هێڵن، به‌ وته‌ی خۆی؛ «توێژه‌كه‌ی بۆ خۆیان ده‌به‌ن‌و بنتوێژ بۆ ئێمه‌ به‌جێده‌مێنێت»، ئه‌وه‌ش وایكردووه‌، كه‌ ئیشكردن شتێكی ئه‌سته‌م بێت.

# تـەنها بەشی نەهـــاتووی ساڵی ٢٠٠٧ بەهاکەی زیاتر لە

# بـەشەخۆراکی چـەندین مـانگی هاوڵاتییانی ک

سەنگەر جەمال



لـەمـاوەی دووسـاڵـی رابـــردوودا بەشەخۆراکی چەندین مانگی هاوڵاتیانی شـارەکـانـی هـەرێـمـی کـوردسـتـان نەگەیشتووە، کە بە بەهای زیاتر لە دەیـان ملیار دینار دەخەملێندرێت، وەزارەتـــی بازرگانیی هەرێمیش وەزارەتـی بازرگانیی بەغدا تۆمەتبار دەکـاتو بە کەمتەرخەمو گەندەڵی دەزانێت، ئەندامێکی کوردی ئەنجومەنی نوێنەرانی بەغدا، هەرێم بە کەمتەرخەم دەزانێت بەوەی کە نوێنەرەکانیان لە بەغدا ئاگادار ناکەن لەو کێشانەی پەیوەندییان بە خەڵکەوە هەیە.

## بەشەخۆراکی مانگانە

بەشەخۆراکی مانگانەی هاوڵاتیان بە بەشێک لە نەفەقاتی حاکیمە حساب دەکرێتو لە ساڵی (١٩٩٦)ەوە بە بڕیاری ژمارە (٩٨٦)ی نەتەوەیەکگرتووەکان، بڕیاردرا هاوکاریی گەلانی عێراق بکرێت بە هاوردەکردنی خۆراکە بنەڕەتییەکان لە بەرامبەر فرۆشتنی نەوتی عێراقدا، کە بە بڕیاری (نەوت بەرامبەر بە خۆراک) ناودەبرا.

لـــەدوای سـاڵـی (٢٠٠٣)شـــــەوە، حکومەتی ناوەندیی عێراق پەیوەستە بەوەی ئەو بەشە خۆراکە مانگانەیە بۆ هاوڵاتییان دابینبکاتو (١٧٪)ی هەموو جـۆرە خـۆراکـەکـان بدرێتە هەرێمی کوردستان، دوابەدوای ئەوەش دابەشکردنەکەی دەکـەوێـتـە سەر حکومەتی هەرێمو وەزارەتی بازرگانی.

## لە (٢٠٠٧)ەوە
## بە کەموکوڕییەوە دێت

لـەسـاڵـی (٢٠٠٧)ەوە ئـەو بەشەخۆراکەی بۆ هاوڵاتیانی کوردستان تـەرخـانـکـراوە بـە کەموکوڕییەوە دەگاتو چەندین مانگ چەند جۆرێک لەو خۆراکانە نەگەیشتوون، لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش نکووڵی لەوە ناکەنو ئاماژە بەوە دەکەن کە لەوبارەیەوە نووسراویان بۆ بەغدا کردووە.

ئـاسـۆ حـەمـیـد، بـەڕێـوەبـەری راگـەیـانـدنـی وەزارەتـــی بازرگانی حکومەتی هـەرێـمـی کـوردسـتـان، نایشارێتەوە کە لەساڵی (٢٠٠٧)ەوە ئەو کەموکوڕییانە پەیدابووەو باس لـەوە دەکـات کە بەرپرسانی بەغدا هۆکارەکەیان بۆ «خراپیی بارودۆخی ئەمنیی گەڕاندووەتەوە»، روونیشی دەکاتەوە کە نووسراوی رەسمییان ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمو وەزارەتی بازرگانی عێراق کردووە کە «ئەو کەموکوڕییانە لە بەشەخۆراکدا هەنو دەبێت بە خۆراک یان بە پارە قەرەبوو بکرێنەوە».

ئـاسـۆ، بـاس لـەوەدەکـات کـە لە مانگی ئـازاری (٢٠٠٧)دا لە هەولێر کـۆبـوونـەوەیـان لـەگـەڵ وەزارەتـــی بازرگانی بەغدا کـردووەو باس لەو کەموکوڕییانە کراوەو دەڵێت: «داوایانکرد بە لیست کەموکوڕییەکانیان بۆبنێرین تـا قـەرەبـووی بـکـەنـەوە، ئـەوەبـوو نووسراوی رەسمیی کراو بڕی خۆراکی نەهاتوو لەگەڵ پـارەی خەملێنراوی تێدا نووسرا لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم، بەڵام تائێستا ئەو نووسراوە لـە بـەغـداوە نـەکـەوتـووەتـە بـواری جێبەجێکردنەوە، وەک خۆشیان دەڵێن هۆکارەکەی ئەوەیە کە کەموکوڕییەکان تەنیا کوردستان ناگرێتەوەو چەند پارێزگایەکی دیـکـەش هـەیـە، باس لەوەشدەکەن کە پارەی پێویست بۆ ئەو قەرەبووکردنەوەیە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە تەرخاننەکراوە».

عـەبـاس عـارف، بـەڕێـوەبـەری گشتیی کۆمپانیای خۆراکی سلێمانی، لە لێدوانێکی پێشوویدا بۆ رۆژنامە جەختی لەوەکردەوە کە نووسراویان بۆ وەزارەتی بازرگانی عێراق کردووە بۆ ئەو بڕە خۆراکانەی لەساڵی (٢٠٠٧)دا نەنێردراونو ئەوانیش بۆ ئەنجومەنی وەزیرانیان بەرزکردووەتەوە، بەڵام تائێستا رەزامەندیی لەسەر نەدراوەو وتی: «بۆ ساڵی (٢٠٠٨) بۆچوونەکەیان گۆڕیوەو کردوویانە بەقەرەبووکردنەوە بەرامبەر بە خۆراکو بەپارە قەرەبوو نـاکـرێـتـەوە»، باسی لەوەشکرد کە بڕیاربوو ئەو خۆراکانەی ساڵی (٢٠٠٨) نەهاتوون لەساڵی (٢٠٠٩)دا قەرەبوو بکرێتەوە، بەڵام ئێمە لەیەککاتدا دەتوانین قەرەبووی رۆنی مانگی(٢و٣)ی ساڵی (٢٠٠٨) بکەینەوە، کـە قـــەرزداری هاوڵاتیانین، تەواوی خۆراکەکانی دیکە ئەگەر لە گەنجینەکانماندا هەبوو لەبری قـەرزەکـانـی دیکە هـەمـووی دابـەش دەکەین، بەڵام بۆ ساڵی (٢٠٠٧) تائێستا هیچ وەڵامێکی نووسراوەکەمان نییە».

ئــەوەی هـاوڵاتـیـانـی نیگەران کردووە ئەوەیە کە لایەنە پەیوەندیدارو بەرپرسەکانی کوردستان چاوەڕێی یەکلاییکردنەوەکەن لە بەغداوە نەک خـۆیـان هـەوڵـی جدییان دابـێـت بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانو لێسەندنی ئەو قەرەبووانە لە حکومەتی ناوەندیی.

## تەنیا لە (٢٠٠٧)دا بەهاکەی
## زیاتر لە (٤٦) ملیار دینارە

ئەو بەشەخۆراکانەی تا کۆتایی ساڵی (٢٠٠٧) نەگەیشتوونەتە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، کە رێژەکەی بۆ هەر شارێک جیاوازە بەپێی مانگو ئەو خۆراکانەی نەگەیشتوون کە لە شاری سلێمانیدا زۆرترینیانە تا ئەو وادەیە لە بەشەخۆراکی (١٨) مانگدا کەموکوڕیی هەیە.

لە ساڵی (٢٠٠٧)دا بڕی خۆراکی مانگانەی هاوڵاتیان کە نەگەیشتوونەتە پـارێـزگـای هەولێر بـە (٥) ملیارو (٦٢) ملیۆنو (٣٧٧) هـــەزار دینار دەخەملێنرێت، هەروەک بەشەخۆراکی نەگەیشتوو بۆ پارێزگای دهۆک بە (١٤) ملیارو (٧٣٣) ملیۆنو (٣٧٠) هەزارو (٥٠٠) دینار دەخەملێنرێت.

بـڕەخـۆراکـی نەگەیشتووش بۆ شاری سلێمانی کە زۆرترین خۆراکی بەدەستنەگەیشتووە بە (٢٦) ملیارو (٨٥٨) ملیۆنو (٧٨٧) هـەزارو (٦٠٠) دینار دەخەمەلێنرێت.

ئـاسـۆ حـەمـیـد، بـەڕێـوەبـەری راگەیاندنی وەزارەتی بازرگانی حکومەتی هەرێم، جەختی لە بڕی خەملێنراوی پارەی ئەو بەشە خۆراکانە کردەوەو ئـەوەشـی خستەڕوو کە لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٧)ەوە بڕی خۆراکەکانو پارەی خەملێنراویان لە نووسراوێکدا بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەتی وەزیرانی حکومەتی هەرێم بەرزکردووەتەوەو نووسراوەکەشیان ئاراستەی وەزارەتی بازرگانی حکومەتی ناوەندیی کردووە.

## قەرەبووی یەکەم نەهاتووە،
## دووەم رەوانە دەکرێت

نە ناردنی ئەو بڕەخۆراکانەو پارەی خەملێنراوی بەشەخۆراکی فەوتاوی ساڵی (٢٠٠٧)ی هاوڵاتیان لەکاتێکدایە، کە ئێستا وەزارەتـی بازرگانی هەرێم سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیارییەکانو ناردنی نووسراوێکی دیکەیەو تێیدا لیستی دووەمـی کەموکورتییەکانیان بۆ بەغدا رەوانە دەکات کە لە خۆراکە نەگەیشتووەکانی ساڵەکانی (٢٠٠٨)و (٢٠٠٩) پێکدێت، بڕو خەملاندنی خۆراکی نەهاتووی ساڵی (٢٠٠٨)و (٢٠٠٩) بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەخۆدەگرێت.

ئاسۆ حەمید ئەوەشی روونکردەوە کە خەملاندنەکان لە کۆتاییدایەو لە ئایندەیەکی نزیکدا بە نووسراوێکی دیکە بۆ وەزارەتی بازرگانی عێراقی دەنێرنو پارەی خەملێندراوی خۆراکی رەوانە نـەکـراوی ئـەو دووسـاڵـەش ئاشکرا دەکەن.

بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی بازرگانی هەرێم، رەتیدەکاتەوە کە بـەشـەخـۆراکـەکـان وەک پێویست گەیشتبنە کوردستانو دەڵێت: «ئێمە بە لیست هەمانە کە مانگانە وەزارەتی بازرگانی بەغدا چیان بۆ ناردووینو نووسراوی رەسمیی بەغداشمان هەیە کە چەندمان بۆ هاتووەو چەندی ماوە، نوێنەری وەزارەتـی بازرگانی عێراق دانیان بـەوەدا نـاوەو خۆیان داوای ئەوەیان لێکردووین بە لیستەکان پێیان بڵێین، بۆئەوەی چارەسەری بکەن».



**لە ساڵی (٢٠٠٧)دا بڕی بەشە مانگانەی هاوڵاتیان کە نەگەیشتوونەتە پارێزگای هەولێر نزیکەی (٥) ملیارو (٦٢) ملیۆنو (٣٧٧) هەزار دینارە، بەشەخۆراکی نەگەیشتوو بۆ پارێزگای دهۆک نزیکەی (١٤) ملیارو (٧٣٣) ملیۆنو (٣٧٠) هەزار دینارە.**

**بڕەخۆراکی نەگەیشتووش بۆ شاری سلێمانی کە زۆرترین خۆراکی بەدەستنەگەیشتووە بە (٢٦) ملیارو (٨٥٨) ملیۆنو (٧٨٧) هەزار دینار دەخەمەڵێنرێت**

### «یەکێتی مامۆستایان لەبری ئەوەی فشاربێت بۆ سەر دەسەڵات، چەکوشی دەسەڵاتە بەسەر مامۆستایانەوە»

# مامۆستایان ڕێکخراوێکی بێلایەنی خاوەنکاریان دەوێت



دیمەنێک لە ڕێپێواننی مامۆستایان ٢٠٠٥/٤/١٠

**سەرکەوت ئەحمەد**

نەجمەدین عەلی، مامۆستایەکی ناحیەی حاجی ئاوایەو ئێستا ڕێکخەرێکی کۆبوونەوەکانی دەڤەری بتوێنی مامۆستایانە، بە مەبەستی دروستکردنی کەمپینێکی فشار خستنەسەر ڕێکخراوی یەکێتی مامۆستایان بۆ ئەوەی لە سەرەتایی سالی خوێندندا هەلبژاردن بکات بۆ نوێبوونەوەی، چونکە بە بڕوای نەجمەدین «یەکێتی مامۆستایان نەک کۆن بووە، بەلکو لە ئەرکە حەقیقییەکەی خۆی دوورکەوتووەتەوەو ڕۆلی ڕاستەقینەی خۆی نەماوە کە گەیاندنی دەنگی مامۆستایانە بە دەسەلات».

مامۆستا نەجمەدین، ڕەخنەی ئەوەشی لە یەکێتی مامۆستایان گرت کە «لە بری ئەوەی فشاری توێژی مامۆستایان بێت لەسەر دەسەلات، بەپێچەوانەوە چەکوشی دەسەلاتە بەسەر مامۆستایانەوە، هەمیشە یەکێتی مامۆستایان یەکەم جێگەبووە کە بەرەنگاری ڕێپێوانو مانگرتنو هەلوێستەکانی مامۆستایان بووەتەوەو بە تۆمەتو تاوانبارکردن ڕووبەڕوویان بووەتەوە».

بەشێکی مامۆستایانی کوردستان هەولی گۆڕانکاریی لە ڕێکخراوی یەکێتی مامۆستایاندا دەدەن ئەوەش وەک خۆیان باسی دەکەن بۆ گەڕاندنەوەی یەکێتییەکەیانە بە مەبەستی خزمەتکردنی مامۆستایانو دەرهێنانی لەژێردەستی حیزب.

کۆبوونەوەکانی ئەو مامۆستایانەی سنووری پارێزگای سلێمانی بۆ ئەوەیە کە یەکێتییەکەیان کۆنگرە ببەستێتو بە هەلبژاردن ستافێکی نوێ بۆ ئەو ڕێکخراوە دەستنیشان بکرێت، لە فراوانترین کۆبوونەوەشیاندا لە (٨/١٣) دا کە نوێنەری زۆربەی ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانی ئامادەبوون جەختیان لە جێبەجێکردنی داواکانیان کردەوە، هەروەک هەندێک لەو مامۆستایانەی ئەو کۆبوونەوانە دەکەن، بزوێنەری ڕێپێوانەکەی (٢٠٠٥/٤/١٠) بوون کە بە هەزاران مامۆستا بەشدارییان تێداکردو زیادکردنی مووچەو گۆڕانکاریی لە پرۆگرامی داواکانیان بوو.

نەوشیروان حەمە غەریب، مامۆستا لە دواناوەندیی چوارتا، کە بۆ کۆبوونەوەکە هاتبووە سلێمانیو یەکێکە لە ڕێکخەرانی ئەو کۆبوونەوانە، ئاماژەی بەوەکرد چەند سالێکە نارازینو ڕەخنەیان هەیە لە ئەدای کارکردنو شێوازی بەڕێوەبردنی یەکێتی مامۆستایان.

نەوشیروان وتی: «یەکێتی مامۆستایان لەپێناو بەرژەوەندیی کۆمەلێکدایە کە ئەوەی لەبیریان نییە کێشە سەرەکییەکانی مامۆستایە»، داواشیکرد ئەو ڕێکخراوە لەژێردەستی حیزب بێتە دەرەوە تەنیا گرنگی بە کێشەکانی مامۆستایان بداتو لە خزمەتی هیچ لایەنو کەسێکی دیاریکراودا نەبێت.

نەوشیروان بە ئومێدەوە لە هەولەکانیان دەڕوانێتو ئەوە دەخاتەڕوو کە لە کۆبوونەوەی نوێنەری ناوچەکان بە دەرکردنی بەیاننامەیەک دەستیان پێکردووەو وتیشی: «زۆربەی مامۆستایان نارازین لە یەکێتی مامۆستایان، ئەوان خۆشیان دانیان ناوە بەوەی کە شەرعییەتیان نەماوە».

لە بەرامبەردا عەفان نەقشبەندی، سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، کە نەیدەویست، هیچ وەلامێکی لەسەر ئەو کۆمەلە مامۆستایە هەبێت، وەک خۆی باسی لێوەکرد «ئەو ژمارە کەمەی مامۆستایان لە سلێمانی کە کۆدەبنەوە پێویست ناکات ئێمە وەلامیان بدەینەوەو باسی لەوەشکرد ئەوان کۆنگرە دەکەنو هەموو خالەکانی هەلبژاردنیش دیاریکراوە»، وتیشی: «ئێمە نوێنەری (١٠٤) هەزار مامۆستاین لەبەرئەوە ئەگەر ئەوان بە (٢٠٠) مامۆستاو (١٠٠٠) مامۆستاش شتێک بلێن لای ئێمە هیچ ئیعتیبارێکی نییە، تا لەگەل ئێمە قسە نەکەن ئێمە هیچ وەلامێکمان نییە بۆیان»

نەقشبەندی وتیشی با مامۆستا نارازییەکان بێن گفتوگۆیان لەگەل بکەینو مەرجەکان ئێمە داماناوە چۆن دەبێت، ئەوانیش دەتوانن ڕەخنەی خۆیان بگرنو چیان هەیە حەز دەکەین لەگەل ئێمە باسیبکەن، ئەوانیش کۆمەلە مامۆستایەکی ئازیزنو ڕەنگە ئەوانەی ئەو کۆبوونەوانە دەکەن لە (٥٠٪) یان برادەرو هاوڕێی ئێمەبن.

بەلام دیاری عەبدولقادر کە یەکێکی دیکەیە لە ڕێکخەرانی کۆبوونەوەکان لە شاری سلێمانی، باس لەوە دەکات کە هەولەکانیان لەپێناو ئەوەدایە کلتووری هەلبژاردن لەناو یەکێتی مامۆستایاندا بچەسپێنن، دووپاتی دەکاتەوە کە «ڕێکخراوەکەیان دەتوانێت بەهێزترین فشاربێت، بەلام بەپێچەوانەوە لە ماوەی چەند سالی کارکردنیدا نەیتوانیوە دەستکەوتێک بۆ مامۆستایان بێنێتەدیو هەمیشە هەولیداوە مامۆستایان بێدەنگ بکات».

دیاری ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەو مامۆستایانە چەندین کۆبوونەوە دەکەنو بەیاننامەی تایبەتیان دەبێتو وتیشی: «ئەگەر داواکان جێبەجێنەکران دواتر ڕەنگە ڕێوشوێنی دیکەش بگرینەبەر بۆ ئەوەی گۆڕانکاریی ڕاستەقینە لەو ڕێکخراوەدا دروستبکەین».

---

# «دەستی نەوەی نوێو گەنجی ئەمڕۆ»



**بەهزاد حامد**

لە دنیادا، لە هەر کاتو سەردەمێکدا لەگەل هەر شۆڕشو خەباتێکدا کە سەریهەلدابێت، گەنجان (نێرو مێ) گەورەترین ڕۆلی خۆیانیان تێدا بینیوە، باشترین نموونەش سەردەمی ڕژێمی پێشووی عێراقە کە تا ڕووخانی ڕژێمەکەش زۆرترین قوربانیی گەنجو لاو بوون.

هەمیشە گەنجان خاوەن فیکرو داهێنەرن، شۆڕشگێڕو خاوەن قوربانین، کۆمەلگە لەسەر شانی ئەوان دەڕوات بەڕێوەو پاشەڕۆژی کۆمەلگەش بەدەستی ئەوانە.

تا ئێرە ڕاستە، بەلام وەسفو پیاهەلدان بەسەر گەنجانداو وەعدو پەیمانی درۆدان بە گەنجان ئێستاشی لەسەر بێ هەر دەوترێتەوە!

ئێستا پرسیار دەکەین کێ توانی ئەرکو مافە سەرەتاییەکانی گەنجان بە شێوەیەکی دروست دیارییکات؟ کێ توانی کارو پیشەو خولیاو کێشەی گرێبەستی هاوسەریی‌و نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون کە ئەمانە سەرەتاییترین مافەکانی گەنجانو سەرەکیترینی کێشەی گەنجانیشن لە هەمانکاتدا چارەسەر بکات؟ کێ توانی نەهێلێت گەنجان بە لێشاو کۆچ بکەن؟ کێ..؟

بۆیە بەناوی خۆمەوە بانگەوازی گەنجانی ئازادیخوازو نەوەی نوێی باوەڕ بەخۆبوو، گەنجانی نێو ڕۆژەڕەشەکانی کۆمەلگەو نێو دەسەلاتی گەندەل دەکەم کە ئەمڕۆ ڕۆژێکی گرنگە، چیتر بە وشەو ڕستەی باقو بریقو وەعدو پەیمانی درۆ بڕوا نەکەین، ئەگەر تا دوێنێ بە قفلێکی گەورە عەقلو بیرکردنەوەی گەنجانیان بەرتەسکو لاواز کردبێت ئەوا ئەمڕۆ ئەو قفلە شکا.

ئێمەی گەنجان دەبێت زۆر بە وردی لەم قۆناغە هەستیارە تێبگەینو جارێکی دیکە کلاو نەکەنەوە سەرمان.

من ئەمڕۆ لە خۆمەوە دەستمپێکرد کە پێنج سال دەبێت قەلەمم نەخستووەتە سەر کاغەز، لەبەر ئەوەی زۆرم نووسیو زۆرم وت لەپێناو ئازادکردنی گەنجو خواستەکانیان، بەلام دوای پێنج سال زۆر بە باوەڕەوە بۆ یەکەمجار بابەتێکی وەکو ئەم بابەتە دەنووسم، چونکە وەزعی ئەمڕۆی گەنجان زۆر پێویستی بە یەکگرتوویی هەیەو ئەمڕۆ دەبێت ئەوانەی وەکو من چەند سالێکە بی ئومێدو بێ هیوابوون جارێکی دیکە بێنەوە ناو کۆمەلەی یەکگرتووی گەنجان بۆ بەدەستهێنانی خواستو داواکارییەکانمان.

وەزعی سیاسیی ئەمڕۆ لە بەرژەوەندیی گەنجانە، لیستێکیش کە ئەمڕۆ زۆر بەباشی بیر لە چارەسەرکردنی کێشەی گەنجان دەکاتەوەو دەیەوێت گەنجان بە هەولو بە خواستەکانیان بگەن لیستی (گۆڕان)ە.

پەیدابوونی لیستێکی جەماوەریی بۆ ناو پەرلەمانی کوردستان کە بەرگریی تەواوو هەولی جدیی (تەواو) بۆ مافەکانی گەنجان بدات لە پەرلەمان، جێی دلخۆشییەو چیتر ڕەشبینی بەرۆکی گەنجانی ئەمڕۆ بەردەدات...

دوێنێ گەنجان بێ هیواو بێ ئومێد بوون، ئەمڕۆ خۆشحالو سەربەرزو ئازادن بەوەی بەرەی یەکگرتووی گەنجان ئاپۆڕەیان بەستووەو دەیانەوێت چیتر مافە سەرەتاییو سەرەکییەکانیان پێشێلو پشتگوێ نەخرێت.

داواکارییەکانی نەوەی نوێو گەنجی ئەمڕۆ یاساییو عەقلانین، دەبێت بە هەموو لایەک هەول بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان بدەن.

# ئاو، بێ متمانەیی دەخاتە نێوان تورکیاو عێراقەوە



بەنداوی دوکان

محەمەد ساڵح حمەلاو

وەزیری دەرەوەی تورکیا جەخت لەسەر زیادکردنی بەشە ئاوی عێراق دەکاتەوەو وەزیری سەرچاوەکانی ئاوی عێراقیش بێ متمانەیی خۆی لە بەرامبەر بەڵێنەکانی تورکیا رادەگەیەنێت.

دوای ئەوەی حکومەتی عێراق تورکیای بەوە تۆمەتبارکرد کە پابەند نییە بە بەڵێنەکانیەوە، بەڵام لە سەردانەکەیدا بۆ بەغداو لەمیانەی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئەحمەد داود ئۆغلودا، وەزیری دەرەوەی تورکیا، بەڵێنیدا ژمارەیەک ئامێری پێشکەوتووی تایبەت بە بواری ئاویی بە عێراقدا بۆ ئەوەی عێراق بتوانێت سوود لەو ئاوە وەربگرێت کە هەیەتیو رووبەڕووی کەم ئاویو کێشەی وشکە سالی بێتەوە.

جەختیشی لەسەر ئەوەکردەوە «تورکیا ئامادەیە تەکنەلۆژیاو ئامێری نوێی تایبەت بە چۆنێتیی سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی ئاو بدات بە عێراق» بەپێی هەواڵێکیش کە ئاژانسی هەواڵی فەرەنسا لەسەر زاری ئۆغلو بڵاویکردووەتەوە، ئۆغلو، ئەوەی راگەیاندووە: «پێشتر تورکیا بەڵێنی ئەوەی داوە لە چرکەیەکدا زیاتر لە (٥٠٠) مەترسێجا ئاو بۆ عێراق بەربداتەوەو وەک خۆشی وتی هەولیش دەدەن ئەو رێژەیە لەوە زیاتربکەن»

لیژنە سێ قۆڵییەکەی نێوان عێراقو تورکیاو سوریا لە ساڵانی (٢٠٠٧)و (٢٠٠٨)دا ژمارەیەک کۆبوونەوەی هاوبەشی بۆ چارەسەرکردنو یەکلایکردنەوەی کێشەی ئاو لەنێوان ئەو سێ وڵاتەدا ئەنجامدا.

وەزیری دەرەوەی تورکیا، باسی لەوەشکرد «لای خۆیانەوە هەوڵدەدەن کاری لیژنە سێ قۆڵییەکەی نێوان تورکیاو عێراقو سوریا کارابکەنو کۆبوونەوەکان دەستپێبکەنەوە»

هۆشیار زێباری، وەزیری دەرەوەی عێراق، ئەوەی روونکردەوە لە سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ عێراق گفتوگۆیان لەسەر زۆرێک لە مەسەلە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو وڵات کردووە بەتایبەت بەردانەوەی ئاو لەلایەن تورکیاوە، بەڵام د.لەتیف رەشید، وەزیری سەرچاوەکانی ئاوی عێراق، ئەوەی راگەیاند: «تورکیا پابەند نییە بە بەڵێنەکانی خۆیەوە کە بڕیاربوو بەشە ئاوی عێراق زیادبکات».

وەزیری سەرچاوەکانی ئاوی عێراق مانگی رابردوو ئاماژەی بەوەکرد، بڕی ئەو ئاوەی کە لە تورکیاوە بۆ عێراق دێت گەیشتووەتە (٢٥٠) مەتر سێجا لە چرکەیەکدا، ئەوە لەکاتێکدایە کە عێراق پێویستی بە (٧٠٠) مەتر سێجا ئاو هەیە لە چرکەیەکداو حاڵی حازریش ئاستی ئاوی رووباری فوڕات (٣٠٠) مەتر سێجا دابەزیوە.

لەتیف رەشید، وەک خۆی وتی: «بەپێی ئەو زانیارییانەی بەدەستمان گەیشتووە بەهۆی بارینی بەفرو بارانەوە ئەمساڵ بڕی ئاوی رووباری فوڕات لەناو تورکیا لە ساڵی رابردوو باشترە».

ئەوەشی نەشاردەوە کە «رێژەی ئاوی کۆکراوە لە بەنداوەکانی رووباری فوڕات لەناو تورکیا زۆر باشە، بەڵام ئەو بەڵێنەی کە بەرپرسانی تورکیا پێیاندابن بۆ زیادکردنی بەشە ئاوی عێراق جێبەجێیان نەکرد».

ئەو ئاوەی ئێستا لە رووباری فوڕاتدا هەیە گەیشتووەتە نیوەی نزمترین ئاستی پێویستی ئاوی رووبارەکەو وەزیری سەرچاوەکانی ئاوی عێراقیش پێیوایە، دابەزینی ئاستی ئاوی رووباری فوڕات بەو شێوەیە زیانێکی زۆر بە جوتیارانو بەروبوومەکانی هاوینە دەگەیەنێت، ئەوە سەرباری ئەوەی کە ناتوانرێت بۆ بوارەکانی سوود لە ئاوی رووبارەکە وەربگیرێت.

لێدوانەکانی وەزیری سەرچاوەکانی ئاوی عێراق لەکاتێکدایە کە ئەحمەد ئۆغلو، وەزیری دەرەوەی تورکیا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بڕی (٥٠٠) مەتر سێجا ئاو لە یەک چرکەدا بۆ عێراق بەردەدرێتەوەو ئۆغلوش لەو بڕوایەدایە ئەو ئاوەی ئێستا لەلایەن تورکیاوە بۆ عێراق بەردەدرێتەوە ئەو بڕەش بەسە بۆ ئاودێریکردنی نیوەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی عێراق بەتایبەت بەرهەمی برنج کە بەرهەمێکی هاوینەیەو لەم وەرزەدا بەرهەمدەهێنرێت.

وەزیری دەرەوەی تورکیا لە بەرامبەر زیادنەکردنی بەشە ئاوی عێراق پاساوی ئەوە دەهێنێتەوە وەک جووتیارانی عێراق بەدەست کێشەی کەمئاوییەوە دەناڵێنن، ئاواش جوتیارانی تورکیا بەدەست هەمان کێشەوە گرفتارن.

سەرچاوە ئاگادارەکان باس لەوەدەکەن سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیاو زافر جالیانی، وەزیری کاروباری بازرگانی تورکیا بۆ عێراق، چەندین تەوەری وەک چارەسەرکردنی کێشەی چەکدارانی پەکەکەو بواری بازرگانیو رێکەوتنی ستراتیژی نێوان تورکیاو عێراق کۆبوونەوەیەکی دوو قۆڵی لەخۆدەگرێت کە بڕیارە پێش سەردانەکەی رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا بۆ عێراق ئەنجامبدرێت.

ڕۆژنامە کۆمێنت

# ئەوەی کە نابێت پەرلەمانی ئەمجارە لەبیری بکات


پارێزەر / کامەران عەبدوڵڵا

دیارە پەرلەمان ئەرکە وەزیفییەکانی گەلێک زۆرو جۆراوجۆرن، خەڵکیش ئومێدێکی زۆریان لەسەر پەرلەمانی ئەمجارە هەڵچنیوە، کە پەرلەمانێکی چالاک بێتو گۆڕانی ریشەیی ئەنجامبدات، بەڵام یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی ئەمجارەی پەرلەمان کە نابێتو ناکرێت پشتگوێی بخاتو لەبیری بکات مەسەلەی پێشمەرگەو هێزە چەکدارەکانە، هەروەها داماڵینی یەکێتیو پارتییە لەم هێزانەو دەرهێنانیانە لە دەستی حیزبو هەڵوەشاندنەوەی کەناڵەکانی پەیوەندی نێوان حیزبو پێشمەرگەو پۆلیسو ئاسایشە، دواتریش کۆکردنەوەو رێکخستنی ئەم هێزانەیە لە وەزارەتە تایبەتمەندەکانداو بەکاربهێنرێن بۆ بەرگریکردن لە نیشتمانو نەتەوە، هەنگاوی یەکەمیش دەبێت بریتیبێت لە هەموارکردنی یاسای پارتە سیاسییەکان بە دانانی سنوورێکو قەدەغەکردنی کارو چالاکیو رێکخستنی حیزبیی لەناو هێزە چەکدارەکانداو هەڵوەشاندنەوەی مەڵبەندو لقو ناوچەو کۆمیتەکانی رێکخستنی پۆلیسو ئاسایشو پەروەردەکردنەوەی ئەو هێزانە بە جۆرێک کە ئینتیما بۆ نیشتمان نەک بۆ حیزب زاڵبێت بە سەریاندا.

ئەمە زۆر گرنگیشە بۆ شکاندنو لاوازکردنی هەیمەنەی حیزبیی بەسەر حکومەتو خەڵکدا.

لەئێستادا پەرتبوونی هێزەکانی پێشمەرگەو پۆلیسو ئاسایش بەسەر هەردوو حیزبی یەکێتیو پارتیدا، رێگرە لەبەردەم دروستکردنی حکومەتێکی تەندروست لە هەرێمی کوردستانداو لە داهاتووشدا رێگردەبێت لەبەردەم دەستاودەستکردنی دەسەڵات بە شێوەی ئاشتییانەو مەترسییەکی گەورەدەبێت بۆسەر ئایندەی خەڵکی کوردستان.





# بزووتنەوەی گۆڕانو خەونی سەربەخۆیی کورد!

**شەماڵ ئەحمەد**

هەر لەگەڵ سەرەتای دەرکەوتنی بزووتنەوەی گۆڕان وەک داینەمۆو بزاوتێکی جیاواز لە هێزو گروپە سیاسییەکانی دیکە کە زیاتر هەڵقوڵاوی دەنگی جەماوەرە، توانی لە ماوەی دوو مانگدا هێزێکی جەماوەری فرە دەنگو فرە رەنگ لە چوار دەوری خۆی کۆبکاتەوە، جگە لەوەش دەیەوێت بەشێوازێکی ئاشتیخوازانەو ناتوندو تیژانەو لەسەر میتۆدی بەکارهێنانی وشەو نووسینو عەقڵو داواکارییە سروشتیو مافە رەواکانی هاوڵاتییانو جەماوەری کورد بەدەستبهێنێت بەبێ ئەوەی مافی کەس پێشێلبکاتو دەستدرێژی بکاتە سەر ئەوی دیکە، گۆڕان هێزێکی سیحراوی نییە تاوەکو کۆمەڵگە بکاتە بەهەشتێکی ئەفسوناویی، بەڵکو تارادەیەک دەتوانێت مۆدێلێکی دیکە لە عەقڵی سیاسیی مۆدێرن بهێنێتەکایەوە کە دوور بێت لە عەقڵی سیاسیی تاکحیزبی رابردوو، جگە لەوەش گۆڕان گرنگیەکی بێ وێنەی داوە بەهێزی نووسین، چونکە پێیوایە ئەم هێزە بەتینو گورترە لە هێزی چەکو شەڕو دەتوانێت دەرگا چەقبەستووەکان بکاتەوەو پاشەکشێ ناکاتو هەردەم بەرەوپێشبچێت، بەپێچەوانەی چەکەوە کە زۆرجار تووشی شکستوماڵوێرانی دەبێت، هەروەکو چۆن هێزە سیاسییەکانو پارتە دەسەڵاتدارەکانی وەکو (یەکێتیو پارتی) مافی ئەوەیان هەبووە کە تەعبیر لە بیرو بۆچوونو مەرامە سیاسییەکانی خۆیان بکەن، پێویستە رێگەش بەوەبدەن کە هێزەکانی بەرامبەر چۆن لە مافە سیاسییەکان بگەن، چونکە ئەوان هێزی هەڵقوڵاوی نێو جەماوەرنو لەنێو داواکارییە سروشتییەکانی جەماوەرەوە دەرکەوتوون، دیارە کورد بە درێژایی مێژووی دروستبوونی لە ئانو ساتو شوێنی جیاوازداو بە تێپەڕبوونی کات هەولی داوە کە هیواو ئامانجە نەتەوایەتییەکانی تاکی کورد بهێنێتە دی، بەڵام چ لە ناوخۆی نەتەوەکەیو چ لەنێو خودی هیزە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی ئەم سەردەمەش گرفتی گەورەی بۆ دروستبووەو بوونەتە رێگرو بەربەستێکی گەورە لەبەردەم پێکهێنانی ئەم خەونەدا، بۆ نموونە زۆرجار بە گوێی خۆمان ئەوەمان بیستووە کە زۆربەی سیاسەتوانو سەرکردە ناوخۆییەکانی ئێستای ئێمە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان بە خەیاڵێکی شاعیرانە دەزاننو جگە لەوەش هەندێکیان کەرکوک بە شارێکی عێراقی رەسەن دەزاننو شانازی بە عێراقیبوونیەوە دەکەن، زۆریان لە کوردستان بە رواڵەت باسی کوردایەتیو نیشتمانو خەباتی شاخ دەکەن، کەچی لە بەغدا کوردستان بە (شمال عیراق) ناودەبەن ئەمەش لەڕاستیدا دووبارە بوونەوەیەکی زەقی سیستمی تەعریبکردنە.

ئەوەی کە زیاترو بەردەوام بووەتەو دەبێتەمایەی تەگەرەو کۆسپێک لەبەردەم دروستبوونی کیانێکی سیاسییو قەوارەیەکی سەربەخۆیی بۆ کورد مەسەلەی وێرانبوونو خاپورکردنی ماڵی کوردە بەدەستی خۆمانو ئیعلانکردنی شەڕبووە لەدژی خۆمانو دووبارەبوونەوەی ئەزموونی کورد کوژی میرنشینەکانەو سوود وەرنەگرتنو پەند وەرنەگرتنە لە ئەزموونی رابوردوو و شکستە مێژووییەکان، بۆ نموونە ئەگەر بەراوردێک بکەین لەنێوان نەتەوەی جولەکەو کورددا دەبینین هەرچەندە جولەکە لەپێشدا پەرتەوازەببوونو خاوەن جوگرافیایەکی جێگیرنەبوونو بەردەوام لەلایەن دەولەتانی ئیمپریالیزمەوە سەرکوت کرابوون بەتایبەتی ئەڵمانیا کە لە سەردەمی هیتلەردا لەژێر ناوی هۆلۆکۆست رێژەیەکی زۆری لێ زیندەبەچاڵ کردن، بەڵام لە سەرووی ئەو هەموو تراژیدیاو نەهامەتییەوە توانیان لەنێو جەرگەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستداو لەنێو قوڵای دوژمنەکانیدا لەڕووی ئایینیەوە دەوڵەتێکی مۆدێرنو پێشکەوتوو دابمەزرێنن، ئەمەش تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ کۆمەککردنی دەوڵەتانی زلهێز وەک ئەمریکاو سۆڤیێتو بەریتانیا، بەڵکو بە خاڵی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامبوونیان لەسەر خەباتو پشوونەدانیان لە چالاکیکردنداو سیاسەتداو هەستکردنیان بە بەرپرسیارێتییەکی گەورە لەبەردەم نەتەوەکەیانو خاکەکەیانو نیشتمانەکەیان، ئەوان وەکو سەرانو سیاسەتوانانی کورد ماڵی خۆیان بەدەستی خۆیان وێران نەدەکردو کارەکانی خۆیان بە حەقێکی مەشرۆعی گەورە دەزانیو سیاسەتی نێودەوڵەتیان ناچارکرد کە ملکەچی داواکارییەکانیان بن، نەک تەنیا جولەکەش، بەڵکو کۆسۆڤۆو تەیمووری خۆرهەڵاتو دورگەکانی قەمەرو هی دیکەش توانیان بگەن بە ئامانجی دوارۆژی خۆیان، بەڵام ئێمە دەبێت هەر بپرسین کێن ئەوانەی کە بەرپرسیارن لە بەرامبەر دروستنەبوونی ئەم کیانە سەربەخۆیەی کورددا؟، (بۆ ئێمە خاوەن جوگرافیاو مێژووی تایبەتی خۆمان بووینو دەیەها خەباتی سیاسیی پچڕپچڕمان کردبێت لە مێژووی کۆنو نوێو هاوچەرخداو دەیەها شەهیدو قوربانیمان دابێت، جەرگبڕترین کارەسات بەسەرماندا هاتووە هەر لە قەتلو عامی تورکەکانو ئەنفالو کیمیابارانەکانی بەعسو ....هتد کە تائێستا دەبێت بپرسین کوا سنووری حەقیقی خۆمانو زمانی یەکگرتوومانو بەهاکانی بە دەولەتیبوونمان )!!؟، هەموو نەتەوەیەک بۆ ئەوەی بەهێزبێتو ببێتە خاوەن قەوارەو کیانێکی سیاسیی سەربەخۆی خۆی دەکرێت لە ناوخۆوە خۆی بونیات بنێتو لەپێشدا لە ناوخۆدا دەوڵەتۆچکەیەکی مۆدێرن دروستبکاتو مافە رەواکانی هاوڵاتییەکانی میللەتەکەی دابینبکاتو ئازادییو دیموکراسیو رێزگرتنو عەدالەتی کۆمەڵایەتیو بەختەوەرییو رەفاهیەت بکاتە بەشێک لە بەرنامەکانیو ئنجا لە دەرەوە مساوەمە لەسەر ئەمانە بکات، داوای مافی سروشتیو شەرعی خۆی بکات، بۆیە تاوەکو نەتوانین ناوخۆو خودی خۆمان بونیات بنێین، ئەوا زۆر زەحمەتە بتوانین لە دەرەوە رۆڵو مەکانەتی بەهێزو کارامان هەبێت، چونکە قورسایی دەرەوە بەستراوە بە جەماوەرو رای گشتیو بزووتنەوەی گۆڕانی ناوەوەو بە تاکەکەسێکو بە سەرکردەیەکی تاکحیزبی ناتوانرێت موعاناتو داواکارییەکانی گەلێک جێبەجێبکرێت، بۆیە بەو ئومێدەی کە ئەمجارە لەپاش هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێم ببینە خاوەن رای جەماوەرو مەسەلەی خەونی سەربەخۆیی کورد وەک نەتەوەو دەوڵەت بهێنینە بەرباسو لێکۆڵینەوەو گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ئەوەی کە بووەتە کۆسپێکی سەرەکیو بە درێژایی مێژوو بەردەوام سەرکردایەتی کورد لە شۆڕشەکاندا بەدەست دوو شتەوە گیرۆدەبوون،

**یەکەم:** تواندنەوەو کۆتایهاتنی شۆڕشە مێژووییەکانو بزاڤو جووڵانەوە رزگاریخوازەکان لەگەڵ لەناوچوونو مردنو دوورخستنەوەی سەرکردەکاندا کە ئەمەش زیاتر وەک عادەتو نەریتێکی سیاسیو سەربازیی تەماشاکرابوو،

**دووەم:** مەسەلەی تێکەڵکردنی دەستی کۆمەڵێک کوردی خۆفرۆش لەگەڵ دوژمنەکانی کورددا کە ئەمەش زۆرجار وەک نەریتێکی نێو شۆڕشەکانی لێهاتبوو، ئێمە زیاتر دەمانەوێت لەسەر خاڵی دووەم باسەکەمان درێژتر بکەینەوە، لەڕاستیدا وەکو سیستم کە کار لەسەر بە چەککردنی کورد کرابێت لە بەگژاچوونەوەی کورد بۆ یەکەمجار لەلایەن سولتانی عوسمانی «عبدالحمید»ی دووەم بەکارهێنراوە لەژێر ناوی سوپای ئینکیشاری کە لە ساڵی (١٨٩٠) ویستی لەرێگەی دروستبوونی ئەم سوپا نیزامییەوە رێژەیەکی زۆری عەشائیرە کوردەکان لەدژی کوردو ئەرمەن بەکاربهێنێتو لەم کارەیدا نزیکەی زیاتر لەنیو ملیۆن ئەرمەنی لەناوبردو سەرەڕایی لەناوبردنی کورد، ماڵو گوندەکانیشی وێرانکردنو ئەم تاوانەی سولتان نەک تەنیا بووە هۆی کزکردنو لاوزبوونی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی لەهەمانکاتدا «عەبدولحەمید» دەیویست پەیوەندییە مێژووییەکانی نێوان هەردوو نەتەوە (کورد- ئەرمەن) تێکو پێک بداتو خۆشی وەک کەسو نەتەوەیەکی پاک بخاتەڕوو»، بەڵام مێژوو ئەوەی دەرخست کە کوردەکان لەژێر فشاری هێزو توندوتیژیو ترسی کوشتن ئەم کارەیان کردووە نەک وەک فیکرەو هەست باوەڕیان پێبێت، داننان بەم راستییە مێژووییەشدا هەتا ئێستاش بووەتە گرفتێکی گەورە لەلایەن تورکیاوە کەوا خۆی دەردەخات کە هیچ بەرپرسیارێتییەکی لە ئەستۆدا نییە لە بەرامبەر ئەم کارەدا.

لە عێراقدا زیاتر مەسەلەی کورد کوژییو شەڕی کورد بە کوردو کۆسپە ناوخۆییەکانی بەردەم بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی لەگەڵ لکاندنی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بە عێراقی عەرەبیەوە لە (١٩٢٥/١٢/١٨) دەستیپێکرد، ئەوانەی کە کوردی خۆفرۆش بوونو لایەنگری حکومەتی مەرکەزیبوون ناویان بە «پۆلیسی نا سیستمی» ناوزەد دەکرا، بەڵام لەگەڵ هاتنە سەرتەختی بەعسییەکاندا لە رۆژی (٨)ی شوباتی (١٩٦٣) ئەم ناوە گۆڕا بۆ (فرسان صلاح الدین) وەکو ئەوەی کە نەوەی سەرکردەی کوردی مێژووی صلاح الدین ایوبی بوون، دواتر لە سەرەتایی هەشتاکانداو لەگەڵ هەڵگیرساندنی شەڕی کەنداوی یەکەم (عێراقو ئێران) ئەم ناوەی پێشووش گۆڕاوبوو بەهێزی سووک، دواتر بووە هێزی بەرگری نیشتمانیو سەرپەرشتیکەرانی ئەم هێزانەش پێی دەگوترا موستەشار، بەڵام ئەمانە لە دیدی کوردەکانو هەڵگری فیکرەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی پێیان دەگوترا «جاش» کە بۆ یەکەمجار کوردەکان ئەم وشەیەیان پێووتبوون کە لە وشەی (جحوش)ەوە هاتووە بە مانایی «گوێ درێژ»، دیدی بەعسییەکان بۆ ئەم جاشانە جیاوازبووە لە دیدو تێڕوانینی کوردەکان، ئەگەر لای کوردەکان جاشایەتی مانایی خۆفرۆشیو خیانەتو نەبوونی هەستی نەتەوایەتیو بەرتیلخۆر بگەیەنێت، ئەوا بەپێچەوانەوە لە دیدی ئەواندا پارێزەری حکومەتو خزمەتکەری دەسەڵاتن لە حکومەتی ناوەندیدا، کەواتە ئەمانە خاوەنی هیچ ئایدۆلۆژیاییەکی واقیعیو نەتەوەییو ئینسانیو ئەخلاقی نین، بەڵکو لە بەرامبەر پارەیەکی دیاریکراوی حکومەتدا هەموو بەهاو مەبدەئیە رۆحیو نەتەوایەتییەکانی خۆیان بە فیڕۆدەدەن کە بەداخەوە ئێستاش هەندێک لە سیاسەتمەدارە کوردەکان لەسەر هەمان بابەت هەنگاو دەنێن، بەعسیەکان پێیانوایە کە فرسانی صلاح الدین سەر بە حکومەتی ناوەندینو هەموویان رۆڵەی پیاوە سیاسییەکانی سەردەمی پاشایەتین (١٩٢١-١٩٥٨)، ئەم هێزانە لە ساڵی(١٩٦٣) لەکاتی کودەتای عەبدولسەلام عارف بەسەر بەعسیەکان رێژەیان رووی لە کەمیکردو زۆریان متمانەو باوەڕیان بە حکومەت نەماو لەنێوان ساڵانی( ١٩٦٣-١٩٦٨ ) جاشێکی زۆر دەستبەرداری فیکرەی پەرستنی حکومەتبوونو پەیوەندیان کرد بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردییەوە، بۆیە ئەم هێزە نا نەتەوەییو نا کوردانە بە دوای هەلێکی مادیی رووتدا دەگەڕانو دەیانویست بە پەیوەندیکردنیان بە حکومەتی عێراقیەوە چەند گورزێکی کوشندە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردو دروستبوونی دەوڵەتی کوردی بدەن لەو گورزانەش درز خستنە نێو پەیوەندییە توندو تۆڵەکانی پێشمەرگەو لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتیانو راکێشتنی کەسایەتییە ناودارو پێشمەرگە بە تواناکانی کورد لەرێگەی چەند فێڵو تەڵەکەی سیاسییەوە یاخود لەرێگەی پێدانی پارەیەکی دیاریکراوەوە، ئەمەش هەندێکجار بووەتە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم دروستبوونو تۆکمەبوونی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردیداو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیی بۆ کورد، بۆیە مێژوونووسی تورک (ئیسماعیل بێشکچی ) کە دەیەها جار ژیانی خۆی خستووەتە بەندیخانە دەربارەی ئەم دیاردەیە دەڵێت «دیاردەی وەستاندنی کۆمەڵێکی زۆری کورد لە پاڵ حکومەتی ناوەندیدا لە بۆ دژایەتیکردنی جوڵانەوەی کورد لە نا هۆشیاری نەتەوەییەوە سەرچاوەی گرتووە»، «پێیوایە کە گەورەترین بەڵگەیە بۆ لاوازکردنی پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردی»، پێویستە ئێمە ئێستا لەسەر رێبازی تۆکمەکردنی ناوخۆو قایمکردنی دیوارو ماڵی کورد هەنگاو بنێینو لە بازنەی خەیاڵاتی سیحری نیشتمان فرۆشتنو مێژوو دابەشکردنو شەهید فرۆشتنو بە جاش تەماشاکردنو یاریکردن بە موقەدەساتی نەتەوەی کوردو لەکەدارکردنی بەرامبەر دەرچینو بەشێوازێکی عەقڵانیانەو واقعیانە بڕوانینە خەونەکانی گەلی کورد کە ئەویش هێنانەدی خەونە نەتەوەییەکانە لە ئاستی نێودەوڵەتی، تەکاندنی نەتەوەیە لە خورافەتو ئەفسانەو خەیاڵاتی سیاسیو مێژوویو بەرزڕاگرتنی هەیبەتی نەتەوەکەمانە لە ئاستی نەتەوەکانی دیکەدا کە ئەمەش دەکەوێتە ئەستۆی ئەو هێزە سیاسییانەی کە لەسەر کورسی دەسەڵاتنو لەنێو خودی پەرلەماندا کاردەکەن.

# هۆکارەکانی سەرکەوتنە مێژووییەکەی لیستی گۆڕان

**شیروان شەمێرانی**

رێژەیەکی زۆر لە چاودێران راڤەی سەرکەوتنی لیستی گۆڕان، بەو شێوە سەرسوڕهێنەرە لە هەڵبژاردنەکاندا بەوەدەکەن کە گوایە ئەندامو کادیرانی یەکێتی دەنگیان پێداوەو پاپەندنەبوون بە هاوپەیمانی بەناو ستراتیژی یەکێتیو پارتی.

من گومانم لەوەدا نییە تا ئاستێک ئەمە راستە، بەڵام تەنیا هۆکارێک نییە بۆ سەرکەوتنی لیستی گۆڕان بەو رێژە چاوەڕوان نەکراوە، گۆڕان تەنیا دەریای سیاسی لە کوردستاندا نەگۆڕی، بەڵکو دیدو بۆچوونی چاودێرانیشی گۆڕی.

من وادەزانم سەرکەوتنی مێژوویی لیستی گۆڕان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

**یەکەم:** کەسایەتی (کاک نەوشیروان) خۆی وەک سیاسەتمەدارێکی کورد، وەک نووسەرێکی بە تواناو نەخشە دارێژێکی بە توانا، پاشان مێژووی درێژی خەباتی سیاسی کاک نەوشیروان لەگەڵیان شان بەشانی یەکێتیو پارتی، شارەزاییەکی وردو پێویستی لا دروستکردووە سەبارەت بە چۆنیەتی بیرکردنەوەی سەرانی ئەو دوو حیزبە فۆلکلۆرییە، لەهەمانکاتیشدا زۆر بە وردی نەخشەی دەروونی کۆمەڵگەی کوردی شارەزایە، دەزانێت تاکی کوردی چی دەوێتو خەمەکانی کامانەنو چۆن سۆزی دەخرۆشێت، خوێندنەوەی بۆ کۆمەڵگەی کوردی لێزانانەو سەرکەوتووانەبوو.

**دووهەم:** گوتاری لیستی گۆڕان لە هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکاندا ئەگەر چی هەندێکجار سنووری دەشکاند، بەڵام واپێدەچێت کۆمەڵگەی کوردی ئەوەی بوێت، هێشتا نەبووەتە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی تا لە چوارچێوەیەکی هێمنو لەسەرخۆدا ئاخاوتنی لەگەڵدا بکرێت، تاکی کوردی دەزانێت کە دوو حیزبی تەقلیدی کوردی بە چاوی سوورنەبێت راناوەستن، ئەگەرچی لەسەر دوانگەی وتار خوێندنیشەوە هاوار بکەیتو بڵێیت(Stop)، من زۆر کەس دەناسم کە بە درێژای تەمەنیان یەکێتیو هەواداری یەکێتی نەبوون، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا دەنگیان بۆ گۆڕان داوە، چونکە گوتارەکەیان بەدڵبووە، ژمارەیەکی زۆر داخ لە دڵی کورد عەودالی کەسێکبوون کە بە جورئەتەوەو بەبێ ترسو سامو هەیبەتی پارتیو یەکێتی بهەژێنێت، چونکە کۆمەڵگەی کوردی تائێستا لەژێر کاریگەری لولەی تفەنگو گرمەو ناڵەی ئار بی جیو بیکەیسیدا دەژی، بۆیە بە مەدەنیکردنی خەبات، بە مەدەنیکردنی عەقڵی دانیشتووانی لادێکانی دەوێت، نەک شارەکان بە تەنیا، جیاکردنەوەی هێزەکانی ئاسایشو پۆلیس لە حکومەت، تا ئەو کاتەش گوتارو زاراوەی ئاگرین مێشکی کەسایەتی کوردی مەست دەکات، گۆڕانیش ئەمە دەزانێت.

**سێیەم:** وشەو پێکهێنەرەکانی گوتاری پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن لێزانینی دەوێت، گۆڕانیش بە وردی زاراوەکانی هەڵدەبژارد، بە جوانی دایدەڕشت، هیچ شەرمی نەدەکرد لە وتنی هەر وشەیەک، یان رستەیەک بە پێویستی بزانیایە، رەچاوی هاوسەنگی نەدەکرد کە شکاندنی بە پێویست بزانیایە، بەوپەڕی راشکاویو بە زەوقەوەو بە رووتیو بێ هیچ جوانکارییەک باسی لە دەسەڵاتی کوردی دەکرد، باڵانسی رانەدەگرت، ترسی نەبوو، سەرکەوتووشبوو.

دۆخی لەبارنەبوو ناسکی لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی سنوورێکی بۆ دانابوو، پاشان هەوڵدانی، یان وەڵامدانەوەی هەوڵەکانی خۆگونجاندن گومانی لای خەڵک دروستکردبوو، هەندێکیش دەترسان کە ئەمجارەش بە چەند وەزیرێک بەشداری حکومەتی پارتیو یەکێتی بکەنەوە، بەڵام لیستی گۆڕان هەر لە سەرەتاوە بڕیاری ئۆپۆزسیۆنێکی چالاکی دابوو، بڕیاری دابوو لەگەڵ لیستی دەسەڵات تەبا نەبێت.

**چوارەم:** گوتاری لیستی گۆڕان لە هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا شۆڕبووەوە بۆ ناو وردەکارییەکانی ژیان، لەسەر گشت جومگەکانی حکومەتو دەسەڵات، لە شێوازی عمومییەت دەرچوو، رووی لە گەنجان کرد، ئاخاوتنیشی لەگەڵ ژنە بێکارەکانی ناو ماڵیشدا کرد، باسی لە سامانی نەوت کردو ئاوڕیشی لە قوتابیانی زانکۆ دایەوە، بواریدا هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە تەعبیر لە خۆیان بکەن، گوتارەکانی لیستی گۆڕان تەنیا بە گەندەڵیی حکومەتەوە نەوەستا، چونکە ئەوە شتێکی بێگومانە لای هەموو تاکێکی کۆمەڵگە بە رۆشنبیرو عەوامەوە، بە خوێندەوارو نەخوێندەوارەوە، بەڵام روونکردنەوەیەکی وردو درێژی ئەو گەندەڵییە ئەوەندەی من ئاگام لێبێت تەنیا لیستی گۆڕان پێی هەستا.

# پاشماوەی کلتووری زلحیزبەکان

**نەریمان ئەحمەد**

لە ژیانی سیاسیی کوردستاندا حیزبەکان پێناسەیەکی ئەوتۆیان داوە بەشێوازی کارکردنی حیزب، لە بیری تاکی کورد کە کارێکی هەروا ئاسان نییە، بە چەندین سالی دیکە هەر بزووتنەوەیەکی سیاسیی بتوانێت وا سانا ئەوشێوازی کارکردنە لە بیری تاکی کورددا بە گشتیی بگۆڕێت! ئەوەش دیارە دەرئەنجامی ئەو شێوازە ناتەندروستە نادیموکراسییەی کاری حیزبە کە تاوەکو هەنووکە لە کوردستاندا کاری پێ دەکرێت.

ئەوەشە ئەرکەکانی گۆڕان قورسدەکات، کە نەتوانێت گۆڕانێکی ریشەیی کوتوپڕ لە هەموو تاکێکی گۆڕانو گۆڕانخوازێکدا بەجێ بگەیەنێت، کە پێویستە شایانی تێگەیشتنێت. چونکە ئەوە چەندین ساڵە تاکی کورد لە فێرگەی ئەم زلحیزبانەدا بە دیاردەی گەندەڵی حکومیو حیزبیو دوور لە هەستی نیشتمانی ڕادەهێنرێت. لە کاتێکدا دەسەڵاتی سیاسیی کورد پێیوابووە نەوەیەکی شارستانیو تەندروست پەروەردە دەکات وەک هەمیشەش دروشمی دیموکراسی لە مەیدانەکەی خۆیدا بەرزکردووەتەوە، تا چەندێک کاری بۆ سیستمێکی دیموکراسی کرد لە واقیعی کاری حیزبیدا؟ دەبێت دەسەڵاتی کوردی لە کاتی هەڵگرتنی ئەو دروشمەدا تەواو لە مانای دیموکراسی نەگەیشتبێت لای وابووبێت تەنیا بە بوونی وشەی دیموکراسی لەناو حیزبدا، بوونی پەرلەمانێک لە وڵاتدا، دەتوانێت خۆی بە دونیای دەرەوە وەک سیستمێکی دیموکراتی بفرۆشێت.

گەر چاوێک ببڕینە پەیڕەوی ناوخۆی هەر کام لە دوو زلحیزبە سیاسییەکەی کوردستان، ئەوا بێگومان پێناسەیەکی حیزبێکی دیموکراتیمان پێدەداتو ئەو وانەیەشمان پێ دەبێژێت، کە دروشمەکان ڕاستو ڕەوان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نیشتمانو بەرجەستەکردنی مافو هەموو پێداویستییەکی سەرەتاییو دوا سەرەتایی بۆ تاکی کوردن. لەسەر ڕۆشنایی ئەم دروشمانە لە کۆمەڵگەدا حیزب لە ئامێز دەگیرێتو لە هۆشی تاکدا ئەو جێگەیە دەکاتەوە، کە بەرژەوەندییەکانی حیزب، بەر لە ویستەکانی تاک بە هەند وەربگیرێت، دروشمێک بە ناوی گەلێکەوە بەرزبکرێتەوە ئەو گەلە گشتیی خاوەنییەتی هەر قوربانییەکیش بۆ ئەو دروشمانە بدرێن ئەو قوربانیانە زامی هەموو گەلەو بەگشتیش نیشتمان خاوەنیەتی نەوەک حیزب یاخود تاک قۆرغی بەرژەوەندییەکانی خۆی پێ بکات.

ئەوەی جێی داخە ئەمڕۆ لە کوردستان حیزبی دەسەڵاتداری کوردی نەک دەستکەوتە بەدەستهاتووەکان لەگەڵ کۆمەڵگەکەیدا بەش ناکات، بەڵکو دەیەوێت ئیرادەی خۆشمان داگیر بکات. ئەوەتا شەهیدی نیشتمان حیزبیو تاک شانازی پێوە دەکات نەک تەنیا سیمبولی ڕێز بێت بۆ نیشتمان، ئەوەتا لە وڵاتی ئێمە لە دوای چەندین ساڵی خزمەتکردنی حیزب ئەگەر کەسێک ئامادە نەبێت دەنگی خۆی پێ بدات، ئەوا نەک هەر لە ناو حیزبدا تووشی لێپرسینەوە دەبێت، بەڵکو ئەوەی زۆر کارەساتە تاک لە حکومەتیشدا ڕووبەڕووی ناردنە ماڵەوە دەبێت! کە دەتوانین ئەم ڕەفتارە بە قێزەونترین دیاردەی هەنووکەی دەسەڵاتی کوردی ئەژمار بکەینو گەورەترین ئیهانەی وشەی دیموکراسیشە، لەلایەن دەسەڵاتەوە. لە ئەنجامی ئەم وانە سەقەتەی دەسەڵاتی کورد لە مێژووی ئەم (١٨) ساڵەیدا، نەک تەنیا حیزب قۆرغی حکومەتو سامانی وڵاتی کردووە، بەڵکو پێناسەیەکی ناتەندروستی بۆ نەوەکان لەو قۆناغەی خۆیدا بە پراکتیزە کردووە. کە دەرئەنجامەکەی لە هۆشی تاکی کورددا کارکردن لە حیزب بووە بە پەیژەیەک بۆ خۆپێگەیاندن لە چوارچێوەی کۆکردنەوەی ساماندا، نەوەک بۆ دروستکردنی پایەو شەهامەتی ئاستی بەرزی کۆمەڵگەو هەڵگرتنی دروشمە گشتییەکانو ویژدان ئاسوودەکردن.

ئێستاش ئەوەی ئەرکی مۆراڵی گشت گۆڕانخوازێکە، دەبێت هەر لەگەڵ لێدان لە دەرگای گۆڕاندا ئەو کلتوورە کۆنەی فێرگەکانی ڕابردوو نەهێنێت لەگەڵ خۆیدا، با وەبیرهێنانەوەش تەنیا بۆ سوود وەرگرتن بێت وەک ئەزموونێکی خراپی سیاسییو حکومیی ئەوەشە شانسی دووبارەبوونەوەی هەر جۆرە هەڵەیەکی ڕابردوو لەبار دەبات.

# پرسیارەکانی ڕۆشنبیرو فەزای ڕۆشنبیریی کوردی



**سەلاح جەلال**

دەبێت لە کوێوە دەستپێبکەین؟ چۆن پرسیارەکانمان بەرجەستەبکەین؟ چۆن باس لە بواری ڕۆشنبیریی کوردیی بکەین؟ لەم بارودۆخە پڕ لە کارەساتو قەیراناوییەی کە زەمەنێکی دوورو درێژی بە بێئاگایی بڕیوە، زەمەنێک ئەرکو گرنگی ڕۆژنامەو بواری ڕۆژنامەگەریی کوردیو میدیاکانی ڕاگەیاندنو بواری ڕۆشنبیریی، چۆن پرۆسەی پەیوەندییان بەوانی دیکەوە بەرجەستە کردووە؟ لە ڕووداوە مێژوویی و کودەتا ئەنتۆلۆژییەکاندا چ خوێندنەوەو ئامادەکارییەک کراوە؟ چ عەقڵێکی پێکهاتەیی بەرجەستە کردووە؟ چۆن بە ڕووی ڕووداوەکانی واقیعدا کراوەتەوە؟ ئایا چۆن لەو تەلیسمە بەستەڵۆکییانە دەردەچێت کە ڕۆژانە دێنە بەردەمی؟ چۆن ڕووبەڕووی پرسیارە ئەنتۆلۆژییەکان دەبێتەوە؟ چۆن بەرهەمهێنان لە فەزاو پانتاییەکاندا دەکات؟

لەکاتێکدا کەوتوینەتە قەیرانی بێپرسیارییو ونبوونی ڕوخسارو مەرگی جەدەلو مەعریفە، ئاساییە بپرسین لەم تێکەڵاوییەی ڕۆشنبیریی کوردییدا چۆن ڕەش لە سپیو گوناه لە پاکیزەیی جیا بکەینەوە؟ کامەیە پەیامو گرنگییەکانی ڕۆشنبیرییو ڕۆشنبیر کێیە؟ لە کاتێکدا ئێستا بەهەموو جنێوفرۆشو داهێنەرو شەڕکەرو کادیری حیزبو گروگاڵکەرێک دەوترێت ڕۆشنبیرو نووسەر؟ کە ئەمەش هەقی ڕەوای هەر حیزبێکە کە خاوەنی میدیا بێتو بتوانێت فیکری خۆی پیادە بکات، هەموو کەسیش لەمانە پێبوترێت ڕۆشنبیر، بەڵام لێرە ڕۆشنبیریان پەردەپۆشکردووە، ئەمانە ئەوەیان بۆ لواوە کە لە دەرەوە نووسەرو ڕۆژنامەنووسو لە مقەڕیش کادیری حیزب بن، واتە پۆلێنی بواری ڕۆشنبیریی نەکراوە، جگەلەوەش هیچ میدیاو کەناڵو بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆ نییە. بەمجۆرەش بواری ڕۆشنبیریی ترسناک بووەو لەناو گۆڕانەکانیشدا بە سەرلێشێواویی ماوەتەوە، لەکاتێکدا ڕۆژانە لاپەڕەی ڕۆژنامەکان دەخوێنینەوە لەبری ئەوەی بەپێشبڕکێی گۆڕانەکانو دەرخستنی نادیارو زانیاریی نوێو هۆشیارکردنەوەو عەقلیەتی گفتوگۆکەر لەسەر ڕووداو پەیوەندیو ئامرازو هۆکارەکانی گەیاندنو لێکتێگەیشتن لە هەڵوێستو ئەزمونو فەرەیی شێوازو مامەڵەی گشتگیرییو دۆزینەوەی زمانی نوێ کە بمانخاتە ژێر شەپۆلی بیرکردنەوەو گومانو ڕاڕایی بۆ گۆڕانی بنەڕەتی ..هتد.

بەداخەوە بە پێچەوانەی ئەمانەوە زۆریان بۆنی خوێن دایپۆشیون، بۆچی؟ زۆربەیان بە ئاشکرا دەڵێن: شەڕ.. شەڕ.. بە مانشێتو باسەکانیان ئاگری شەڕ کۆدەکەنەوە.. هەریەکە دژی لایەک دەنووسێت.. بۆچی شەڕ.. کێ کێ بکوژێت؟ ئایا پێکهاتەی ئەم حیزبە سیاسییانە هەر ڕۆڵەی کورد نین؟ کە کاری ڕۆشنبیر بەر لە هەموو کەس خوێندنەوەو گۆڕینی وێنەی خۆیو کێشەیە لەگەڵ فیکری خۆیدا، تێکشکاندنی تەباییە لەگەڵ دەسەڵاتو هەڵوێستەکردنە لەو شتەی کە بیری لێدەکەینەوە. شەڕی ئێستاش جەنگی گۆڕانکارییەکانە لە دەستوورو یاساو پێشکەوتنەکان. جەنگی داهێنانو ئیشکردنو خۆدۆزینەوەو پێشبڕکێو ڕای جەماوەرییە. ئیتر هەر هێزێکی سیاسی دەتوانێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکان بژی گەشە دەکاتو ئەوی دیکەی بەرەو پوکاندنەوە دەچێت.. ئەمەش ڕەوایە، زۆر هێزی سیاسیی کوردیی جگە لەوەی موقەدەرێکن بۆ کورد هیچی دیکە نین؟ ئیتر شەڕ لێرەوە شەڕی عەقڵو پێشکەوتنەو هیچ فەزایەک بۆ شەڕی سەنگەر نەماوەتەوە.

بەداخەوە پێچەوانەی ئەم سیفاتانەی ڕۆشنبیر، نە دەسەڵاتێک بۆ ڕەخنە هەیەو نە وەهم بۆ ڕۆشنبیرییو نە خستنەسەرو جەدەلێک بۆ زانیارییو خوێندنەوەی ڕووداوی ڕۆژانەو ئەرکی دیکەی ڕۆژنامەنووسی هەواڵو داهێنانی ڕۆشنبیریی هەیە کە بواری ڕۆشنبیریی هەموویان هەوڵی بەرهەمهێنانی مەعریفە دەدەن. نووسین گەیشتووەتە حاڵەتێک هەقە بڵێین: حورمەتێک بۆ قەڵەمو نووسین بهێڵرێتەوە، چونکە قەڵەم مانای عەقڵو ئاشتی بیرکردنەوەو فڕێدانی چەکو شەڕەنگێزییە، کارەساتەکە لەوەدایە هەمووی بە ناوی ڕۆشنبیرو بواری ڕۆشنبیرییەوە دەژمێررێن کە لە ڕاستیدا زۆربەی شەڕی کادیری دواکەوتوی حیزبە نەوەک ڕۆشنبیریی، چونکە ڕۆشنبیر چاوێکی دیکەیە بۆ سیاسییو پرۆژەیەکی جێگرە بۆیو لە هەموو بارێکدا پەیوەندی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی بە هەموو کێشە فیکرییو سیاسییو کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانەوە هەیە، بە هەموو ئەو بنەمایانەی کە هێزی جوڵانەوەو پەیوەندیو گۆڕانن لەگەڵ سروشتو واقیعدا، بە دۆزینەوەو دەرخستنی کردارو مومارەسەو هەڵوێستەکانەوە.

لێرەوە دەکەوینە نێو تۆڕی دەیەها پرسیاری گرنگ کە ناکرێت هەروا بەسانایی ئەو کارەساتانە تێپەڕ بکرێنو لەسەر ڕۆشنبیریی کوردییش بکەونەوە؟ ئێمە زۆرجار لە لێکۆڵینەوە جیاجیاکانماندا پۆلێنی ڕۆڵی ڕۆشنبیرمان کردووە لە هەموو ئاستەکانداو بەپێی تیۆرو توێژینەوەکان شیکارمانکردووە؟ ئەوەی گرنگەو ئاشکرایە لە کادیری حیزبێکەوە تا مامۆستاو پزیشکو فەرمانبەرێکو ڕێکخراوە پیشەییەکانو... تاد ڕۆشنبیرە، هەروەکو (علی حرب) ئاماژەی پێدەکات، ڕۆشنبیریی بە مانا گشتگیرەکەی دروستکردنی ژیانو کارکردنە لە سروشتداو شێوەیەکە لە شێوەکانی گەیاندنو ئاڵوگۆڕ، بەم پێەش مرۆڤ بەبێ ڕۆشنبیریی نابێت. ئەگەر لە کەسانی کاری فیکریی بێت یان لە کەسانی کاری دەستی، لەبەر ئەوەی لەبنەڕەتدا مرۆڤە بەبێ فیکر نییە.

توێژەکانی ڕۆشنبیریی زۆر ئاست دەگرنەوە، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە، کامەیە ڕۆشنبیری داهێنەرو ئەرکو سیفاتەکانی؟ کام دەستەیەیە کە ئەرکی گرنگی گۆڕانیان لە ئەستۆدایە؟ کامەیە ئەو دەستە هەڵبژێردراوەی کە بە فیکرەکانیان ئێمەو جیهان دەگۆڕن..؟ چۆن لە پانتاییەکانی فیکرو مەعریفەدا کار دەکەن؟ کام نامەیەیان پێیە بۆ ئێستاو نەوەکانی ئایندە؟ چۆن دەڕواننە بە جیهانیبوون؟ چۆن دیوارو بەربەستەکان تێکدەشکێنن؟ چۆن دەمانخەنە ناو گومانو بیرکردنەوەو پرسیارەوە؟

چونکە کاری ڕۆشنبیر تێپەڕاندنو خستنەسەرو دەستنیشانکردنی گرفتو قەیرانەکانو کێشەو ململانێو نادیارو شتە ونەکانو دامەزراندنی چەمکی نوێو تێکشکاندنی چەمکە باوەکانە، ئەو کەسەیە کە هەمیشە کێشەی لەگەڵ فیکری خۆیدا هەیەو هەوڵی دامەزراندنی دەسەڵاتی ڕۆشنبیریی دەدات. لێرەدا دەرفەتێک بۆ دەسەڵات دەکرێتەوە کە پێش بکەوێت، نەوەک بە ستایشو پیاهەڵدانو هێرشی ناڕەوا.

ئاشکرایە هەموو دەسەڵاتێکی دیموکراتیی ڕاستەقینە زیاتر بایەخی بەم هەڵبژاردەیەی ڕۆشنبیریی داوە نەوەک کەسانی ناو حیزب، بە خۆڕایی نییە کە (لینین) کەسێکی وەکو (پوشکین) بە واقیعیترو باشتر دەزانێت لە (مایکۆفسکی) کە ئەو بەدەنگی شۆڕشی پرۆلیتاریا لەقەڵەمدەدات کە دوای سەرکەوتنی شۆڕش دەپوکێتەوە.

ئێستا دەبوو ڕۆشنبیریی کوردیی ئاستەنگی گرنگی ببڕیایە، ڕۆژنامەنووسانی کورد پانتاییە گرنگەکانی فیکرو داهێنانیان بە پرسیارو بەدواداچوونو گەڕانەکانیان پڕبکردایەتەوە. لە بواری خۆیان کە زانیارییو داهێنانە لە بواری گرنگی شارستانیو بە جیهانیبوون.

لێرەوە دەتوانین بپرسین: چ بەدواداچوونێک بۆ جوتیارانی کورد هەیە؟ چۆن وەزارەتی کشتوکاڵو پیشەسازییو ئاوەدانکردنەوەو کارەبایان خستووەتە ژێر پرسیارەوە؟ ئایا دەزانرێت ژیانی جوتیاران چۆنە؟ کامەیە بەروبومەکانیان؟ داهاتو هاوکارییان؟ کە کاریگەرییەکی گەورەو بۆشاییەکی فراوانیان لە هەموو بوارەکاندا کردووەتەوە. یاخود چۆن خوێندنەوەیان بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکانو شارستانیو کرێکارانی مەعریفەو کرێکارانی ڕاگەیاندن کردووە؟ یاخود لە هەموو کەلێنەکانی بواری کۆمەڵایەتیو لەلایەکی دیکەش پرسیارمان لە سەر بواری ڕۆژنامەوانیو ڕۆشنبیریی هەیە کە پابەندی داهێنانن لە سەدان پرسیاری گرنگ کە ڕووبەڕوماندەبنەوە لە کێشە ئەنتۆلۆژییو مەعریفییەکان.

پرسیارەکان زۆرنو زمانمان لاڵدەبێت، لە کاتێکدا باری چینایەتیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسیی توێژینەوەو جەدەلێکی لەسەر نییە، ئایا کۆمەڵگای کوردیی ئێستا لە چ ئاستێکدایە؟ چ قۆناغێکی لە گەشەسەندنەکاندا بڕیوە؟ بەرەو کوێ دەچێت؟ کامەیە پێگەی لە گۆڕانەکاندا؟ لە مۆدێرنێتەو پێش مۆدێرنێتەو بەجیهانیبوون. دەکرێت کۆمەڵگایەک بەناو ئەو هەموو گۆڕانە باڵایانەی دەسەڵاتدا تێپەڕێتو نەتوانێت گۆڕانێکی ڕیشەیی بکات!؟ کە ئەمەش کاری کەسەکانی فیکرو توێژەرەوەی بوارە جیاجیاکانو ڕۆشنبیرانو ڕێکخراوەو دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکانو کاری دانشگاو زانکۆکانو نامە ماجستێرو دکتۆراکانە.

ئەوەی ئاشکرایە هەموو ئەو گۆڕانانە دەرەکییو ڕووپۆشبوونو لە ناوەوەو لە ڕۆحدا نەکراون. ئەمانە هۆکارەکانیان چینو لە چییەوە سەرچاوەیان گرتووە؟ بۆچی بەدرێژایی ١٨ساڵ نەتوانراوە بەرەو گۆڕانکاری بچینو تەنیا سەیرمان کردوە؟ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات کە تەنیا هەوڵی پاوانکردنو کوشتنی ڕۆشنبیریی داوەو زۆربەی کەسە ڕۆشنبیرەکانیش دامەزراوەکانیان خستە خزمەتی دەسەڵاتەوە، بەم شێوەیەش هەمیشە بیرو پرسیاریان کوشتووەو ئێمەشیان کردووەتە سەماکەری پاڵەوانێتییەکان، لەناو ڕۆشنبیرییەکی بەرتەسکی سەرەتایی حیزبەکاندا گێژیانکردوین.

کە ئەم هەژانە کاری بواری ڕۆشنبیریی بوو کە بتوانێت دەسەڵاتی خۆی هەبێت، بەڵام ئەم بوارە بەرەو ناو حیزبەکان چوونو بە خۆیانو دامەزراوە نەتەوەییەکانەوەو بوون بە جێگری ڕۆشنبیرییو پێگەکانیان گرتووە بەبێ پۆلێنکاری، چ حەقێک بوو یەکێتیی نووسەرانو هونەرمەندانو زۆر پێگەی دیگە بچنە ناو ئەم حیزبانەوە؟ ئەوانە چۆن ئەو بەرپرسیارێتییەیان خستووەتە ئەستۆ؟ چۆن دەبێت دامودەزگای ئەمانە لە نێوان دوحیزبدا دابەش بکرێت؟ ئایا ئەمانەش خرانە ئاستی فەوجو لیواوە؟ بە چ حەقێک پێگەی ڕۆشنبیرییشیان بەشکرد؟ ئەوەش پابەندی باری زەلیلی لە ڕادەبەدەری ئەو کەسانەیە کە بوونەتە جێگری ڕۆشنبیرییو خۆیان کردووەتە زمانحاڵیو دەیانەوێت مێژوو بە سێریسکێنو ئاشەبەتەنورە بخەڵەتێنن، بۆیە ناچارین بپرسین کامەیە ماڵی ڕۆشنبیری کورد؟ هەر بۆیە دەبێت نەوەی نوێ لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات، چونکە بەرپرسن بەرامبەر بە مێژووی ڕۆشنبیریی نەتەوەیەک، بەرامبەر بە بێباوکبوونو بە زۆڵزانینی زۆربەمان.

ئەمە کاریگەریی گەورەو کوشندە بوو بۆ کورد کە جگە لە هەڵبژاردەیەکی کەمی ڕۆشنبیر لە دەرەوەی دەسەڵات کە وەک (زۆڵ) سەیرکراون، ئیتر هیچ ناتەباییەک نەبووەو دەسەڵاتی ڕۆشنبیرییش بەرجەستە نەبووە کە دەسەڵاتی ڕەمزیە، واتە دەسەڵاتی قسەو نووسینە بەرامبەر شمشێرو دارایی وەک (علی حرب) ئاماژەی پێدەکات. بۆیە دەسەڵاتی ڕۆشنبیریی ئەو دەسەڵاتە بووە کە لەناو دەسەڵاتی حیزبدا بە پاشکۆیەتی کاریکردووە، پرسیاری سەرەکی ئێمە هەموو ئەو ڕەوتە گرنگانە دەگرێتەوە کە ئەمڕۆ بەرپرسیارێتیی دەسەڵاتی کوردیان لە دەستدایە. ئایا دەسەڵاتی سیاسی بەرپرسە یاخود پێگەکانی ڕۆشنبیریی توانایان نییەو تەنیا لەم دەسەڵاتە سودمەندن؟ کوا ڕۆڵی یەکێتی نووسەرانو دانشگاو زانکۆکان؟ هونەرمەندانو ڕێکخراوە پیشەییو ڕۆشنبیرییەکان؟ کە زۆربەیان هەرە جێگە ترسناکەکانیان لە هەردوو حکومەتدا گرتووەو بوونەتە ڕاگری جێگری ڕۆشنبیریی..

لێرەوە دەتوانین بڵێین: هەموو لایەک بەرپرسن، چونکە نە دەسەڵات ئەو ڕۆڵەی بەبێ ئینتما داوە بە هیچ کەسو لایەنو ڕێکخراوێکو نە بواری ڕۆشنبیرییش ئەو توانای کارامەییەی هەبووە کە بتوانێت دەسەڵاتی خۆی هەبێت. ئەمەش بە هۆی دەمامکی دەستە ڕۆشنبیرییەکانو پاشقولگرتنیان لە بواری ڕۆشنبیرییو بە حیزبیکردنی پێگەکان. ئەگەر ڕۆشنبیرانی کورد ئەو کارەساتەیان بە ڕۆشنبیریی نەکردایە ئەوا ئێستا دۆخێکیترمان دەبوو. ئەمەش مانای بەرپابوونی شۆڕشێکی بەرفراوانە لە هەموو بوارەکاندا کە تائێستا کورد نەیکردووە، چونکە پێویستی گۆڕانکاریی دەبێت ڕەگی درەختیش بگرێتەوە، کورد تائێستا بەشداری هیچ شۆڕشێکی پیشەسازییو بۆرژوازییو کشتوکاڵیو ڕیشەیی نەکردووە، هەروەک (فیصل دراج) ئەو ڕەخنەیە لە فەزای عەرەبی دەگرێت. ئەمەش گەورەترین کارەساتە کە بەردەوام لە جیهان بە دابڕاویو لە ناوخۆشدا بەدواکەوتویی ماوەتەوە. ئەوەشی کە گرنگە شۆڕشی ڕۆشنبیرییە کە پێویستیو گرنگی ئێستایەو پێویستە ڕۆشنبیری هەڵبژاردە دەربکەوێتو دایناسۆرەکانی ڕۆشنبیریی کوردی پەردەیان لەسەر هەڵبماڵرێتو بواری ڕۆشنبیریی کوردیی لە هەموو ئاستەکاندا پۆلێنکاریی بکرێتو ببوژێتەوە.

ئەمانەش ئێمەیان بێزمانو کەڕولاڵکردووەو نەیانهێشتووە زمان بکەینەوە، میدیاو ڕۆژنامەو فەزاکانی ڕۆشنبیریی لە ناوەندی قەیرانەکانەوە نەژیاونەتەوە، تا ناکۆکی پرۆژەکان لە نێوان حەقو ناحەق یان دەسەڵاتو مەعریفە دروست ببێتو فەزایەکیان نەخولقاندووە، تا بەرەو زمانێکی ڕۆشنبیرییو کۆمەڵگایەکی مەدەنی بچینو لە دایەلۆگی شارستانیو بە جیهانیبووندا بەشداری بکەین کە پێویستە بەرەو فەزای ڕۆشنبیریی خولقێنەرو بەرفراوان بچین بە بەرەوپێشبردنی ڕۆژنامەو میدیاو فەزای ئازادو نوێ کە بە ڕۆڵی خۆیان بمانخەنە ژێر پرسیارەوە، تا لە گۆڕانکارییەکاندا بژینو بەشداری لە گۆڕانەکانی بە جیهانیبوون بکەینو عەقڵمان بە ڕووی واقیعو بزووتنەوەو ئاڵۆزاییەکانیدا بکرێتەوە.

# ئەرێ پەرلەمان‌و حکومەت دەبنە فەرمانبەری خەڵک‌و خاک؟!

**ئەندازیار - دانێر محەمەد حسێن**

وەک دەزانیـن زیاتر لە دە ساڵە خەڵکی کـوردسـتـان‌و بەتایبەتیش توێژە زیندووەکەی وڵات وەک گەنج‌و رۆشنفکرو تەواوی بژاردەکانی کۆمەڵ بێزاریی خۆیان دەنوێنن لە بارودۆخی چەقبەستووی ئەم هەرێمە، نەبوونی بەدیلێک (alternative) بۆ دەسەڵات‌و پارتە کلاسیکییەکانی کوردستان تا ئەو رادەیەی بێزارییەکە بووە باسی گەرمی کۆمەڵ، بەتایبەت دوای دروستبوونی میدیای ئـازادو سەربەخۆ، من لێرەدا نامەوێت بچمە سەر باسی وەزعی پێش رووخاندنی رژێمی بەعس لە بەغدا، تەنیا لـەدوای ئەو مێژووە باسدەکەم کە فرسەتێکی زێرینی هێنایەکایەوەو کـوردبــووە بەهێزترین یاریزانی گۆڕەپانەکەو وەک دەڵێین تەراتێنی دەکرد، هەروەها دوای سیانزە ساڵ هەڵبژاردنی دووەم لە کوردستاندا کرایەوەو حکومەتی زەبەلاحی بەناوی یەکگرتوو دروستکرایەوە، بەڵام بەداخەوە هەر زوو ئەم حکومەت‌و پەرلەمانە مایەپوچی‌و بێمانایی خۆی خستەڕوو، دەرکەوت کە (١٠٠٪) سەر بەحیزبن نەک خەڵکی زەحمەتکێشی ئەم وڵاتە، هێزی پێشمەرگەو چەکدارو پارەو دەسەڵات‌و ئەنجومەنی یاسادانان‌و چاودێریی‌و دادگـاو دادپــەروەران... هتد زۆربەیان کارمەندی گوێڕایەڵی سەرکردایەتی حیزبن جێبەجێکارێکی بێ ئیرادە، کە ئەم دوخە لە هەر وڵاتێکی دونیا ئەگەر رووبــدات‌و تۆزقاڵێک هەستی نیشتمانپەروەریی‌و دڵسۆزیی هەبێت، لای سەرکردەکانیان قابیلی قبوڵ نییە، بەتایبەتیش لە دۆخی هەستیاری هەمەچەشنەی کوردستان کە لە ناوەوەو لە دەرەوەو بە دوژمـن قایمکراوەو پێویستی زۆری بە سەرکردایەتییەکی حەکیم‌و بیرمەندو دڵسۆز هەیە، هەر بۆیە لە دەرهاویشتەی ئەو دۆخەی لە سـەرەوە باسمانکرد گەلی کوردستان راپەڕینێکی رۆشنبیریی‌و دیموکراسی گـەورەی کردو زۆر بە باشی بە ئاگا هاتەوە، کەسێتی خۆی بۆ گەڕایەوەو پەیوەندییە بەتینەکەی لەگەڵ خاکدا دروستبووەوەو بڕیاریدا گۆڕان بکات‌و رێگەنەدات بە عەقڵی خێڵەکی‌و بنەماڵەیی چیتر گەورەیی بکرێت‌و بەرەو تاریکی بەرن، هەر یەکێک لەلای خۆیەوە مۆمێکی لەو تونیلە تاریکەدا داگیرساندو بە چراخانێک رێگەکەی رووناککردووەتەوە ئەو بەری تونێلەکەی بە روونی دیارە، ئـەوەتـا ســەرەڕای بوونی دنیایەک سەرنج لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥)و بەشدارینەکردنی سەدان هەزار کوردانی رۆشنبیرو ئـازادی دەرەوەی وڵات، هێزی خەڵک‌و خاکی کە خۆی لە لیستی گۆڕان دەبینێتەوە، ئەنجامی گەورەو تەوقشکێنی بەدەستهێناو واخەریکە لەگەڵیدا ببێتە خـاوەن ماڵ‌و هەموو شتەکان بگەڕێنێتەوە رێچکەی تایبەتی‌و شیاوی خۆی‌و حکومەت‌و پەرلەمانیش ببنە فەرمانبەرێکی کـارامـەی لای خەڵک بەپێی بەڵێننامەیەک کە ئەگەر لەو ماوەیەدا کارەکانیان بە باشی بە ئەنجامگەیاند، ئەوا خەڵک بەڵێننامەی کارکردنیان وەک -فەرمانبەرێکی کاتیی یان عقد- بۆ درێژدەکاتەوە، چونکە وەک دەڵێن سەرکەوتن بە گەیشتن بە ئەنجامی گـەورە کۆتایی نایەت، بەڵکو رێگەکە زۆری لەبەرماوەو پێویستە بە بەردەوامی ئیدارەو ئیدامە بدرێت‌و پێشبخرێت. دیارە ئەرکی ئەندامانی پەرلەمانی تازە قورسەو هەستیارەو کۆمەڵێک پرسی ناوخۆیی‌و دەرەکی هەیە دەبێت یەکلاییبکرێتەوە، بەڵام یەکەم کارەکانی پەرلەمانی تازە بەڕای بەندە ئەوەیە لە یەکەم رۆژەوە کار بۆ:

١- ئازادکردنی پەرلەمان لە مۆڵکی پارتەوە بۆ پەرلەمانێک کە نوێنەرایەتی هەموو رەنـگ‌و نەتەوە جیاوازەکانی خەڵکی کوردستانی بە ئازادانە تێدا بکرێت.

٢- دەرهێنانی هێزی پێشمەرگەو ناوخۆو ئاسایش‌و هەواڵگریی ...هتد، لە دەستی حیزب بۆ هێزی چەکداریی خـاک‌و گـەل‌و پـارێـزەری ئاسایشی نەتەوەیی وڵات.

٣- دەرهێنانی بودجەی هەرێم لە تاریکیەوە بۆ رووناکی‌و ئامادەکردنی بودجەی (٢٠١٠)، کە تێیدا پـرۆژەی ستراتیژی ژێرخانی ئابووریی نزیک‌و درێـژخـایـەن بـە دەرکـەوێـت، وەک دروسـتـکـردنـەوەی لادێـکـان بە مانا فراوانەکەی‌و ئاشتکردنەوەی خەڵکەکەی.

٤- ئـازادکـردن‌و سەربەخۆکردنی دەسەڵاتی دادپەروەریی‌و سەروەرکردنی یاسا.

# یەکەم حکومەتی سێبەر

**سۆران هادی**

(٧/٢٥) رۆژی وەرچـەرخـانـە لە سیستمی حکومڕانی هەرێمی کوردستاندا، ئەوە تەنیا قسە نییەو هەموو لایەک بە دۆست‌و دوژمنەوە، بە دەســەڵات‌و بێ دەسەڵاتەوە لەوە تێگەیشتوون کە هەرگیز، (٢٠٠٩/٧/٢٦) لە رۆژانی پێش خۆی ناچێت، لەو رۆژە بە دواوە هیچ بڕو بیانوویەک نەماوە بۆ ئەوەی حکومەت‌و پەرلەمانی داهاتوو لەوانەی پێش خۆیان بچن، خەڵکی کوردستان بە ویستی خۆیان شانسیان بەخشییە سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن‌و لەمەولا چاوەڕوانن ئەوان بە رۆڵی راستەقینەی خۆیان هەستن.

نەوشیروان مستەفا، سەرۆکی بزووتنەوەی گـۆڕان، لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا لەگەڵ کەناڵی (الـجـزیـره) وتـی: «پێشتر ئێمە بەهۆی سەرقاڵیمان بە چەسپاندنی دەستکەوتەکان‌و هەڕەشەی دەرەکی کەمتر دەمانپەرژایە سەر رێکخستنی ماڵی کورد لە ناوخۆوە، بەڵام ئێستا ئەولەویاتمان باشکردنی دۆخی ژیانی خەڵکی کوردستانە، بەپێچەوانەی قسەی حیزبە دەسەڵاتدارەکان واقیعی ئێستا ئـەوە دەخـوازێـت سەرقاڵی رێکخستنەوەی ماڵی خۆمان بین‌و ئـەزمـوونـەکـەمـان دەوڵـەمـەنـدتـرو دیموکراسیتربکەین.

(٧/٢٥) خـەڵـکـی کـوردسـتـان چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان‌و بەوشێوەیەی چاوەڕوانکرا، بە نووکی پێنوسەکانیان رێـڕەوی حوکمڕانی بە گۆشەی (١٨٠) پلە گۆڕی، بۆیە لە ئێستا بەدواوە خەڵک چاوەڕێی ئەنجام لەو ئۆپۆزسیۆنە دەکات کە لە ماوەی ئۆپۆزسیۆن‌و بەتایبەت بزووتنەوەی گـۆڕان چەندین ئـەرکی قورسی بەجێماوەی (١٨) ساڵەی رابـردوو، ئێستاو داهاتووی بەسەردا کەوتووەو دەبێت زۆر بە جدیی هەنگاوبنێت بۆ باشکردنی ئەدای پەرلەمان‌و حکومەت. یەکێک لەو هەنگاوانەی کە دەکرێت کارەکانی ئەم ئۆپۆزسیۆنە خێراترو زانستیتر بکات بریتییە لە پێکهێنانی «حکومەتی سێبەر»:

**حکومەتی سێبەر**
**یان کابینەی سێبەر چییە؟**

لە سیستمی پەرلەمانیدا گەورەترین فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن خـۆی بە سێبەری حکومەت یان سێبەری کابینە دەزانێت. ئەم فراکسیۆنە هەڵدەستێت بە کۆپیکردنی حکومەتی لەسەرکار بەسەرکردایەتی سەرۆکی ئۆپۆزسیۆن‌و ئەندامانیشی دەکرێت بە وەزیری سێبەر ناوببرێن. بۆ نموونە دەتوانرێت بوترێت وەزیـری سێبەری وەزارەتـی دارایی حکومەت‌و هەتا دوایی.

ئەرکی سەرەکی حکومەتی سێبەر بریتی دەبێت لە رەخنەگرتن لە حکومەتی لەسەرکار، بەرامبەر رەخنەکانیش ئەڵتەرناتیڤی پێشکەشدەکات. پێکهێنانی حکومەتی سێبەر بە هیچ جۆرێک بە مانای ئەوە نایەت کە ئیعتراف بە حکومەت لەسەرکار نەکات، وەک هەندێک لایەن لێی تۆقیون‌و بە ترسەوە هەڕەشەی لێدەکەن، بەڵکو حکومەتی سێبەر چاودێرو رەخنەگرێکی وردی دەسـەڵاتـە بـێ ئـەوەی دەسـت لە کاروباری وەربدات.

یەکێک لە لایەنە پۆزەتیڤەکانی حکومەتی سێبەر ئەوەیە، کە لەکاتی روودانــی کارەساتێکی گـەورە یان هەڵوەشانەوەی حکومەت لەسەرکار دەبێتە جێگرەوەی‌و فەراغی ئیداریی دروستنابێت.

وەزیرەکانی حکومەتی سێبەر بریتی دەبـن لە کۆپی وەزیرەکانی حکومەتی لەسەرکار، بەوشێوەیە بەرامبەر هـەر وەزیـرێـکـی فیعلی وەزیرێکی سێبەر دەبێت، لە ئێستادا ئـەم سیستمە لە زۆربـەی وڵاتانی پێشکەوتووی دنیادا وەک ئەمریکا، بەریتانیا، کەنەدا، نیوزلەندا ..... هەیە.

لەمجۆرە وڵاتـانـەدا حکومەتی سێبەر پێویست بێت، دەبێت ئەو بیانووانە چی بن لەبەردەم پێکنەهێنانی حکومەتی سێبەر لە کوردستاندا؟!

ئۆپۆزسیۆن دەبێت چاک بزانێت کە شاردنەوەی راستییەکان‌و هەڵگرتنیان بـۆ چەند ساڵێکی دیکـەو پاشان ئاشکراکردنیان دادیان نادات‌و خەڵکی کوردستان چـاوەڕێـی شەفافیەت‌و بڕیاری رۆژ دەکەن.

پلاتفۆرمی سەرەکیی بزووتنەوەی گۆڕان بریتیبوو لە جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت، بۆیە یەکێک لە باشترین رێگەکان بۆ بەجێهێنانی ئەم بەڵێنە بریتیدەبێت لە پێکهێنانی یەکەم حکومەتی سێبەر، ئەم حکومەتی سێبەرەی بۆ ئەو دەسەڵاتەی کە یەکێتی‌و پارتی بە تەوافوق دروستیدەکەن، کارێکی دروستە، چونکە لە هەر لەحزەیەکدا ئـەگـەری هـەڵـوەشـانـەوەی ئەو رێکەوتننامە ستراتیژییەی هەردوو حیزبەکە هەیە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای بەرایی سلێمانی/ دادگای باری شارستانی

ژمارە: ١٦٣٩/ب/٢٠٠٩
رۆژ: ٢٠٠٩/٨/٦

- ئاگاداری -

داواکار: هیوا نامق حمە - لەبری کوڕە ناکانەکەی (وارڤان)

داواکار: (هیوا نامق حمە) داوای بەرایی بە ژمارەی سەرەوە لەم دادگایە تۆمار کردووە لەسەر بەڕێوەبەری رەگەزنامەو باری شارستانی سەرەڕای کارەکەی بۆ گۆڕینی ناوی (کوڕە ناکامەکەی).
لە (وارڤان) بۆ (محمد) بەپێی ماددەی (٢١) لە یاسای باری شارستانی دادگا بڕیاری دا بە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە یەکێک لە رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆییەکاندا هەرکەس و لایەنێک مافی رێگرتن هەیە لەم داوایە پەیوەندی بکات بەم دادگایەوە یان بریکارێکی یاسایی لە بری خۆی بنێرێت لە ماوەی (١٠) رۆژدا لە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بە پێچەوانەوە ئەم داوایە ئەبینرێ بە گوێرەی یاسا. لەگەڵ رێزدا

دادوەر/ چراخان ابراهیم فتاح

دادگای بەرایی سلێمانی/ ٥
ژمارە/ ١١٩٣/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٨/١٣

ئاگاداری

داواکار/ کمال حسین صالح - بریکارەکەی پارێزەر عمر احمد صالح
داوا لەسەرکراوان/ ١- شلێر حسین صالح ٢- شیرین حسین صالح ٣- کامران حسین صالح
بۆ داوا لەسەرکراوان دادگای بەرایی سلێمانی/ ٥ بە ژمارە ١١٩٣/ب/٢٠٠٩ لە ٢٠٠٩/٨/٩ بڕیاری دا بە نەمانی هاوبەشەکان لەسەر مولکی ژمارە ٢٠٠/١٣ م ١/م.و زەوی و خانووی دروستکراو لەسەری بە فرۆشتنی مولکەکەو بەشکردنی پارەکەی لەنێوان هاوبەشەکانیدا. و لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە دادگا بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەتان لە رێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانەوە ئەگەر نارەزایتان هەیە لەسەر بڕیارەکە لە ماوەی (١٠) رۆژدا لە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییەوە ئاراستەی دادگای بکەن بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.

دادوەر/ عبدالله اسماعیل أمین

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی

کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦٨٤ – R٤
پرۆژە: دروست کردنی پارکی سید سادق.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕی‌و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٦ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٠ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/٣٠ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/٣٠ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٣) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت‌و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٨٥٠٠٠٠٠) هەشتاو پێنج ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٤٥٠٠٠) چوارسەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بنووسێت وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

عمر احمد امین
پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی

کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٤٨ – R٢
پرۆژە: نۆژەنکردنەوەی تۆڕی کارەبا لە گەڕەکی (سەرشەقام و راپەڕین) لە چەمچەماڵ.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕی‌و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٦ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٠ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/٣٠ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/٣٠ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٥) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت‌و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٢٠٠٠٠٠٠٠) بیست ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بنووسێت وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

عمر احمد امین
پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**عەدنان عوسمان**

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســەران
**سیروان رەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەمال** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی** ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕی‌و ریکلام‌و ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info.rozhnama@gmail.com
riklam.rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# تــــەنیا ڕای گشتیی ئەڵتەرناتیڤە

گۆران عوسمان

ڕەوتی سیاسیی هەرێم هێدی هێدی بەرەو ئەوە دەچێت، کیانە سیاسییەکان ڕۆژبەڕۆژ بەرەو لادانی ئەو ڕەوتە بچن کە پێشتر گرتبوویانە بەر، لادانی فیکریو بیروباوەڕ، لادانی دینییو چوونە ناو دین بەشێوەیەک لە شێوەکان بۆ ڕاکێشانی لۆژیکی کەسەکان، هەڵبژاردن توانی زیاتر فیکرو ئایدیای لایەنە سیاسییەکان بەرەو ئەوەبەرێت کە جۆرێک لە نزیکبوونەوە لە یەکتری، جۆرێک تەنازولات، جۆرێک لە یەکتری قبولکردن بگرنە بەر، تەنیا ئەوەش لەبەر بەرژەوەندیی مانەوەی سیاسییە بۆ درێــژەدان بەو بەرنامەو عەقیدەیەی کە سیاسییەکان بەڕێوەی دەبەن، ڕای گشتیی دەستێکی باڵای هەبووە بۆ دروستبوونی ئـەو ئەڵتەرناتیڤە کە ئـەم سیاسیپانە گرتوویانەتەبەر، ئەوەش جێگەی خۆشحالییە کە ڕای گشتی بتوانێت کاریگەریی لەسەر خەڵکی کوردستان بەجێبهێڵێت، بەڵام ئاڵۆزیی ئەو ڕای گشتییە لەوەدایە کە تەنیا چەند ناوچەیەکی دیاریکراوی گرتووەتەوە، دەنا لە چەند ناوچەیەکی دیکەدا ڕای گشتیی بڤەیە! دەبێت پەرلەمانی داهاتوو گوێ بۆ ڕای گشتیی بگرێتو بزانێت ڕای گشتیی چ ڕێگایەک بە باش دەزانێت تا کێشەکانی ڕابردووی پێ چارەسەر بکرێت، خۆ ئەگەر گوێ بۆ ڕای گشتیی نەگیرێت ئەو کات هیچی جیاواز نابێت لەو پەرلەمانەی کە پێشتر خەڵک گلەییان لێی هەبوو، هەروەها ئەوەش بخاتەڕوو کە ناوچەگەرێتی باوی نەماوەو چیتر کورد بە هەموو ناوچەکانەوە یەکجۆر مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

ئـەگـەر سـەیـرێـکـی بـارودۆخـی لایەنەسیاسییەکانیش بکەین، دەبینین کە جیاوازی لەسەر پۆستەکانیان، تەنیا میدیاو ڕای گشتییە دەتوانێت پێدانی پۆستەکان بە لایەنی بەرامبەر دیـاری بکات، بۆ نموونە پێدانی پۆستی سەرۆکی حکومەت ئەگەر چـەنـدان ڕێککەوتنی ستراتیژیشی لە پشتەوەبێت ناتوانرێت وا بەئاسانی ببەخشترێت، ئەگەر ڕای گشتییو میدیاکان ئەو پۆستە ناچارنەکەنو یەکلایی نەکەنەوە!

دیسانەوە مایەی دڵخۆشییە لیستەکان دەیـانـەوێـت جـۆرێـک نزیکبوونەوەو کرانەوەی خۆیان بە جیهانی دەرەوە لە پەرلەماندا بەخۆوە ببینن، ئەوەشمان لەبیر نەچێت تەنیا میدیابوو ئەو ڕای گشتییەی خولقاندووە، دەبێت سیاسییەکان دەستخۆشی لـەو بـارودۆخـە بکەن کە ئێستا میدیای گرتووەتەوە، نەک پلانی سەرکوتکەرانە بگیرێتەبەر بۆ دروست نەبوونی ڕای گشتیی! خەڵکی ئێستاو جیهانیش بەرەو ئەوە دەچن کە ڕای گشتیی بتوانێت پەرلەمان بجولێنێت تا دانیشتن لەسەر ئەو بابەتە بکەن کە ڕای گشتیی دەیوروژێنێت، بەڵام بەداخەوە ترس هەیە لـەوەی هەر بە عەقلیەتی ناوچەگەرێتی بیربکرێتەوە وابـزانـن هـەر (خـۆیـانو خۆمان) خاوەنی کوردستانن، ئێستا خەڵک هۆشیاربووەتەوەو دەزانـن کە گەلێکین پێویستمان بە گفتگۆو ڕای گشتیی هەیە بۆ بڕیاردان لەسەر بابەتێک کە پەیوەندی بە زۆرینەی خەڵکەوە هەیە، دڵخۆشیشین بەوەی کە پەرلەمانی داهاتومان بتوانێت زۆرترین بابەت کە لە پەرلەماندا گفتگۆی لەسەر دەکەن ڕای گشتیی لەسەر دروستبکرێت، دەبێت پەرلەمانی داهاتوو کار بۆ ئەوەبکات ناوچەگەرێتی نەهێڵێتو خزمەتکردنی ناوچەکان وەکویەک پیادەبکرێت، ئیتر نابێت دان نەنان بە چەند ناوچەیەکی دیکەدا لەناو گەلی کوردا جێگەی ببێتەوە، هەموو کورد بەبێ جیاوازی خاوەنی کوردستانن، خاوەنی بیروبۆچوونی خۆیانن.

Goran_Penws@yahoo.com

# ئاراستەکانی دوای هەڵبژاردن



ئارێز سمکۆ (دهام) *

لەم سەدەیە کە تیایدا دەژین هەموو پێشکەوتنەکان لە لوتکەیەو بە جۆرێک هۆشمەندیی مرۆڤ بە تەواوەتی جیایە لە مرۆڤی چاخەکانیتر، ئەگەرچی باڵایەکی تەواو نییە، بەڵام بەرەو باڵابوون دەچێت. بۆیە مـرۆڤ ئێستا بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی پەنا دەباتە بەر شێوازێکی مۆدێرن، کە هەڵبژاردنە، دیارە ئەگەرچی لە دێر زەمانەوە شتێک هەبووە بە ناوی هەڵبژاردن، بەڵام بەم شێوازەی ئێستا نەبووە، بۆیە هەڵبژاردن لەم چاخەدا وەک سادەترین ئامرازی دیموکراسی پەنای بۆ دەبرێت. هەرێمی کوردستان لە نێو وڵاتێکی نغرۆ بوو بە ئاریشەی سیاسییو کۆمەڵایەتیو ئـابـووریو ئاسایشی وەک عێراق، جگە لەمەش کە هەرێمی کوردستان وەک دڵی خۆرهەڵاتی ناڤین لە هەموو دونیا چاودێری دەکرێتو بە وردی لێکدانەوە بۆ هەموو جومگەیەکو ڕابوونێکی دەکرێ، ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هـەرێـمـی کوردستانیش لـە مانگی ڕابردوودا نیشانەی ئاسۆکانی دواڕۆژی ئەم وڵاتـەی گـۆڕیو ئاراستەکانیشی لەگەڵ خۆیدا هاوپێچ کردەوەو نیشانیدا کە ئەم هەرێمە بەرەو ژیانێکو دۆخێکی دیکەی باشتر هەنگاو دەنێت.


دەتوانین بڵێین لەم هەڵبژاردنەدا ئەمە بۆ جاری یەکەمە تاکی کوردی هەستی بەوە کردبێت ئەوە خۆیەتی بڕیار لە چارەنووسی خۆیو نەوەکانیو ئایندەی وڵاتەکەی دەدات نەک چەکو شۆڕشو کودەتا، ئەگەر هەڵبژادنەکانی دیکە بە نموونە وەربگرین دەبینین کە تاکی کوردی بۆ مانەوەی نەتەوەکەی بەرەو سندوقی دەنگدان چووە، کەچی لەم هەڵبژادنەدا هـاوڵاتـی کـوردسـتـان بـۆ ژیانێکی ئاسودەترو نەوەیەکی خۆشگوزەرانتر ئاواتەکانی لە سندوفەکانی دەنگداندا جێهێشتو چاوەڕێی بەدیهێنانیەتی لە لیستەکاندا. لەلایەکی دیکەوە ئەم هەڵبژاردنە سەرباری ئەو هەموو ئەو تێبینییە زۆرانەی کە لەلایەن چاودێرانی قـەوارە سیاسییەکانو چـاودێـرە نێودەوڵەتییەکانو چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی، سەبارەت بەوەی کە لەلایەن هەندێ قەوارەی سیاسییەوە خروقاتو کـاری ساختەکارییو گزیکردنیان ئەنجامدا، بە جۆرێک کە گشت لایەنەکان سـکـاڵایـان لای کۆمسیۆنی بـاڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانە تۆمار کـردووە، کە ئەمەش بەڵگەی بوونی ساختەکارییە لە هەڵبژاردنەکەدا، لێ هێشتا جێگەی ئومێدەو بە دڵنیاییەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهـاتـوو زیاتر لـەوە تاکی کـورد هەست بە پێگەی خۆی دەکاتو ڕێگر دەبێت لە بەردەم ساختەکارییو، لەوە دڵنیا دەبێ کە زۆر ئاساییە مافە سیاسییەکانی خۆی بەبێ سانسۆر بەکاربهێنێت. بە بڕوایەکی زۆرەوە دەتوانم بڵێم لەم ساتەوە تاکی کورد هەستدەکات چیتر هێزی چەکداری ناتوانێت بەر لە ڕای ئەو بگرێتو شکۆی پێشێلبکات، بەشداریکردنی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەم ڕێژە بەرزەش بەڵگەیە بۆ ئەم ڕایەمان.

بە بۆچوونی من ئەم هەڵبژاردنە هیچ شتێکی نەکردبێت دڵنیاییەکی گەڕاندەوە بۆ ئەم هەرێمە کە دەشێ هەموو شتێکی تێدا تاقی بکەیتەوەو، لەوە دڵنیا بیت کە چیتر دیموکراسی تەنیا وشەیەکی یۆنانی نییەو دەشێ لەم هەرێمەی ئێمەش کرداریانە بەگەڕی بخەیت، ئەم ئومێدەم فانتازیا نییە ئەمە ریالیستێکی ڕووتەو لە شکۆی هاوڵاتیانی ئـەم هەرێمە هەستم پێی کـردووە، لەوەش دڵخۆشتر کە دەبێ هەموومان شانازی پێوە بکەین، قبولکردنی فرە ڕەنگیو فرە دەنگییە، لە هەموو شتێک ناشیرینتر ئەوەیە کە هەموومان وەک یەک بیر بکەینەوە، یەک ڕاییبوون لەسەر بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتـە سادەترینە ئامرازە بۆ بە دیکتاتۆر بوونی کۆمەڵگەو جەهالەتبوونی تاکەکانی، جێگەی پرسیار دەبێ کە هەموو کاربەدەستانی ئەم وڵاتە بەرگری لەم سیستمە بکەنو، تاسەر ئێسقانیش لەو لاوە هاوڵاتیان گلەییان هەبێت. شێرکۆ بێکەس لەم ماوەیەدا ڕاستی وت: خەرەندێک کەوتووەتە نێوان دەسەڵاتدارو هاوڵاتیانەوە.

بۆیەش ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە، کە ئاخۆ ئاراستەکانی دوای هەڵبژاردن چین؟ ئایا ئەو هێزو لیستانەی کە بەڵێنیان دابوو بە هاوڵاتیان تا چەند ئەم بەڵێنانە دەبەنە سەرو، بەجۆرێک دڵنیاییەک بۆ هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دروست بکەن؟ کە دەتوانن لە هەڵبژادنەکانی داهـاتـوودا لەسەر بنەمای کاری لیستەکان دەنگ بدەن، نەک مێژووی فیودالیزمو چەکدارییو شانو شکۆ، لەلایەکی دیکەوە تا چەندیش هێزەکانی دیکە دەبنە ئۆپۆزسیۆنێکی کارا لە پەرلەمانو هەموو شتە شاراوەکانی ئەم هەرێمە بۆ هاوڵاتیان ئاشکرا دەکەن؟، ئایا ئەو هێزانەی وەک ئۆپۆزسیۆن خـۆیـان نمایش دەکــەن، پێیەکیان لەناو حکومەت دەبێو ئەوەیتریان لە پەرلەمان دەبێ؟، یان بەڕاستی دەبن بە هێزێکی بەرەنگاربوونەوەی ڕاستەقینەو یەکەمجار لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەدەنو هــەوڵ دەدەن، کە ئاستی گوزەرانی چینەکانی خـوارەوە چاکتر بکەن؟.

* مافپەروەر

# لیستی گۆڕان ئومێدی خەڵکی ناڕازییە لە پەرلەمان



ئەبوبەکـر ئەحمەد سلێمان

لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٩/٧/٢٥) بۆ پەرلەمانی کوردستان، لیستی گۆڕان نیوملیۆن دەنگی خەڵکی کوردستانی بۆ خۆی مسۆگەر کرد، ئەمەش نزیکەی یەک لەسەر سێی دەنگی هەموو دەنگدەران دەکات، لە ماوەی تەنیا چەند مانگێکدا لیستی گۆڕان لە ڕووی سیاسیو پشتیوانیی جەماوەرییو هێزی پەرلەمانییەوە گەیشتە ریـزی پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، کە زیاتر لە (٥٠) ســاڵە حیزبی سیاسینو ماوەی (١٨) ساڵیشە حکومەتو دەسەڵاتی وڵات بەڕێوە دەبەن، جگە لەوەی خاوەن ئیمکانیاتی مادییو هێزی سەربازییو دامودەزگای ئەمنیو جاسوسین.

ئەم ڕێژەیە لە دەنگی خەڵکی ناڕازیی کوردستان پایە ئەساسییەکانی دەسەڵاتو هاوپەیمانییەتی ستراتیژیی یەکێتیو پارتی هەژاند، ئەم کاردانەوەیە لە هێزی جەماوەر نیشانەی ئەوەیە، کە بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان لە دەسەڵاتی ئەم دوو حیزبە ڕازی نینو دەیانەوێت بگۆڕێت.

سەرەڕای هەموو ئەو چاوسورکردنەوەو نانبڕینو گزیو تەزویرە لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەم دوو حیزبە نەیانتوانی ئەو ڕاستییە بشارنەوە کە خەڵکی کوردستان ناڕازییە لە دەسەڵاتی ئەوان، بۆیە ئیتر ئەم دوو حیزبە دەبێ بە ڕابـردووی خۆیاندا بچنەوەو ئەو ڕاستییە بزانن، کە لە سیستمی دیموکراسیدا تەنیا لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە دەتوانن دەســەڵاتو حکومڕانی وڵات بۆ خۆیان مسۆگەر بکەنو جەماوەری خەڵک دەتوانێت هەر لەو ڕێگەیەشەوە متمانەیان لێ بستێنێتەوە.

گۆڕان لە کوردستان بوو بە ئەمری واقیع، لیستی گۆڕان کە نوێنەرایەتی بەشێکی زۆر لە خەڵکانی ناڕازیی دەکـات بە (٢٥) کورسییەوە دەچێتە پارلەمان، بەڵام ئەرکی لیستی گۆڕان ڕۆژ بەڕۆژ قورستر دەبێت، لیستی گـۆڕان بۆ ئـەوەی ئەو جەماوەرە لە دەسـت نـەدات کە لە هەڵبژاردنەکانی ڕابـردوو دەنگی پێداوەو ڕێکیان بخاتەوە بۆ یەکلاییکردنەوەی دەستووری هەرێمو ململانێی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقو هەڵبژاردنی شارەوانییەکانو ئەنجومەنی پارێزگاکان، دەبێ لە پێش هەموو شتێکەوە بیر لە دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی بکاتەوە، بۆ ئەوەی بەپێی ڕێژەی نفوزو شـەرعیەتی پەرلەمانی ئیستحقاقاتی مادیی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

لیستی گـۆڕان بۆ ئـەوەی بەڵێنەکانی پێش هەڵبژاردن بۆ جەماوەر بکاتە کردەوەو بیانهێنێتەدی، پێویستە هەوڵی ئەوە بدات کوتلەیەکی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی بەهێز پێکبهێنێت لەگەڵ ئەو گروپو حیزبانەدا کە کۆمەڵێک ئامانجی هاوبەش لە دەوری یەک کۆیان دەکاتەوە.

ئەم کوتلە پەرلەمانییە لە ئۆپۆزسیۆن، دەبـێ لەپێش هەموو شتێکەوە لە هەوڵی ڕۆشـنـکـردنـەوەو هـەمـوارکـردنـی ئەو دەســتـووورەدا بێت، کە هــەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لە بەرژەوەندی خۆیان ئامادەیان کردووە بۆ ریفراندۆمو نەهێشتنی گەندەڵی ئیداریو هەروەها گۆڕینی شێوەی سیستمی بەڕێوەبردنی ئیدارەی وڵات لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان، هەموو دانیشتنەکانی پەرلەمانو بڕیارە نهێنییەکان بۆ جەماوەر ئاشکرا بکات جگە لـەو بـڕیـارانـەی کە پەیوەندییان هەیە بە ئەمنی قەومی هەرێمی کوردستانەوە، لیستی گۆڕان دەبێ کاری جدیی بکات بۆ ئەوەی سەروەتو سامانی وڵات لەدەست ئەم دوو حیزبە ئازاد بکرێتو بەڕێگەیەکی شەفافو شەرعیی خێرو بێری ئەم وڵاتە بۆ هەمووان بێت، پێویستە کار بۆ ئەوە بکرێت بەبێ جیاوازی ئینتمای حیزبیو غەیرە حیزبی فرسەتی کار بۆ خەڵکانی بێکار فەراهەم بکرێت، لیستی گۆڕان دەبێ کاری جدیی بکات بۆ چەسپاندی یەکسانی کۆمەڵایەتیو ڕێگرتن لە دابەشکردنی ئیمتیازاتی ناشەرعانەی حیزبیو بێ بەشکردنی جەماوەری بەرفراوانی خەڵک لە خێرو بێری وڵاتو بەرگری لە بەهەدەرچوونی سەروەتی نیشتمانی، لیستی گۆڕان دەبێ لە ڕێگەی پەرلەمانەوە بەدواداچوونی جدی بکات سەبارەت بە هەموو ئەو گرێبەستو پرۆژانەی کە حکومەتی یەکێتیو پارتی واژۆی کردوونو ئەنجامی داون لە ماوەی چەند ســاڵی ڕابـردوودا، دەبێ هەموو ئەو گەندەڵکارییانە بۆ خەڵکی کوردستان ڕۆشن بکرێنەوە کە بە هـۆی دەسـەڵاتی پەنجا بەپەنجای ئەم دوو حیزبە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابــردوودا بووەتە هۆی بەهەدەر دانی سەروەتی نیشتمانیو گەندەڵکارانیش بدرێنە دادگایەکی عەلەنیو بە بەرچاوی خەڵکی کوردستانەوە حسابو کتابیان لەگەڵدا بکرێت.

لیستی گـۆڕان لە پەرلەمانی ئایندەی کوردستاندا دەبـێ ڕاستگۆیانە وەڵامـی هەموو پرسیارەکانی دڵی خەڵکی کوردستان بداتەوەو کەینو بەینی نهێنی نێوان هەردوو حیزبی دەسەڵاتدا بۆ خەڵکی کوردستانو هەموو دنیا ئاشکرا بکات، تەنیا شتێک کە ئەم دوو حیزبەی خستووەتە یەک سەنگەرەوە لە دژی دیموکراسیو لە دژی گۆڕان بەرگری کردنە لە بـەرژەوەنـدی مـادیو کورسی دەســەڵات، سەرکەوتنی لیستی گـۆڕان لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٩/٧/٢٥) پایەو ئەساسی عەرشی دەسەڵاتی ئەم دوو حیزبەی هێناوەتە لەرزین.

لیستی گـۆڕان لە پەرلەمانی ئایندەی کوردستاندا، ڕووبـەڕووی دژوارتـریـن ڕێگرییەکانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار دەبێتەوە، هەر لە یەکەم ڕۆژی هەڵبژاردنەکانەوە ئەم ڕاستییە بۆ هەموو لایەک ڕۆشن بوو، ئەم دوو حیزبە لە هەڵبژاردنەکاندا لە ڕێگەی هەڕەشەو نانبڕینو گزیو تەزویرەوەو هەر لە سەرەتاوە ڕووبەڕووی دەنگی نارەزایەتی خەڵکی کوردستان بوونەوە، ئەوان ویستیان نەهێڵن گۆڕان ڕووبـدات، ئێستا گۆڕان کە بووەتە ئەمری واقیع ئەم دوو حیزبە هەوڵ دەدەن لەناو پەرلەمانیش ڕێگری بۆ دروست بکەن، یەکێتیو پارتی هەوڵ دەدەن بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان وەک دوو حیزبی براوەی هەڵبژاردنەکان نەهێڵن هیچ پرۆژەیەکی سیاسیو خزمەتگوزاری لیستی گۆڕان ببێتە بڕیاری پەرلەمان، بۆ ئەوەی نەهێڵن ئەو بەڵێنانەی کە لیستی گۆڕان داویەتی بە خەڵک بێنەدی، ئەوەندەی بۆیان بکرێت ڕێگری دەکەن لە پێشنیازو پرۆژەکانی لیستی گۆڕان، بۆ ئەوەی لیستی گۆڕان وەک ئومێدی خەڵکی ناڕازیی لەناو پەرلەمان تێک بشکێننو دایبڕن لە خەڵکی کوردستانو جەماوەریان لێ دوور بخەنەوە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بە هەر ڕێگەیەک کە بۆیان بکرێت پێشی پـێـدەگـرن. لیستی گـۆڕانو هەموو ئەو حیزبانەی کە ناڕازین لە ئەدای دەسەڵاتو گۆڕانخوازن لە سیستمی ئیدارەی وڵات، دەبێ دەنگی نارەزایەتی خۆیان یەک بخەنو بە پلانو بەرنامەیەکی تۆکمەوە وەک ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵات لە دەرەوەی حکومەت بمێننەوە، دەنا هەروەک ڕابردوو دەبنە پاشکۆی سیاسەتی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارو ناتوانن کەمترین بەرگریی بکەن لە مافەکانی خەڵکی کوردستان.

briar@live.co.uk

**لیستی گۆڕان دەبێ کاری جدیی بکات بۆ ئەوەی سەروەتو سامانی وڵات لەدەست ئەم دوو حیزبە ئازاد بکرێتو بەڕێگەیەکی شەفافو شەرعیی خێرو بێری ئەم وڵاتە بۆ هەمووان بێت، پێویستە کار بۆ ئەوە بکرێت بەبێ جیاوازی ئینیتمای حیزبیو غەیرە حیزبی فرسەتی کار بۆ خەڵکانی بێکار فەراهەم بکرێت**













چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩